# گێڕانەوەکانی هەڵقوڵاو لە خاکی شۆڕش

فرێد هالیدی
وەرگێڕ: عومەر باڵەکی

TISHK

KURD

# گێڕانەوەکانی هەڵقوڵاو لە خاکی شۆڕش

فرێد هالیدەی، لەیلا فەغفوری ئازەر و شاهین نەسیری

**وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی**

عومەر باڵەکی

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی

کوردستان

**TISHK BOOK**

٢٠٢٥ی زایینی

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ناوی کتێب: گێڕانەوەکانی هەڵقوڵاو لە خاکی شۆڕش
ناوی نووسەر: فرێد هالیدەی، لەیلا فەغفوری ئازەر-و شاهین نەسیری
وەشانخانە:  ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: بۆن، ئاڵمان
ساڵی چاپ:بانەمەڕی  ٢٧٢٥
ژمارە: ١٥
بەشی فارسی ئەم کتێبە لە لایەن وەشانخانەی باران لە سۆئێد بڵاوکراوەتەوە و ئیزنی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک پارێزراوە.
www.baran.se

ISBN 978-3-68939-010-5
eISBN 978-3-68939-011-2
ISSN 3052-2242
https://doi.org/10.69939/TISHK0015

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln

**نووسین:**

فرێد هالیدەی، لەیلا فەغفوری ئازەر-و شاهین نەسیری

**وەرگێڕ:**

عومەر باڵەکی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

ژیندا

**دیزاین:**

سان

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی

کوردستان

**TISHK Book**

**٢٠٢٥ی زایینی**

**ژمارە (١٥)**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک

TISHK

Zentrum für Studien über Kurdistan

# پێڕست


پێشەکی ........................................... ٧
پاکنیژاد و ئەزموونی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی ............... ١٧
ساڵی سێهەمی شۆڕش ................................ ٣٣
دیکتاتۆری لەژێر ناوی ئیسلام ............................. ٤١
ڕۆڵێک کە ئەمریکایی‌یەکان گێڕایان، قێزەون بوو ................. ٤٩
ڕووحانییەت دەستی بەسەر شۆڕشدا گرت ...................... ٦١
من ئیدۆلۆژیم تێک شکاند ............................ ٧١
بوونی ئێمە تەنیا هەڕەشە و مەترسییە لەسەر خومەینی ................ ٨١
گەورەترین کۆسپ، خودی خومەینییە! ........................ ٩٣
هەموو دژبەرانی نیزام دەبێ بکوژرێن .......................... ٩٧
ئەمڕۆ، میراتی موسەدیق ................................ ١٠١
ئێمە لەنێو دوو شەپۆلدا دەژین ............................. ١٠٩
سەرچاوەکان ........................................ ١١٣

# پێشەکی

ئازادی ئەو وشە جوان و خۆشەویستەیە کە هیچ کەس ناتوانێ لە بیری بکا: ئازادیی مرۆڤ لە بەندی برسییەتی، نەخوێندەواری و نادادپەروەری، زوڵم و چەوسانەوە، دەستەواژەکانی کۆن کە پارێزەری بەرژەوەندیی مرۆڤە بە دژی مرۆڤەکانە(.....) چۆن دەتوانین لەنێو خەڵکێکدا بژین کە لەژێر پەنجەی چەوسانەوە، برسییەتی، نەخوێندەواری و ترس و دڵەڕاوکێدا دیل و ئەسیرن، ئێمەش هەست بە ئازادی بکەین؟(.....) مرۆڤایەتی لە سەردەمی ئێستادا لەو ڕاستییە گەیشتووە کە هەتا ئەوکاتەی لەسەر گۆی زەوی مرۆڤێکی زیندانی، برسی، زوڵم لێکراو، بێبەشکراو و بێفەرهەنگ هەبێ، ئازادی تەنیا و تەنیا وشەیەکی بێ ناوەرۆک و بەتاڵ و بێمانایە.

(شوکروڵڵای پاکنیژاد، ١٣٥٦ه.ش، پارێزگاری لە خۆکردن، لاپەڕەی ٦٤[1])

٤١ ساڵ لەوەپێش، ڕووداوێکی شاز و تایبەت لە وڵاتی ئێران ڕووی دا کە لە ئەدەبیاتی جیهاندا بە شۆڕشی ئێران ناسراوە، بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و چینایەتیی ئەو وڵاتەی بەتەواوی سەروژێر کرد. بێشک زۆربەی ئێرانییەکان کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەپێی توانای خۆیان لە سەرهەڵدان و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا ڕۆڵیان هەبوو، نەیاندەتوانی بەدروستی ڕۆژی ڕوودانی ئەو ڕووداوە لە زستانی ساڵی ١٣٥٧دا پێشبینی بکەن. بە خەیاڵی هیچ کەسدا نەدەهات کە بارودۆخی زەمانی و مەکانیی ئێرانییەکان ئاڵوگۆڕی وای بەسەردا بێ کە "اعلیحضرت همایونی" لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەدوای سەرپەنایەکدا بگەڕێ و چاپخانەی بانکی ناوەندیی ئێران، وێنەی نوێنەری خوا لەسەر زەوی، لەسەر پارە و پووڵی ئێرانی چاپ بکا. لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕش، ڕەنگە زۆربەی ئێرانییەکان ئاوات و ئارەزووی ئەوەیان هەبووبێ کە پێگە و کەسایەتیی سەرکوتکراو و بێحورمەتی پێکراویان لەو پێکهاتە نوێیەی دوای شۆڕش هاتبووە ئاراوە، قەرەبوو بکرێتەوە و بێتەوە جێگای خۆی. بەڵام بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە ترپەی دڵی ئەو کۆمەڵگە ڕاپەڕیوە بە دروشمی "ئیستقلال، ئازادی" لەنێو دەندەکانی جەنجەڕی سەرکوت، ئیعدام و شەڕ لە لێدان بکەوێ.

گێڕانەوەی ڕەسمی لە شۆڕش لە ئێران زۆر سادە و ساکارە: " ئەو شۆڕشە، شۆڕشێکی تەواو ئیسلامی بوو. ماوەیەکی زۆر بوو بە ڕێبەریی کەسێکی بێهاوتا و هەڵگری ڕووحی خوا بە مەبەستی وەدیهاتنی فەرمانڕەواییی نوێنەری خوا لەسەر زەوی، بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو و کاری لەسەر دەکرا. بەو حاڵەوە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش کەسانێک و دەستە و تاقمی "هەلپەرەست"، "تینووی دەسەڵات"، "ئەهلی دووبەرەکینانەوە"، "لە خوا بێخەبەر"

---

١- شوکروڵڵای پاکنیژاد،(١٣٥٦) پارێزنامەی هوشەنگ ترگل، مەسعوود ڕەجەوی، محەممەد بازرگان و شوکروڵڵای پاکنیژاد. کۆنفێدراسیۆنی جیهانیی قوتابیان و خوێندکارانی ئێرانی – لاپەڕەکانی ٤٥- ٦٨.

و"سەرسپێردراوی بێگانە" سەریان هەڵدا کە ئامانجیان دوژمنکارانە و مەبەستیان لادانی شۆڕش لە ڕێڕەوی ئەسڵیی خۆی بوو. سەرەنجام ویستی خواوەند و توانای ڕێبەریی شۆڕش بوو بە هۆکار کە ئەو دەستە و گرووپانە لە دەستوێڕاگەیشتنیان بە ئامانجی دوژمنکارانەیاندا سەرکەوتوو نەبن."

لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئەو"کەلان ڕەوایەتە" لەگەڵ سیناریۆی زۆر و کەم هاوشێوە لە تەواوی کتێبە دەرسییەکان، تریبۆنی گشتی، فیلمەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکاندا دەبیندرێ. بەپێی ئەو گێڕانەوەیە، مێژوو و بەستێنی شۆڕش لە ڕۆڵی خومەینی و لایەنگرانیدا کورت دەکرێتەوە و جێگایەک بۆ بوونی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران لە چوارچێوەی وێنە و ئارشیوەکاندا نامێنێتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەو نەسلەی شۆڕشی کرد، بەدوای چ ئامانجگەلێکەوە بوو؟ ئەوڕۆ دوای چوار دەیە لە ڕوودانی شۆڕشی ئێران، وڵامەکان نەک تەنیا جیاواز، بەڵکو زۆر جاران دژ بەیەکن. هێندێک لە کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕووحانییەت خیانەتی بە ئامانج و ئارمانەکانی شۆڕش واتە" ئیستقلال، ئازادی" کردووە. ئەو دەستە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بە "دزی شۆڕش" ناو دەبا. دەستەیەکی دیکە لە بەشدارییان لە شۆڕش پەژیوان و شەرمەزارن، هەر کاتێکیش باسی شۆڕش دەکەن بە بوومەلەرزەیەکی وێرانکەری دادەنێن. جگە لەوانە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، ڕاگەیەنە گشتییەکانی خاوەن‌سەرمایە هەوڵیان داوە بە هێنانە کایەی سیناریۆیەکی دیکە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە گێڕانەوەی ڕەسمی لە شۆڕش بکەن. لەو سیناریۆ جێگرەوەدا بە باسکردن لە سەرهەڵدانی هەرج ومەرج وبێ‌نەزمی لە کۆمەڵگەدا و لێکەوتەی کارەساتی مێژوویی وێنای شۆڕش بەو جۆرە دەکەن کە ئەو شۆڕشە بووەتە هۆکاری وێرانیی ئێرانێک کە لە حاڵی پێشکەوتندا بوو، لە هەمان کاتدا تەرکەوەتەن و ئاوارەبوونی شا و بنەماڵەکەی کە خاوەنانی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە بوون.

ئەوە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە کە گێڕانەوەی ئاوا دژ بە یەک لە شۆڕشی ئێران ڕەنگدانەوەی پێگەی جۆراوجۆر و تێڕوانینی هەر کەسێک یان گرووپێکە کە بە شێوەی لاوەکی یان ئاشکرا لە پانتاییی کۆمەڵگەی ئێران و سیاسەتدا بۆخۆی وێنا دەکا. بەڵام کۆمەڵگەی لاوی ئێران کە نێونجیی تەمەنیان لە تەمەنی شۆڕش کەمترە بەزەحمەت دەتوانن ڕێگا بۆ هەڵسەنگاندنی بێ‌گرێوگۆڵی ئەو ناتەبایی‌یانە بدۆزنەوە و دادوەری بکەن. هۆکاری ئەو دژوارییانەی سەر ڕێگا جۆراوجۆرن: یەکەم بەهۆی ساختاری سانسۆر لە نیزامی پەروەردەی ئێراندا و نیشاندانەوەی مێژووی هاوچەرخ و گێڕانەوەی هەڵە و چەوت لەسەر بنەمای قارەمانسازی و دژبەرەکەی و بانگەشە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە بە دوو بەشی چاک و خراپ و ئەو حەق و ناحەقییانەی پێشتر لە لایەن نیزامەوە پێناسە و تایبەت کراون کە هەموویان لە خزمەتی دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی نیزامی دەسەڵاتداردا بن.

بەو چەشنە گێڕانەوەی مێژوو، بێ‌ئەوەی کەمترین پابەندی هەبێ بە دیتنەوە و ناساندنی

ڕاستییەکان و نەبوونی بچووکترین دەرفەت بۆ بیستنی دەنگی سەرکوتکراوەکان، ڕێگا بۆ هیچ خوێندنەوەیەک ناهێڵێتەوە. هۆکاری دیکە ئەوەیە کە زۆربەی هاووڵاتییانی ئێستای ئێران یانی نزیکەی ٧٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێستا، لە ڕوودانی شۆڕشی ئێراندا بەشدار نەبوون و هیچ بیرەوەرییەکیان لە بەشداری لە شۆڕشدا نییە، هەتا بتوانن لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووییدا هاوکارییان بکا. بەڵام هۆکاری سێهەم دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی ئاڵۆز و چەندلایەنەی دیاردەی شۆڕش لە تەواوییەتی خۆیدا. بە چەشنێک تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی لە سەرهەڵدان و بەردەوامیی ئەو شۆڕشەدا ڕۆڵیان هەبووە و چالاکانە بەشدار بوون، وەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕوون و کاریگەر زۆر دژوارە، تەنانەت هێندێک جار نامومکینە. بێ هۆ نییە کە زۆربەی لێکۆڵەرەکان بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی وەک فەڕانسە بۆ شۆڕشی ١٧٨٩، لە ڕووسییە بۆ شۆڕشی ١٩١٧ و لە چین بۆ شۆڕشی ١٩٤٩ دەگەڕێنەوە هەتا لایەنە نەناسراوەکانی ئەو ڕووداوانە بخەنە ژێر وردبینی و بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لێیان بکۆڵنەوە. بەڵام مێژووی شۆڕشی ئێران وەک گۆزەیەکی شکاوە کە هەر لەتەی بۆ لایەک توور هەڵدراوە و بەداخەوە لەتکی گەورە و گرینگی ژێرخاک کراوە. بۆ تێگەیشتنی ئەو بەشە لە ڕاستی و دروستیی مێژوو کە لە پشتی هەر پارچەیەک لەو گۆزە شکاوە کە بەملاولادا توور هەڵدراوە، دەبێ جارێکی دیکە زەوی بکێڵدرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ لەتکە گۆزە ژێرخاککراوەکان ببینینەوە و چاویان تێ ببرین و ئەوان لە بەرانبەر ئەو گێڕانەوانەی هەتا ئێستا بە ئێمە نیشان دراوە، بە قورس و قایمی پێشانی ئەوانەی بدەین کە خوازیاری دیتنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕشی ئێرانن.

ئامانج لە کۆکردنەوە، وەرگێران و چاپکردنی ئەو وتووێژانەی بەردەست لەو کتێبەدا ئەوەیە کە لە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ بەشێک لە یاریزانانی ئەسڵیی ئەو شۆڕشە یەکێک لە پارچە ژێرخاککراوەکانی گۆزەی شۆڕشی ئێران لەژێر خاک بێتە دەر و بکەوێتە بەردەستی خوێنەر.

ئەو وتووێژانە "فرێد هاڵیدەی" (١٩٤٦-٢٠١٠) ڕووناکبیر و ڕۆژهەڵاتناسی ئیرلەندی، نزیکەی سێ ساڵ دوای ڕوودانی شۆڕش لە ئێران لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسی و لایەنە جۆراوجۆرەکان کردوویەتی. لە زۆربەی ئەو وتووێژانەدا ویست، داواکاری و شێوەی تێڕاونینی هێزە سیاسییەکانی دژبەری حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ویلایەتی فەقیهی ڕەنگی داوەتەوە. "هاڵیدەی" تەواوی ئەو وتووێژانەی لە چوارچێوەی پرۆژەی زانیاری، ئیتلاعات و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە بردووە کە زۆربەی ئەوانە لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی گۆڤاری "مریپ ریپۆرتز" MERIP Reports چاپ و بڵاو بوونەتەوە. ناوبراو لە تەواوی ژیانی زانستگاییی خۆیدا بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و زانستی کاری لەسەر پرسە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران کردووە و کتێب و وتاری زۆری لەو پێوەندییەدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ناوبراو هەتا کاتی خانەنشینی، مامۆستای قوتابخانەی ئابووریی لەندن بووە و لە ساڵی ٢٠١٠م بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی‌دوایی کرد. هاڵیدەی لە وەسف

و هەڵسەنگاندنی خۆی لە بارودۆخی گشتیی ئێران لە سێهەمین ساڵی دوای شۆڕش وەک ناسێنەری کۆمەڵگەی ئێران ئاماژە بە سێ تەوەری گرینگ دەکا. بە باوەڕی ئەو، حکومەت بە کونترۆلی بارودۆخەکە، سەرکوتی بەربڵاو، بە پاڵپشتیی هێندێک سەرکەوتن لە شەڕ لەگەڵ ئێراق و دەستەبەربوونی هێندێک سەرکەوتنی ئابووری، هەتا ڕادەیەک توانیویەتی پێگەی خۆی سەقامگیر بکا. لە بەرانبەردا ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریی هێزە سیاسییەکان حکومەتی پێک هێناوە و خەریکی داڕشتنی پلان و بەرنامەیە بۆ چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیی تاران. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، بارودۆخی وڵات و حکومەت بە گشتی هەروەک سێ ساڵ لەوە پێشە، بۆیە هیچ شتێک پێشبینی ناکرێ.

هەروەکی لە دواییدا بە دوورودرێژی لە وتووێژەکاندا دەخوێنینەوە، بەگشتی بارودۆخی سیاسیی ساڵانی دەیەی ٦٠ه.ش بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە کاتی ڕوودانی شۆڕش و ڕووخانی نیزامی پاشایەتیدا ڕۆڵی دیار و بەشداریی چالاکانەیان هەبووە، تۆقێنەرو پڕ کێشە و گرفت بووە.

لە سەرەتای هەر وتووێژێکدا ژیاننامەیەکی کورتی ئەو کەسە نووسراوە کە وتووێژی لەگەڵ کراوە. داڕشتنی ئەو ژیاننامانە بە سرنجدان بەو وتووێژانە کراوە کە لەگەڵ ئەو کەسانە بەرێوە چووە و هەوڵی سەرەکی ئەوە بووە هەتا بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە دەستەبەندیکراوەکان و ناوەرۆکی بەڵگەکانی مێژووی زارەکی، کەسایەتیی کەسەکان و گەڕانەوە بۆ ناوەرۆکی قسەکانی خۆیان ئەو ژیاننامانە دابرێژرێن. جگە لەوانە، ژێرنووسەکانیش بە لەبەرچاوگرتنی وردەکاریی تەواو بە گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە داڕێژراوە بۆ ئەوەی هاوسەنگ بن لەگەڵ وتووێژەکان.

*عیزەددین حوسێنی ناسراو بە مامۆستا یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی مەزهەبیی کوردە، گرینگترین داواکاریی مامۆستا وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بۆ خەڵکی کورد و خودموختاری بۆ کوردستان بوو. داواکارییەک کە لە هەر دوو نیزامی پاشایەتی و مەزهەبیدا بەتوندی سەرکوت کرابوو. مامۆستا ڕوانگەکانی خومەینی بەپێچەوانەی ڕووحی ئیسلام دەزانی و پشتیوانیی هەر هێز و لایەنێک دەکا کە دژبەری خومەینی بێ. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئیسلام و سۆسیالیزم لەگەڵ یەک تەبان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێبەرە مەزهەبییە سەبارەت بە شۆڕشی ئێران دەڵێ کە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕش شەڕ بۆ دامەزراندنی دێموکراسییە و لە قۆناغی دووهەمدا سەرەنجام کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی پێک دێ.

*شاپووری بەختیار، کۆتا سەرۆک وەزیرانی شا و ڕێبەری "نهضت مقاومت ملی" بەتوندی

لەگەڵ ڕوودانی شۆڕش دژایەتی هەیە و زۆربەی هێزە سیاسییەکان بە هۆکاری یارمەتیدانی خومەینی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات سەرکۆنە دەکا. ناوبراو ناکۆکیی نێو دەزگای حاکمەی ئەمریکا کە بە وتەی ئەو لە لایەک جیمی کارتەر لە بەختیار و لە لایەکی دیکەوە پێنتاگۆن لە شۆڕشگێران پشتیوانیان دەکرد، ئەوە بە گرینگترین هۆکاری سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی شۆڕش دەزانێ. ڕووداوێک بە وتەی بەختیار دەتوانرا بە پشتیوانیی ئەرتەش پێش بە ڕوودانی بگیرێ. بەختیار بە شێوەیەکی تایبەت باس لە ڕۆڵی سەرەکیی بەنیسەدر دەکا لە پشتیوانیی خومەینی و سەرکوتی بەردەوامی نارازییان لەو حکومەتە. بەختیار بەو هۆکارانە بەنیسەدر وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن بەڕەسمی ناناسێ. بەختیار لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی سیاسی لە ئیسلام موخالیفە و لە ڕوانگەی ناوبراو ئێران پێویستی بە حکومەتێکی "مەشرووتەی سێکۆلار" هەیە کە مەیلی بەلای سۆسیال دێموکراتدا هەبێ.

*عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خودموختاری بۆ کوردستانی لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران بە داوا و ویستی سەرەکیی خەڵکی کورد دەزانێ و پرنسیپێکی گشتی بۆ ئەو داوایە دەخاتە بەر سەرنج. ئەو ڕۆژانەی قاسملوو هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شەڕی خوێناوی لەگەڵ سپای پاسداران و ئەرتەش ڕێبەری دەکرد، سێ سیناریۆی گشتی بۆ دوارۆژی ئێران وێنا دەکا: یان هێزە پێشکەوتنخواز و دێموکراتیکەکان نیزامی حاکم دەڕووخێنن کە لەو حاڵەتەدا دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بابەتێکە لەبەردەستدایە. جگە لەوە یان بارودۆخی نێوخۆی ئێران دەکێشێتە شەڕێکی درێژخایەنی نێوخۆیی و یان دەوڵەتی ئەمریکا بە پشتیوانیی لایەنگرانی لە نێوخۆی ئێران هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە.

*ئەبولحەسنی بەنیسەدر کە لە کاتی وتووێژەکاندا ماوەیەکی زۆر نەبوو لە پۆستی سەرۆککۆماری لادرا بوو. باس لە بیردۆزی ئابووری لەسەر بنەماکانی ئیسلام دەکا. بەپێی گێڕانەوەی بەنیسەدر قسە جوان و دڵرفێنەکانی خومەینی لە پاریس وەرگێردراوی بۆچوون و ڕوانگەی ئازادیخوازانەی ئەو بووە کە لە دواییدا خومەینی پێیان پابەند نەبوو. بەنیسەدر کارنامەی سەرۆککۆماریی خۆی لە کونترۆڵی قەیرانەکانی ئابووری و فەرماندەییی شەڕ لەگەڵ عێراق بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنێ. ئەو باوەڕی وایە کە بەهۆی لەقاودانەکان و هەڵوێستە سیاسییەکانی بەتەنیا توانیویەتی ئایدۆلۆژیی خومەینی تێک بشکێنێ.

*مەسعوود ڕەجەوی، ڕێبەری سازمانی موجاهیدینی خەڵق ناکۆکیی نێوان ئیسلامی دێموکراتیک و ئیسلامی کۆنەپەرەست شی دەکاتەوە و باسی ئازادییە سیاسییەکان، بەرابەریی ژنان و حورمەتدانان بۆ مافی کەمایەتییە مەزهەبی و نەتەوایەتییەکان دەکا. ڕەجەوی پێی وایە خومەینی کەسێکی زیرەک و هوشیارە کە بە کەڵکوەرگرتن لە بەتاڵاییی دەسەڵات و سازماندانی دامەزراوە مەزهەبییەکان سواری شەپۆلی شۆڕش بوو. ڕەجەوی باسی ڕەوتی گەشەکردنی سازمانی موجاهیدین دژی خومەینی دەکا و سازمانی موجاهیدین

بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر حاکمییەتی مەزهەبی دادەنێ. بە باوەڕی ئەو گرینگترین داواکاریی خەڵکی ئێران، ڕووخانی ئیستبدادی مەزهەبی حاکم و دامەزراندنی کۆمارێکی دێموکراتیکە لە ئێران. ویست و داوایەک بە قسەی ناوبراو لە دواڕۆژێکی نە زۆر دوور لەسەر دەستی موجاهیدینی خەڵق دێتە دی.

*مەنووچێهر هەزارخانی ئەندامی کانوونی نووسەران، ئاماژە بە بارودۆخی نالەبار و خراپی نووسەران لە ئێراندا دەکا. ناوبراو کە باسی دواڕۆژ دەکا، هەتا ڕادەیەک بە پارێزەوە وێنای دەکا. هەزارخانی لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرکوتی خوێناوی و بەربڵاو لە لایەن حکومەتەوە گەورەترین کۆسپ بووە لەسەر ڕێگای هاندانی گشتیی خەڵک و سازماندانی مانگرتنەکان. هەزارخانی لە ڕێبەریکردنی موبارەزە ڕۆڵی گەورە بە سازمانی موجاهیدینی خەڵق دەدا. بەوحاڵەوە، ئەو نووسەرە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هیچ هێزێک بەتەنیایی ناتوانێ لە ئێران دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و پێویستە پلۆرالیزم بەڕەسمی بناسرێ.

*سادقی خەڵخالی، حاکمی شەرع و نوێنەری مەجلیس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بێ خوێنڕشتن و لادانی هێزە نارەسەنەکان غەیرە مومکین دەبوو. بە گوتەی ئەو، دژکردەوەی توند دژی قاچاغچییانی مادده هۆشبەرەکان و ئیعدامی ئەوان بۆ ڕزگارکردنی گیانی میلیۆنان لاوی ئێرانی بووە و لە جێدا کارێکی پێویست بوو. خەڵخالی وڵاتانی ڕۆژاوایی بە دووڕوویی تۆمەتبار دەکا و پێداگرە کە ئەو وڵاتانە هیچ مەشرووعییەتێکیان بۆ ڕەخنە گرتن لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلا نییە.

*هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری لە ڕێبەرانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی، سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕوودانی شۆڕشی ئێران ئیشارە بە غافڵگیربوونی هێزەکانی سێکۆلار لە بەرەبەرەی شۆڕش دەکا و لە هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێ کە هێزەکانی سێکۆلار هیچ زانیاریی پێویستیان سەبارەت بە چینی ڕووحانییەت نەبوو کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران بەرنامەڕێژی و سازماندەیی‌یان کردبوو. ناوبراو شێواز و چۆنیەتیی پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی و هۆکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەتی مەزهەبی باس دەکا و هەوڵەکانی ئەوان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێکی گشتگیر لە بەرانبەر نیزامی حاکمدا بە ئەرکێکی گرینگ دادەنێ. لە بەشی دووهەمی وتووێژەکەدا، مەتین دەفتەری لێکدانەوەی چەندوچۆنیی ڕوودانی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دەکا و لە درێژەدا ئیشارە بە ڕۆڵی حیزبی توودە، بناژۆخوازەکانی ئیسلامی و دەرباری شا وەک گرینگترین هۆکارەکانی نێوخۆیی بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی موسەدیق دەکا. ناوبراو هەروەها مەرگی ستالین و هاتنەسەرکاری "ئایزنهاور" و"چرچیل" بە گرینگترین هۆکاری دەرەکی بۆ ڕوودانی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ دادەنێ. لە ڕوانگەی مەتین دەفتەرییەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی پێویستە هاوپەیمانیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پاڵپشت بە میراتی موسەدیق پێک بێ.

*شوکروڵڵای پاکنیژاد سۆسیالیستی ناسراو، زیندانیی سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی، لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەو وتووێژە بەناچاری تێکۆشانی سیاسیی خۆی بەشێوەی نهێنی درێژە دەدا. ناوبراو بارودۆخی شۆڕش بە دەریایەک دەشوبهێنێ کە لەنێوان کارتێکەریی هێزەکانی کۆنەپارێز و پێشکەوتنخواز لە هەڵکشان و داکشانی مێژوودا لە حاڵی حەرەکەتدایە. ناوبراو لە سەرەتای شۆڕش لەگەڵ بیرۆکەی دروستبوونی کۆماری ئیسلامی دژایەتی هەبوو و هەر ئەوکات ئیدعای دامەزرێنەرانی ئەو نیزامە لەمەڕ ڕزگاریدەری و ئازادیخوازیی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. لە لایەلای قسەی ناوبراودا دەتوانرێ هەست بە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەسەر بنەمای چینایەتی لەنیوان هێزە چەپ، دێموکرات و کەمایەتییە نەتەوەیییەکان بکەی. بەپێی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی پاکنیژاد هەتا هێزە پێشکەوتنخوازەکان پێکەوە یەکیان نەگرتووە، دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نیزامی حاکم خۆ بپارێزین.

بەو جۆرەی لە نێوئاخنی ئەو وتووێژانەدا دەر دەکەوێ، تەواوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە لایەن نیزامی حاکمەوە تۆمەتبارن بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی بێگانە و وەرگرتنی یارمەتی لە هێزە دەرەکییەکان. ئەو تۆمەتانە بەدرێژاییی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن نیزامی حاکمەوە لە زۆربەی هێزە دژبەرەکان دراوە و لەو ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین ئەو کارە وەک کەرەسەیەکی تەبلیغاتی و پروپاگەندەی حکومەت بۆ لێ ئەستاندنەوەی مەشرووعییەت لە دژبەرانی خۆی بەکاری هێناوە. لەگەڵ بوونی جیاوازی لە لێکدانەوەکان و هەڵوێستەکان، یەک توخمی هاوبەش لە تەواوی وتووێژەکاندا بەڕوونی وەبەرچاو دەکەوێ: هەموو ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەو باوەڕەن کە دوای مەرگی خومەینی ئەو نیزامە ناتوانێ دەوام بێنێ.

ئەو تێڕوانینە لە پێداچوونەوەی مێژوو و لەو سەردەمەی کە وتووێژەکانی تێدا کراوە، تێڕوانینێکی خۆشبینانە دێتە بەرچاو. هەروەها مەودای نێوان لێکدانەوەکان و ڕاستییەکانیش کارێکی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کە لە جێگای خۆیدا پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و هەمەلایەنە هەیە. لەو وتووێژانەدا جاروبار باسی ڕۆڵی حیزبی توودە، سازمانی شۆڕشیی زەحمەتکێشانی کوردستان"کۆمەڵە"، نێهزەتی ئازادی، بەرەی نەتەوەیی، لێکدابڕانی نێوخۆییی چریکە فیداییەکانی خەڵق و جەناحبەندییەکانی زۆرینە و کەمینە و گرووپە چەپەکانی دیکە، ئیشارەی پێی دەکرێ. پێویستە سرنج بخەینە سەر ئەو خاڵە کە لەو وتووێژانەدا ڕوانگە و لێکدانەوەی هیچ کام لەو ڕەوتە سیاسییانە لە لایەن نوێنەری ڕەسمیی ئەوانەوە باس نەکراوە و هەڵوێستەکانی ئەوان زۆر و کەم بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە وێنا کراون.

تەنیا ماوەیەک دوای ئەو وتووێژانە، شوکروڵڵای پاکنیژاد بێ دادگایی ئێعدام کرا. پاش چەند مانگان، دوای قسەکانی مەسعوود ڕەجەوی، هاوسەرەکەی ئەشرەف ڕەبیعی و هاوسەنگەری دێرینی موسا خیابانی لە یازدەیەمین ساڵوەگەڕی "سیاهکل" بەدەستی هێزە

ئەمنییەتییەکان و سپای پاسداران لە ماڵێک لە شەقامی ″زعفرانیە“ی تاران گەمارۆ دران و لە شەڕێکی نابەرابەردا کوژران. ماوەیەک دواتر، جووڵانەوەی چەکداریی کوردان لە کوردستان بەتوندی سەرکوت کرا و ڕێبەرەکەیان عەبدولڕەحمان قاسملوو لە هاوینی ١٣٦٨ی هەتاوی تەنیا یەک مانگ دوای مەرگی خومەینی لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا. نزیکەی دوو ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، تیرۆریستەکان دوای چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی شاپوور بەختیار سەرەنجام توانییان ڕێبەری ″نهضت مقاومت ملی″ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە تیرۆر بکەن. لە دەیەی سەرەتای شۆڕش ناوی هەزاران لاوی ئازادیخواز و خەباتکار لە ڕۆژنامەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکان کەوتنە ژێر سەردێڕەکانی ″ئەشکەنجە″، ″زیندان“، ″گۆڕی بەکۆمەڵ“ و″ تیربارانی بەکۆمەڵ″.

ئەمڕۆ ئیدی مامۆستا لە سوئید و دوور لە نیشتمانی خۆی کۆچیدوایی کردووە و بە خاک سپێردراوە و بەنیسەدر(٩ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢١ لە تەمەنی ٨٨ ساڵی لە پاریس کۆچیدوایی کرد. وەرگێر)، هیدایەت مەتین دەفتەری و مەنووچێهر هەزارخانی لە دەیەی هەشتای تەمەنیاندا لە تاراوگە دەژین.

ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو وتووێژانەی نێو ئەو کتێبەدا خۆی دەر دەخا، تەنیا گۆشەیەکە لە مێژووی ژێرخاککراوی گەورەترین ئاڵوگۆڕ لە پانتاییی سیاسیی ئێران کە بەدەستی خەڵکی ئەو وڵاتە هاتە ئاراوە. سادە و ساکارترین خوێندنەوە بۆ ئینقلابی ئێران ئەوەیە کە بە “مێژووی ئەشکەنجە″ دابندرێ بۆ ئەوەی لەژێر باری بەرپرسایەتیی ڕۆشنگەری لە بەرانبەر ئەوەی ڕووی داوە و ڕوو دەدا، شان خاڵی بکرێ و باسی سەقامگیریی وێژمانی حکومەت بکەین. بەڵام خوێندنەوەیەکی دیکە، مێژووی ئەو خەباتە بە ″مێژووی بەربەرەکانی و خۆڕاگری″ دادەنێ. خۆڕاگرییەک کە لە ڕۆژی دوای ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دیسان گیانی وەبەر هاتەوە بۆ ئەوەی بلێسەی ئازادیخوازی و ئازادی و بەرابەری بۆ هەر نەسلێک لە خەباتگێڕان کە لە بەرانبەر ئیستبداد و چەوسانەوە ڕاپەڕیون، بە ڕووناکی بهێڵێتەوە.

گێڕانەوەیەک لە مێژوو کە ئەورۆ بە تێپەڕبوون لە نووکی پێنووسی ئێمە و بە ڕاگرتن لە سینەکانمان و گواستنەوەی بۆ نەسلی دوارۆژ لە بەرانبەر دوو تێڕاوێنیندا قەتیس ماوە و هیچ هەڵبژاردنێکی تێدا نییە. لە لایەک هەڵبژاردن لەنێوان ڕەچەڵەکناسیی ویستی سەرکوتکراوەکان یان بەهێزکردنی تێڕوانینی حاکمی حاکمان و خاوەنانی سەرمایە. لە سەردەمانێکدا وێنەی ڕاستی بەئاسانی بەلاڕێدا دەبرێ و ئەوە ئینسانە کە دەبێ بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە، مێژوو لە بەندی فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە ڕزگار بکا. بەو جۆرە کە “والتر بنیامین″ بە ئاشکرا دەیبینێ و نەریتی سەرکوتکراوەکان فێری ئێمە دەکا. ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە لەودا دەژین، لە ژیانی سەرکوتکراوەکاندا بابەتێکی دەگمەن و جیابووەوە نییە،

بەڵکو ڕەوتێک هەموو کات حاکم و زاڵە[1]. ئێمە نیازمان بە تێگەیشتنێک لە مێژوو هەیە کە لە بارودۆخە بگا و وڵامی بۆی هەبێ هەتا ڕەنگە ڕۆژێک لە وڵاتی ″خاوەران″، ژنان و پیاوان لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و لەسەر گۆڕە بێ ناونیشانەکان هەواڵی لەدایکبوونی شارێک بدەن کە لەودا ئازادی ئیدی وشەیەکی نێوبەتاڵ و بێمانا و ناەرۆک نییە.

لەیلا فەغفووری ئازەر- شاهین نەسیری

ئامستردام ، ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی

١– 2-Benjamin,w.(2021/1940/).Uber den Begriff der Gwschichte.
In.IIluminationen.Frankfurt amMain.Suhrkamp.p.254.

# پاکنیژاد و ئەزموونی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی: دەرسەکانی بۆ ئێستا[1]

## لەیلا فەغفووری ئازەر و شاهین نەسیری

بێگومان ڕاپەرینی١٤٠١[2] و بەردەوامیی ئەو ڕاپەرینە ئاڵوگۆڕێکی بێوێنەی لە مەیدانی خەباتی مێژووییی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی، یەکسانی و دێموکراسی هێناوەتەوە ئاراوە. تایبەتمەندییە دیارەکانی وەک بەشداریی هەمەلایەنەی چین و توێژەکان، بەربڵاویی جوغرافیایی و بەشداریی بێوێنەی ژنان، لاوان و نەتەوە بندەستەکان لەو ڕاپەڕینەدا، بوونەتە هۆکارێکی تایبەت لە گۆڕینی کردار و گوتاردا. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە شەش مانگ[3] لە سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینە، ڕەنگە بتوانین پێوەری سەرەکیی ئەو ئاڵوگۆڕە لە زیاتر ڕوونبوونەوەی سنووری نێوان بەرەی شۆڕش و بەرەی دژەشۆڕش بەدی بکەین. بەڵام هەر بەو جۆرە کە لە مێژووی پتر لە سەدساڵ خەباتی جەماوەری دژی دیکتاتۆری فێر دەبین و ئەزموون وەردەگرین، بەداخەوە هەتا ئێستا لە ململانێی سنووردانان لەنێوان بەرەی خەڵک و شۆڕش و بەرەی دژە خەڵک و دژەشۆڕش، چەرخی دەوران لەسەر ڕێسمەی دوو کۆڵەکەی دیکتاتۆر-ئیستعمار دەجووڵێ و خەباتی ئازادی- یەکسانیخوازیی خەڵک بێئاکام ماوەتەوە (نەسیری،١٤٠١). لەنێوان هێرشی بەربڵاوی پڕوپاگەندە و تەبلیغات و کرداری نمایشی کە زۆربەیان بێسەرنجدان بە کوێرەوەری و ڕەنجی بەردەوام، پێگە و مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی نارازییان، لە ڕێگای نوێنەرانی ساختە و پێوەندیدار بە دەسەڵاتەوە بەدوای دەستبەسەرداگرتنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکن، باسکردن و هێنانەگۆڕی ئەو پرسیارە کە لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانین ئاڵوگۆڕی سەردەمی ئێستا بەرەو ویستی ئازادی و یەکسانیخوازی بەرین؟ کە ئێستا دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە (سەداقەت،١٤٠١).

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە فۆڕم پێدانی هەر وەڵامێک بارتەقای ئەو پرسیارە سەرەتا پێویستی بە ڕەچاوکردنی لانیکەم دوو پێش مەرجی بنەڕەتی هەیە: یەکەم، پێویستە لەوە

١- وتاری بەردەستتان لەلایەن بەڕێزان لەیلا فەغفووری ئازەر و شاهین نەسیری بەجێ پێشەکیەکی تایبەت بۆ وەرگێرانی کوردیی کتێبەکەیان بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان-تیشک نێردراوە.
٢- مەبەستی نووسەران لە ڕاپەرینی ١٤٠١، ڕاپەرینی ژینایە کە بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە تاران و ناشتنی لە گۆڕستانی ئایچیی شاری سەقز، ناڕەزایەتییەکان سەریان هەڵدا و لە سەرانسەری ئێران بووە ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتدارانی تاران.(وەرگێڕ)
٣- وا دیارە ئەو وتارە شەش مانگ دوای ڕاپەرینی ژینا نووسراوە.(وەرگێڕ)

بگەین کە ڕاپەرینی ١٤٠١(ژینا) پێوەندی بە یەک سەدە بەربەرەکانی و ئازادیخوازی لە بەرانبەر دیکتاتۆری و هەموو ئەو بەربەست و ڕێکارانەوە هەیە کە لە ئاستی ئەندێشە و کرداردا بەڕێوە چوون، بەڵام کۆمەڵگە لێیان تێپەڕ بووە.

دووهەم، پێویستە بە تێپەڕبوون لە ڕوانگە نەرێنییەکان، لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی بەرگری و دیفاعیی ناوچەیی باس و پێشنیار لەو ڕێکارە نێوخۆییيانە بکەین.

لەسەر ئەو بنەمایە، ئەو وتارە باس و شیکردنەوە و دووبارە خوێندنەوە بۆ ئەزموونی "جبهەی دمکراتیک ملی" لەنێو ئەندیشەی سیاسیی شوکروڵڵای پاکنیژاد دەکا، کە لە دامەزرێنەران و ڕێبەری سەرەکیی ئەو ڕێکخراوە بووە.(فغفوری آذر و نصیری). لە کۆتاییی ئەو وتارەدا دەقی وتووێژی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لەگەڵ پاکنیژاد کە لە ڕێکەوتی دووی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ کراوە، هاتووە. لەو وتووێژەدا فەلسەفەی بوون و ڕوانگە و ئامانجی سەرەکیی بەرە باس کراوە.

## داڕشتنی پلانی سیاسەتی بەرە

هەروەکی لە ناوەرۆکی نووسراوە و وتووێژەکانی پاکنیژاددا بۆمان دەر دەکەوێ، داڕشتنی پلانی سیاسەتی بەرە سێ بنەمای ڕوونی هەیە. سەرەتا، پلانی پێکهێنانی بەرە مێژوویی و ئیلهامهێنەر بووە. ئەزموونی سەرکەوتووانەی کاری بەرە لە سەرەتاکانی دەیەی سی و هاوتەریب کردنی حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕیزبەندی بەربەرەکانێی نەتەوەیی بۆ ئازادکردنی ئابووریی نەوتی ئێران لە بارودۆخی ئیستعماری- چەوسانەوە، نوسخەیەکی هیوابەخش و ناخبزوێن بۆ کارکردی سیاسەتی بەکۆمەڵ نیشان دەدا. دووهەم، پێداگری بۆ دروستبوونی بەرەی سیاسی لەسەر بنەمای ئەندێشەی دێموکراتیک، لە بەرانبەر ڕوانگەی "هەمووماں پێکەوە" کە ڕواڵەتی و چەقبەستوویە و کەسایەتیی کۆمەڵگە هەتا ئاستی بێ ناوەرۆکی و گوێڕایەڵی دێنێتە خوارێ. چالاکانی بەرە، هەلومەرج و بارودۆخی ئێران لە ڕێگای یاسای دیالێکتیک واتە ناکۆکیی دوو هێزی شۆڕشی و دژەشۆڕش هەڵدەسەنگێنن. لە پانتاییی ئەندێشە، ئەم ناکۆکییە بەخێرایی گێرەوکێشەی ئازادیخوازی دژی پاوانخوازی و ملهوڕی، دێموکراسیخوازی دژی دەسەڵاتداریەتیی تاک و یەکسانیخوازی دژی هەڵاواردنی سازماندراوی لێ دەکەوێتەوە. بۆ سەرکەوتن لەو شەڕ و گێرەکێشەیەدا، پاکنیژاد و هاوفکرانی ئەوەیان دەزانی کە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بەتەنیایی ناتوانێ قورساییی باری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دژەشۆڕش و دامەزراوە نوێیەکانی سەرکوت و توندوتیژی هەڵبگرن(هەزارخانی، دەفتەرەکانی ئازادی، ١٣٦٣،١٥،١٤). لەو شەڕ و ململانێیەدا دەبووایە بەرەیەک لە هێزە یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان پێک بێ تا بتوانن نوێنەری

ڕاستەقینەی شۆڕشی ڕێبەندان(بهمن) و ئامانجە سەرەکییەکەیان یانی ″سەربەخۆیی″ و″ئازادی″ بن. سێهەم، ئەوە بوو کە بەرە دەیتوانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕوانگەی سێکتاریستی و غەیرەدێموکراتیک لە چەپی نەریتیی ئێراندا ڕۆڵی دژەژار بگێڕێ و هێزی لاوی ئازادبووی سەردەمی شۆڕش لە ئەندێشەی ئۆردووگایی و تەواوییەتخوازی ڕزگار بکا. ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو کە یەکەم دژکردەوەی نەرێنی بە پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیک لە لایەن حیزبی توودەوە بوو. حیزبی توودە ئەو دامەزراوە سیاسییە نوێیەی بە هۆکاری ئەوەی خەباتی ″دژەئیمپریالیستی″ و ″دژەلیبڕالی″ نەخستبووە ئەولەوییەتی کارەکانی خۆیەوە، بە نوێنەری بورژوازیی لیبڕالی لەقەڵەم دەدا و لەم ڕووەوە بوونی بەرەی دێموکراتیکی ڕەت کردەوە (ئیتلاعات،١٣٥٨/٤/٢).

## دێموکراتیزمی شۆڕشی

بەپێچەوانەی وێژمانی زاڵ لەنێو گرووپە چەپە نەریتییەکاندا کە دژوازیی سەرەکی لە مەیدانداریی سیاسی لە خەبات لەنێوان ئیمپریالیزم و لیبڕالیزمدا مانا دەکردەوە(هێڵێک کە هەتا هاوپەیمانی لەگەڵ پاوانخوازانی مەزهەبیش چووە پێشەوە)، بەرەی دێموکراتیک تایبەتمەندییەکانی چەپ و ڕاستی لەسەر بازنەی بوون و نەبوونی باوەڕ بە دێموکراسی، ئازادی و حورمەتدانان بۆ مافی جیابیران وێنا کرد. دەکرێ سەرچاوە فکرییەکانی ئەم لاگیرییە بەباشی لە ڕاقەی پاکنیژاد لە چەمکی دێموکراسی و ئەولەوییەت پێدانانی ناوبراو بە کارکردی دێموکراتیک لە ڕەوتی شۆڕشدا بدۆزینەوە و هەستی پێ بکەین. ڕوانگەیەک کە پاکنیژاد بە ″دێموکراتیزمی شۆڕشی″ ناودێر کردبوو، دێموکراسی بە مانا ڕادیکاڵەکەی، یانی تێگەیشتن لە دەسەڵاتداریەتیی شۆڕایی مانا و پۆلێن دەکرا (پاکنیژاد و گۆرگین، دەفتەرەکانی ئازادی، ١٣٥٨-١٠٣/١٣٦٨). ناوبراو پەرەپێدان و بەهێزکردنی شۆڕاکانی بە گرینگترین کەرەسە بۆ خولقاندنی دێموکراسی لە نێوخۆدا دەنا. ئەم لێکدانەوەیە لە جەوهەر و کاکڵی دەسەڵاتداریەتیی خەڵک هەر لایەنی تیۆری و دەرهەستی نەبوو، چونکە شۆڕا خەڵکی، کرێکاری، کارمەندی و خوێندکارییەکان لەو سەردەمدا دیارترین دامەزراوەکان بوون کە لە گەرمەی شۆڕشدا پێک هاتبوون و نوسخەیەکی تاقانەیان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە خستبووە ڕوو.

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە لە پلانی دارشتنی سیاسەتی دێموکراتیک، بەرە بۆ بەرەوپێشچوونی بەرنامەیەکی سیاسیی یەکدەست ڕوانگەی خۆی لە سێ تەوەری سەرەکیدا دەستەبەندی کرد: الف) بەرگریی بێ شەرت و مەرج لە ئازادیی سیاسی و پرۆسەی قانووندانانی دێموکراتیک. ب) وەک ئەرکێکی بنچینەیی گرینگیدان بە یەکسانیی ژنان و پێکهێنانی ڕێکخراو و دامەزراوە بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان. ج) خەباتی چالاک لەگەڵ

هەڵاواردنی پێکهاتەیی دژی کەمینە نەتەوەیی‌یەکان و بەرگری لە مافی خودموختارییان (ئیتلاعات،١٣٥٨/٤/٢). مانای دارشتنی پلانی سیاسەت لە شێوازی ڕێکخستن و هەڵوێست و دەستێوەردانی بەرە لە قۆناغە گرنگەکاندا بەڕوونی دەبیندرێ.

یەکەم دەستپێکی کاری بەرە خستنەڕووی گەلاڵەی پێشنیاری بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسی لەسەر دیاریکردنی جۆری حکومەت بوو. بە باوەڕی ئەندامانی بەرە، کۆمەڵگای پاش شۆڕشی ئێران نەدەبوو لە یەکەم ئەزموونی بریاردانی بەکۆمەڵ و چارەنووسساز لە بەرانبەر بژاردەیەکی داسپاودا کە ناوەرۆکی لە پێشدا ڕوون نەبوو، خۆی دابنێ. بۆ ئەو مەبەستە، بەرە بۆ هێنانەگۆڕی گەلاڵەی گشتپرسی پرۆسەیەکی دوو قۆناغی پێشنیار کرد. بە پێی ئەو گەلاڵەیە، بۆ شکڵ و فۆرم پێدان بە نیزامی سیاسی-یاسایی نوێ، پێویست بوو کە سەرەتا نیزامی دیکتاتۆریی سەڵتەنەتی خرابا گشتپرسی و بە لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی کۆمەڵگەی ئێران بەشێوەی ڕەسمی و یاسایی ڕەت کرابایەوە و، لە قۆناغی دووهەمدا دەبووایە بۆ جێگرەوەی ڕێژیم هەموو ئەو پێشنیارانەی لە لایەن گرووپە سیاسییەکانەوە پێشنیار دەکرا، خرابایە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ بە شێوەی ئازادانە و بە مانای ڕاستەقینە جێگرەوەیەکی جێی پەسەندی هەموو کۆمەڵگە ببینێتەوە و لە پرۆسەیەکی ڕوون و ئاشکرادا نیزامی حکومەتیی نوێ هەڵبژێرن(ئێشتاین و پاکنیژاد. ١٩٧٩، ٢٤٠-٢٣٩). هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە بەرە بەتوندی دژی ڕێوشوێنی گشتپرسیی ١٢ی خاکەلێوە بوو و لە کۆتاییدا بەشداریی ئەو پرۆسەیەی نەکرد (ئایندەگان،١٣٥٧/١٢/٢٩). دەربرینی ئەو هەڵوێستە بە ئاشکرا، هەڕەشە و گوشارەکانی لە لایەن حاکمییەتەوە لەسەر بەرە دوو هێندەی جاران زیادی کرد. بەڵام ئەو گوشار و هەڕەشانە نەیانتوانی پاکنیژاد و چالاکانی دیکەی بەرە لەو ڕێگایەی گرتبوویانە بەر بێدەنگ و پاشەکشەیان پێ بکا (ساعدی، دەفتەرەکانی ئازادی، ١٣٦٣-٢٤). لە وەرزی چارەنووسسازی دارشتنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی)دا بەرە پێداگر بوو کە نووسینی یاسای بنەڕەتی بێ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران(مؤسسان)، بەشداریی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕەنگدانەوەی مافی ژنان و داواکاریی نەتەوەکان، پووچ و بێ‌مانایە. پێش دارشتنی یاسای بنەڕەتی لە لایەن مەجلیسی خوبرەگانەوە، پاکنیژاد بە هۆکاری گونجاندنی ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی و لەبەرچاونەگرتنی مافی ژنان و نەتەوەکان ناوەرۆکی ئەو بەڵگەیەی بە دەستاوی پاوانخوازانی بناژۆخواز دادەنا و لە هەمان کاتدا بە پەڵەیەکی ڕەش و چەپەڵ بەسەر دامێنی شۆڕش و بە گەورەترین قەڵسە لێ‌گێران و گرینگترین زەربە لە جەستەی دێموکراسی و یەکگرتوویی نەتەوەیی دادەنا(پاکنیژاد،دەفتەرەکانی ئازدی،١٣٥٨-١٣٦٣، ٩٧).

## پرسی نەتەوە بندەستەکان

مەیدانی دووهەم بۆ دەربڕینی نارەزایەتییە دێموکراتیک و شۆڕشییەکان، بەرگریی لێبڕاوانە لە مافی نەتەوەکان و مەسەلەی خودموختاری بوو. تێگەیشتنی پاکنیژاد لە سیاسەتی دێموکراتیک لە ڕێڕەوی لابردنی زوڵم و ستەمی چینایەتی و پێکهاتەی هەڵاواردنی نەتەوەییدا تێپەڕ دەبوو. پاکنیژاد و هاوفکرەکانی بە پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوەسازیی بڕیاردەرانەی سەردەمی پەهلەوی، کۆچ و نیشتەجێکردن و دوورخستنەوەی زۆرملێ و لەبەرچاونەگرتنی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگەی ئێران هەستیار و دژ بوون. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، لە حکومەتداریی شۆڕاییی شتێک بە ناوی ناوەند و پەراوێز هەر نییە. لە لێکدانەوەی شۆڕاییدا، دێموکراسی بەو مانایەیە کە تەواوی شارۆمەندانی کۆمەڵگە لە بەڕێوەبەریی ئەو کۆمەڵگەیەدا بەشدار دەبن. واتە وەرگرتنی بەرپرسایەتی و بەشداری لە چارەسەریی پرسە ناوچەیییەکان گەیشتبێتە ئاستێکی بەرز. هەر بەو هۆکارە، گەلاڵەی خودموختاریی نەتەوەکان دەیتوانی ڕێکارێکی گونجاو وعەمەلی بێ کە لە لایەک پێکهاتەی هەڵاواردنی مێژوویی هەنگاو بە هەنگاو تێک بشکێنێ و لا بەرێ و لە لایەکی دیکەوە، ڕێگایەکی گونجاو و بنەڕەتی بۆ وەدیهێنانی حاکمییەتی خەڵک لەسەر بنەمای جۆراوجۆریی نەتەوەیی و مەزهەبیی وڵاتی ئێران بخاتە ڕوو. کار و تێکۆشانی بەرەی دێموکراتیک بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ڕوانگەیە تەنیا لە نووسینی بەیاننامە و هەڵوێستدا کورت نەدەبووەوە. بەڵکو پاکنیژاد لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ بە نوێنەرایەتیی بەرە بۆ پێشگرتن لە درێژەدانی سەرکوت لە کوردستان و خوزستان سەردانی سنە و خورەمشاری کرد و هەوڵێکی زۆری دا کە مەشرووعییەتی توندوتیژی لە حکومەت بستێنێ. (ساعدی، دەفتەرەکانی ئازادی ١٣٦٣-٢١،٢٣، پاکنیژاد، دەفتەرەکانی ئازادی ١٣٥٨/١٣٦٣- ٧٩،٧٧). هەروەها لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٥٨، بەرەی دێموکراتیک داهێنانێکی نوێی هێنایە کایەوە، ئەویش ئەوە بوو لە مانگی جۆزەردانداا بە بەشداریی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان "کۆنفرانسی هاوپێوەندیی نەتەوەکانی" پێک هێنا. ئەو کۆنفرانسە ئامادەکاریی پێشوەختەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکی سەرانسەری لە مهاباد بە ئامانجی لێک نزیککردنەوەی نەتەوەکان، هێزە ئازادیخوازەکان و ڕێکخراوە پێشڕەوەکان بوو. بە داخستنی دەفتەر و شوێنی کاریی بەرە و لە هەمان کاتدا داخستنی ڕۆژنامەی ئایندەگان و دەستپێکی سەرکوت لە کوردستان، ئیمکانی بەرەوپێشچوونی ئەو دەستپێشخەرییە و گرتنی کۆنگرەی سەرانسەری لەنێو چوو(فەغفووری ئازەر و نەسیری،١٣٩٩، ١١٢).

## یەکسانیی تەواوی ژنان

تەوەری سێهەم و ڕەنگە گرینگترین دەستکەوتی دێموکراتیکی بەرە، ڕوانین و ڕوانگەیان

بۆ پێگەی مافی ژنان لە هەلومەرجی شۆڕشی ئێراندا بێ. خوێندنەوە و وێناکردنی گشتیی شۆڕشی ڕێبەندان(بهمن) ئەوەمان پێ دەڵێ کە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەم مافی ژنانیان بۆ گرینگ نەبووە. هەڵبەتە سەرچاوەی ئەم خوێندنەوە گشتییە لەسەر بنەمای بەشێکی زۆری ڕاستییەکانی ئەو سەردەمەیە. بەڵام بەو حاڵەشەوە، وێناکردنی ئەو بابەتە بە شێوەی ڕەها لەگەڵ هێندێک دیاردە و ڕوانگەی سەردەمی شۆڕش، واتە دامەزران و سەرهەڵدانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ژنان بە ڕوانگەی جیاوازەوە، هاتنی ڕاستەوخۆی ژنان بۆ نێو کایەی سیاسی و هێنانەگۆڕی مافی ژنان یەک ناگرێتەوە(ئایندەگان،٣/٣/١٣٥٨،ئایندەگان٥/٣/١٣٥٨). بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر بمانهەوێ "گوێ نەدان بە داواکاریی ژنان" وەک بابەتێکی ڕەها لەو سەردەمدا چاوی لێ بکەین، کار و تێکۆشانی بەرەی دێموکراتیک نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە. لە کاتی دامەزرانی بەرە لە مانگی ڕەشەمە(اسفند)ی ١٣٥٧، ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی ژنان لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بوون. لەو ڕوانگەوە کە چالاکانی بەرە لەو سەردەمدا یەکسانی و بەرابەریی ژنان و کار و کردەوەی ڕاستەوخۆیان لە پانتاییی مەیدانی سیاسەتدا وەک ئەرک بە کارێکی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕش دەزانی، لەو پێناوەدا هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بۆ ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکانی ژنان درا. ڕێکخستنی "کۆنفرانسی هاوبەشی ژنان" یەکێک لەو هەوڵە گرینگانە بوو کە دوای چەندین مانگ ڕاوێژ و تەگبیر بە ئامانجی داکۆکی لە مافی یەکسانیخوازیی ژنان و بەربەرەکانی لەگەڵ دارشتنی سیاسەتی دژی ژنان بەرێوە چوو. لە لێکدانەوەی پاکنیژاددا، نیزامێک کە "نیوەی حەشیمەتی ئێران یانی ژنان بە کردەوە لە مافە دێموکراتیکەکانیان بێبەش بکات، لە توانایدا نییە هێزی خەڵک لە پێناو پاراستنی سەربەخۆییی ئێران لە بەرانبەر ئیمپریالیزمدا ئامادە بکا(پاکنیژاد و گۆرگین، دەفتەرەکانی ئازادی،١٣٦٣/١٣٥٨، ١٠٤). لە هەمووو بابەتێک زیاتر، ڕەخنەی سەرەکیی پاکنیژاد لە یەکەم یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە لەو یاسایەدا مافەکانی ژنان نەپارێزراە و مافی یەکسان و بەرابەریان لەگەڵ پیاوان ڕەت کراوەتەوە(پاکنیژاد، دەفتەرەکانی ئازادی، ١٣٥٨/٩٧،١٣٦٣).

### بەرگری لە مافی جیابیران

پلانی دارشتنی سیاسەتی شۆڕایی و یەکسانیخوازانەی بەرە و بەدواداچوون و سووربوونیان لە بابەت بەرگریی بێ شەرت و مەرج لە مافی جیابیران و کەمایەتییەکان، خاڵی جیاوازی ئەو دامەزراوە سیاسییە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی " لیبراڵ" وەک (نهضت آزادی) بوو کە لە سەردەمێکی گرینگی سیاسی بۆ هاوسەنگیی هێز، کرنۆشیان بۆ دەسەڵاتی حاکم برد. پاکنیژاد گرینگترین هۆکاری جیاوازیی دێموکراتیزمی شۆڕشی لە لیبراڵیزمیش لە شێوازی تێگەیشتن لە پلانی دارشتنی سیاسەت و ئەندێشە لە مەیدانی کردەوەدا دەزانی. بە وتەی

ناوبراو "ئێمە وەک هێزێکی دێموکرات نەک هەر لە مافی دێموکراتیکی خەڵک، بەڵکو لە ئازادییە دێموکراتیکەکانیان، نە بە شێوەی سنووردار و بۆخۆمان، بەڵکو بێ شەرت و مەرج بە شێوەیەکی بێسنوور بەرگریمان لێ کردوون و لە خەباتدا شێلگیر بووین و وەک لیبراڵەکان لە هەڕەشە نەترساوین و مەیدانمان چۆڵ نەکردووە. چونکە ئیمان و باوەڕمان بەو خەباتە بووە(پاکنیژاد و گۆرگین، دەفتەرەکانی ئازادی،١٣٦٣/١٣٥٨، ١٠٧). هەر بەو جۆرەی پاکنیژاد پێشبینی دەکرد، ناکامی و سەرنەکەوتنی بەرەی دێموکراسیخواز بە مانای دەستپێکی دیکتاتۆری و سەرکەوتنی دژەشۆڕش بوو. پاکنیژاد لە یەکێک لە دوایین نووسینەکانی لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠دا، بە زمانێکی تاڵ باسی چارەنووسی دیار و شکانی ئارمانەکانی شۆڕش یانی سەربەخۆیی و ئازادی دەکا. ئەو بە دروستی هەستی بەوە کردبوو کە بە شکانی شۆڕش بڕیارە خەڵکی ئێران ئیتر "نە نانیان لە سەر سفرە" بێ و نە "هیوایان لە دڵ"دا بێ(پاکنیژاد، دەفتەرەکانی ئازادی، ١٣٦٣/١٣٦، ١٢٢).

### پێویستیی پلانی داڕشتنی سیاسەتی بەرەیی لە هەلومەرجی ئێستادا

بەربڵاوبوونی دۆخی سەرکوت، بێهیوابوون لە گشتگیرکردنی وێژمانی بەرە لە ئاستی کۆمەڵگەدا و هاوکاری نەکردنی هێزە سیاسییەکان (بەتایبەتی ڕەوتە سەرەکییەکانی چەپ) بوو بە هۆکاری مەرگی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، هێنانی ئیدەی کردەییکردنی سیاسەتی بەرەیی بەتەواو مانا بە ڕوانگەی دێموکراتیزمی شۆڕشی بۆ بەرگریی بێ شەرت و مەرج لە مافی نەتەوە بندەستەکان، بەرابەریی تەواوی ژنان و مافی جیابیران، لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی ئێران لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە. گەلاڵەی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی، گەلاڵەیەکی هەڵقوڵاوی نێوخۆیی بوو کە لەسەر بنەمای تێڕوانین و ئەندێشەی خۆجێیی ڕێبەرانی بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ڕێکخستنی هێزە سیاسییەکان لە سەردەمی خۆیدا پێک هات. مەیدانی سیاسیی ئێستای ئێران بە سنووردانان لەنێوان هێزە پێشڕەو و ئازادیخوازەکان لە بەرانبەر دەسەڵاتداران و هێزە دواکەوتووەکانی سەر بە هێزە ئیستعمارییە نوێیەکان کە خوازیاری گەڕانەوەی سەڵتەنەتن، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە.

بۆ باشتر تێگەیشتن لەو بابەتە، هێزە ڕاست و فاشیستەکان کە توانای تێگەیشتن و بەڕەسمیناسینی ئەلفوبێی ئازادی و دێموکراسییان نییە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیان درێژەدەری مێژوویی سەرکوتی سازماندراوی هێزە سەربەخۆ و دێموکراسیخوازەکان لە سەردەمی پێش شۆڕش و دوای شۆڕشی ڕێبەندان(بهمن) بوون . سەرەڕای ئەمە، پێویستە ئاگادار بین کە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە دامودەزگای کۆنەپەرەستی ناوچەیی و هێزەکانی ئیستعماریی نوێی نێونەتەوەیی خەریکی گەورەکردنەوەی وێژمانی ئەو هێزانەن

لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی خەباتی خەڵک و ئامادەکردنی بەستێنی دابەزاندنی ڕادەی داواکارییەکانیان بە کۆمەڵێک ویستی ڕواڵەتی و کەم. دەبێ لەبیرمان بێ کە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتی بە ڕواڵەت مرۆڤدۆستانە، خەباتی ناوچەیی و ڕادیکاڵی خەڵک (بە دیاریکراوی) لە باشووری گۆی زەوی بەخێرایی وەلا دەنێ و دەیخاتە پەراوێزەوە، تا لەو ڕێگایەوە نەتەنیا ناهومێدی و بێهیوایی لەنێو خەباتکارانی ناڕازی پەرە پێ بدا، بەڵکو پێگەی خۆی لە بواری سیاسی، ئابووری و وێژمانییەوە بەهێز بکا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە پێوەندیی ڕوانگە و ئاراستەی بەرەیی(جبهه‌ای) بەڕوونی خۆی لە مەسەلەی خەبات بۆ ئازادی، یەکسانی و دێموکراسی لە دیالێکتیکی شۆڕش و دژەشۆڕشدا دەبینێتەوە ، لەو سەردەمەدا پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراسیخواز و کۆماریخواز لە بەرانبەر هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی مەزهەبی و سێکۆلاردا خۆی دەر دەخا. ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئەم دواییيانە بەڕوونی ویست و داخوازە ڕاستەقینەکانی خەڵک و لە هەمان کاتدا توانای دروستبوونی هاوپێوەندییەک لە سەرەوەی بەرژەوەندیی چینایەتی و نەتەوایەتیی "فرا طبقاتی-ملیتی" زیاتر لە هەر سەردەمێک خۆی دەر خستووە. لە هەنگاوی یەکەمدا "ئیمکان" و بە دوای ئەودا "پێویستی"ی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە ئازادیخواز و پێشڕەوەکان لە بەرانبەر ئێمەدا خۆی دەر دەخا. ئیمکان و پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەک لەسەر بنەمای نیاز و ڕاستییەکانی مەیدانی سیاسیی ئێستای ئێران جێگای وردبوونەوە و هەڵوێستە لەسەرکردنە. پاکنیژاد لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە وتووێژێکدا لەگەڵ فرێد هاڵیدەی بە هەڵسەنگاندنی هۆکاری نەبوونی ئیمکانی یەکیەتی لەنێو هێزە چەپە سەربەخۆ و پێشڕەوەکاندا، لە هەمان کاتدا ڕێگای سەرکەوتنی بەرەی خەڵک و شۆڕشی لە خستنەدرز و دووبەرەکی لەنێوان بلۆکی ڕاست و هێزە کۆنەپەرەستەکان دەزانی(فەغفووری‌ئازەر و نەسیری،١٣٩٩، ١٢١-١٢٢). بەڵام ئێستا هەژاری و شکستی فکری لە بلۆکی ڕاست، پەرتەوازەیی و نەبوونی هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی لە کاردا و هەروەها بەستراوەبوون بە وێژمان و دەزگای ئیستعماری نوێ(ناوچەیی و نێونەتەوەیی)، بۆشاییيەکی باشی پێک هێناوە کە بەرەی یەکگرتووی خەڵک، پێکهاتوو لە هێزە کۆماریخواز، چەپە سەربەخۆ و نەتەوەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بۆشاییيە پڕ بکەنەوە.

گەلاڵە و بەرنامەی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی دوای شۆڕشی ڕێبەندان(بهمن) بە هۆی سەرکوتی توند لەلایەک و کەمکاری و بیرتەسکیی هێزە سیاسییەکان لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتوو نەبوو. ئەمڕۆ بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی(ژینا) ئەو دواییيانە، کۆمەڵگەی ئێمە هەنگاویەکی گەورەی لە پێناو دێموکراسی، ئازادی و یەکسانیخوازی هەڵێناوەتەوە. تایبەتمەندیی بەرەی خەڵک بە ڕەتکردنەوەی تەواوییەتخوازی، بەرگریی بێ شەرت و مەرج لە ئازادییەکان و یەکسانیی هەموو تاکەکان، گرووپ و نەتەوەکان لە بەرانبەر بەرەی دژەخەڵک بە هێمای تەواوییەتخوازی و دواکەوتوویی لە هەموو کاتێک زیاتر بەئاشکرا

خۆ دەنوێنێ. زیندووکردنەوەی ڕوانگە و ڕێگای پاکنیژاد و دێموکراتیزمی شۆڕشی لەسەر بنەمای هاوپێوەندیی نێوان تەواوی هێزەکان، ڕێکخراوەکان و کەسانی پێشڕەو و ئازادیخواز و یەکسانیخواز نەک هەر زیندووکردنەوەی سەرەکیترین ڕوانگەی دێموکراسیخوازی لەنێو دڵی خەباتی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە لە دوای شۆڕشی دژە سەڵتەنەتییە، بەڵکو پێویستییەکی مێژوویی‌یە کە بێ‌دەنگ کردنی ئەو بابەتە یەکسانە بە وەدرەنگخستنی ئازادیی خەڵکی ئێران لانیکەم بۆ ماوەی چەند دەیەیەکی دیکە. لە حاڵێکدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی لەو بابەتە بە مانای کرانەوەی ئاسۆیەکی ڕوون لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانە. کەمکاری و پێک نەهێنانی بەرە، ئەو ڕاپەڕینە[1] بەرەو شکست دەبا کە میراتگری زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی ئازادیخوازانەیە.

## سەرچاوەکان:


پاکدامەن، ن. و ئیدیکە_١٣٦٣).دەفتەرەکانی ئازادی" بە یادی شوکرڕوڵڵای پاکنیژاد، بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەییی ئێران.

سەداقەت،پ.(١٤٠١) کام جێگرەوە؟ کام ڕێگا؟. ڕەخنەی ئابووریی سیاسی(نقد اقتصادسیاسی)

ڕۆژنامەی ئایندەگان. ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٥٧.

ڕۆژنامەی ئایندەگان. ٣ی جۆزەردانی ١٣٥٨.

ڕۆژنامەی ئایندەگان.٥ی جۆزەردانی ١٣٥٨.

ڕۆژنامەی ئیتلاعات.٢ی پووشپەڕی ١٣٥٨.

فەغفووری ئازەر،ل. و نەسیری،ش.(١٣٩٩). گێڕانەوەی هەڵقوڵاو لە خاکی شۆڕش. سوئید، وەشانخانەی باران.

فەغفووری ئازەر ،ل. و نەسیری،ش.(١٤٠٠) دیفاعیاتی شوکرڕوڵڵای پاکنیژاد: پەنجا ساڵ دوایی. ڕەخنەی ئابووریی سیاسی.

نەسیری، ش.(١٤٠١). دیالێکتیکی شۆڕش و دژەشۆڕش: ڕاپەڕینە سیاسییەکان لە ئێران و ڕیشە مێژوویی‌یەکانی. ڕەخنەی ئابووریی سیاسی.


١- مەبەستی نووسەران ڕاپەڕینی «ژن،ژیان،ئازادی»یە (ژینا)- وەرگێڕ

گۆڤاری ئازادی(١٣٦٧) دەورەی دووهەم، ژمارەی دوازدە.

Stein.A.(1979).Iran:neue Diktur oder Friuhling der Freiheit? Hamburg: Rents -Verlag

## هاوپێچ -وتووێژی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لەگەڵ شوکرۆڵڵای پاکنێژاد

## دووی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨

بەرەی دێموکراتیک کەی و چۆن دامەزرا؟

هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بارودۆخ لە ئێران و دەستبەجێ دوای ڕاپەڕین، پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە دێموکراتیکەکان لەنێو کۆڕ و ئەنجومەنە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران هەست پێ دەکرا. مەترسیی گەڕانەوەی دیکتاتۆری لە وێنە و شکڵێکی دیکەدا، و لەو کاتدا مەترسیی زاڵبوونی هێزە ڕاستەکان کە بە شێوەی کاتی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی لەبەر دەستدا بوو، مەترسیی داسەپاندنی شەڕێک بەسەر هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە سەردەمانێکدا کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەییان بۆ ئەو شەڕە نەبوو. زاڵبوونی توخم و جەوهەری ئانارشیستی لەنێوان هێزە چەپەکاندا کە لە سەرەتای شۆڕش بە شێوەی نارەزایەتیی سەر شەقام بێئامانج و بێ سازمان خۆی دەنواند و ئەوە لە خۆیدا مەترسیی تێکهەڵچوونی لەنێوان چەپ و ڕاستی لێ دەکرا کە ئەوە گرینگترین ئارەزووی ئیمپریالیزم بوو، هەربۆیە لە هەوڵی بەهێزکردنی ئەو دووبەرەکییەدا بوو. هێزێکی نێونجیی نێوان چەپ و ڕاست کە لە کۆتاییدا پێش بە جەمسەربەندیی نێو کۆمەڵگە بگرێت، ڕێگر بوو کە بەرەی ڕاست و ئیمپریالیزم لەو دووبەرەکییە سوودمەند بن. دەیان هۆکاری لەو بابەتە بوونە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە ڕووناکبیرانی دڵسۆز و پێشکەوتنخواز لەو بارودۆخەدا بۆ پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەییی ئێران کار بکەن. بەو ئیعتبارە، بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەییی ئێران دەبووایە لەو هێزانە پێک بێ کە خاوەنی ناوەرۆکی دژەئیمپریالیستی و دژەکۆنەپەرەستی بن. بە واتەیەکی دیکە نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز بن.

گەلاڵەی پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیک ڕۆژی ١٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ لە ساڵڕۆژی کۆچیدوایی دوکتور موسەدیق لە ئەحمەداوا بە شێوەی پێشنیاری باسی لێوە کرا و بەرە ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمە یانی ڕۆژی نەتەوەییکردنی نەوت بە شێوەی ڕەسمی بوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئێستا نزیکەی سێ مانگ لە تەمەنی پێکهێنانی بەرە تێپەر دەبێ، هێشتا دەستەی تەداروکات بەرە بەڕێوە دەبا. بە واتەیەکی دیکە هێشتا بەرە پێک نەهاتووە.

## ئەندێشەی دژەئیمپریالیستی

ئایدۆلۆژی و خەت و ڕێبازی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی چییە؟

هەر بەو جۆرەی باسم کرد بەرە لەو هێزانە پێک دێ کە خاوەنی پێگەی فکریی جیاوازن، بەو پێیە بەرە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی یەکدەست نییە. بەرە لەگەڵ حیزب جیاوازی هەیە. بەرە نە حیزبە، نە یەکیەتییە و نە ئەنجومەنە، هاوکات هەموو ئەمانەش لەخۆ دەگرێ. بەرە یەکیەتیی سیاسیی حیزبەکان، ڕێکخراوەکان، یەکیەتییەکان و کەسایەتییەکانە کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتدا ئامانجی هاوبەشیان هەیە. هەریەک لە حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی نێو بەرە دەتوانن پێڕەوی لە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بکەن، بەڵام بەرە بە گشتی خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت نییە.

بەو مانایە ئەندام بوون لە بەرە پێویستی بە بوونی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت نییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دەرگای بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی بە ڕووی هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆییی ئێران کە هەڵگری هەر بیر و باوەڕ و ئایدیایەکی سیاسی، فەلسەفی یان مەزهەبی بن، کراوەیە. تەنیا مەرجی بوون بە ئەندام لە بەرەدا قەبووڵی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و تێکۆشانە لە ڕێگای وەدیهاتنی ئەو بەرنامەیە و پێڕەوی کردن لە ئینزباتێکی سیاسی. ڕەنگە وا باشتر بێ بە جێی ئایدۆلۆژیای بەرەی دێموکراتیک قسە لە ئەندێشەی حاکم بەسەر بەرەدا بکەین. هێڵە سەرەکییەکانی بەرە لەسەر بنەمای ئەندێشەی دێموکراتیک و دژەئیمپریالیستی پێک دێ. هێڵە گشتییەکانی تێفکرین و بیرکردنەوە، ڕێبازی سەرەکیی بەرەی دێموکراتی نەتەوەیی دەستنیشان دەکا.

## لەگەڵ کام حیزب، گرووپ و ئەنجومەنە سیاسییەکان هاوکاری دەکەن؟

لەگەڵ چریکە فیداییەکان ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا دەکەین، سڵاو دەنێرین بۆ موجاهیدینی خەڵق، کۆمەڵەی سۆسیالیستەکانی نێهزەتی نەتەوەیی، کۆمەڵەی یەکێتی بۆ ئازادی و ئیسقلال، یەکێتیی چەپ و بەرەی ئازادیی خەڵکی ئێران(جامی) بە ئەنداممان وەرگرتوون. ڕێکخراوی پێشڕەو بۆ یەکیەتیی نێهزەتی نەتەوەییی ئێران، گرووپی سۆسیالیستەکانی ئازاد، سازمانی وەحدەتی کۆمونیستی، گرووپی پەیامی ئەنجومەنی ڕزگاریی ژن، ڕێکخراوی ”نوین“ ڕزگاریدەری گەلانی ئێران، یەکیەتیی ئازادەگان و گرووپی سۆسیالیستەکانی تێکۆشەر داوای ئەندامەتییان کردووە و داواکەیان هەڵدەسەنگێندرێ. ڕێکخراوی پەیکار لە ڕێگای ئازادی بۆ چینی کرێکار، کۆمەڵەی ئازادی، حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست، حیزبی ئازادیخواز، ناوەندی کولتووری و سیاسیی گەلی تورکەمن، ناوەندی کولتووریی گەلی

عەرەب، شۆرای کۆمەڵەکانی کوردستان، نێهزەتی ڕادیکاڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێندێک لە ئەحزابی گرینگی ئیسلامی داواکارن لەگەڵ بەرە پێوەندییان هەبێ.

**بارودخی ئێستای وڵات چۆن دەبینی؟**

پەیدابوونی باڵێکی سیاسیی میانە، بە زیانی ڕاست و بە قازانجی چەپ، مەترسیی بەریەککەوتن کەم دەکاتەوە و ئەو باڵە لە ڕێگای لێکهەڵوەشانی "ڕاست" پێک دێ. بەڵام لە هەمان کاتدا کە ڕاستی تونداژۆ هەڵوەشانەوەی خۆی هەست پێ دەکا، ڕێگای پاراستنی خۆی لە هێرشی هەوسارپساودا دەبینێ. ڕاستی تونداژۆ بەکردەوە دەڵێن "هەرکەس لەگەڵ ئێمە نییە، دوژمنی ئێمەیە" و ئەوە لێکهەڵوەشانەکەیان خێراتر دەکا. بەو هۆکارە لەگەڵ ئەوەی ڕاستی بناژۆخواز بارودۆخێکی نالەباری پێک هێناوە، گۆڕانکاریی هێزەکان بە ڕێگایەکی دروستدا دەچێتە پێشەوە. لە دوارۆژێکی نزیکدا لە لایەن ڕاستی بناژۆخوازەوە شاهیدی پێشهاتی جۆراوجۆر دەبین. بەڵام دوارۆژی دوورتر هیی هێزە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکانە. لە ئەرتەشدا هێندێک هەڵسوکەوتی جێگای گومان دەبیندرێ. ئەمریکا هەموو هیوای لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی نێو ئەرتەش هەڵچنیوە. لە سنوورەکان هەوڵ و هاندانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستیی حەمەڕەزاخانی لە دەوری زیندووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی ئەرتەش هەڵدەخولێ. ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان لەژێر گوشاردان، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانە لە سەرانسەری ئێراندا ڕەوتی شۆڕش دەچێتە پێش. بەڵام ئەو پێشکەوتنە لە بەستێنێکدا دەچێتە پێش کە زۆر دیار نییە. بەشێکی هێزەکان لە ڕیزی شۆڕش دەچنە دەر و لە بەرانبەریدا ڕادەوستن، بەڵام شۆڕش درێژەی هەیە. ئاڵوگۆڕی فکریی کۆمەڵانی خەڵک خێرایییەکی زۆری هەیە و ئەوە سەرچاوەی گرینگترین هیوای ئێمەیە بۆ درێژەدانی شۆڕش لە ئێران.

**ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی چۆنە؟**

یاسای بنەڕەتی دەبێ هەڵگری ڕوانگە و بۆچوونی خەڵک سەبارەت بە شێوەی ژیان لە دوارۆژی ئێران بێ. یاسای بنەڕەتی دەبێ داواکاریی گەلانی ئێران کە دەیان ساڵ خەباتیان بۆ کردووە، بێنێتە دی. هەربەم هۆکارەش دەبێ لە ڕێگای مەجلیسی دامەزرێنەران(مؤسسان) ەوە کە هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵک بن، دابرێژرێ و هەڵگری مافی ژن و پیاو بەشێوەی یەکسان، مافی خودموختاریی گەلان بێ و ڕێ لە هەرجۆرە خۆسەپێنی و دیکتاتۆرییەک بگرێ. یاسای بنەڕەتیی ئێران بەسەرنجدان بە ناوەرۆک و ئامانجەکانی شۆڕشی دژەئیستبدادی و دژەئیمپریالیستیی خەڵکی ئێران، سەربەخۆیی ئابووری، سیاسی، نیزامی و کولتووری دابین و ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکان زەمانەت بکا. پەروەردە و لەشساغی و دەرمانی خۆڕایی، هەبوونی مافی کاری شیاو و حەسانەوە و خانەنشینی و خانوو بێ سەرنجدان بە

ڕەنگ، جێندەر، ڕەگەز، باوەڕ، دین، نەتەوە، کار، پلە و پایە و هەروەها ئازادیی بیرکردنەوە، دەربڕین، مەزهەب، چاپ و بڵاوکردنەوە، کۆبوونەوە، بێ هیچ مەرج و پاوانخوازییەک دەبێ لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا زەمانەت بکرێن.

**لەگەڵ کام گرووپ و ئەحزابی سیاسی هاوپەیمانیت پێ باشترە؟**

بە هۆکاری مێژوویی، ئەو هێزانەی کە ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لە پێوەندیدا بین، هێزە نەتەوەیی، مەزهەبیی پێشکەوتنخواز، چەپ وسەربەخۆکانن.

**ڕۆڵی بەرەی نەتەوەیی**

**لەبەر ئەوەی کە بەرەی نەتەوەییی ئێران چەند ساڵ بەر لە بەرەی دێموکراتیک دامەزراوە، چ جیاوازییەکی بۆچوونی لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی هەبوو کە بەرەی دێموکراتیک دامەزرا؟**

جیاوازیی بۆچوون لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی نەبووەتە هۆکار بۆ دامەزراندنی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی. ڕەنگە هۆکاری دروستبوونی بۆچوونیکی لەو بابەتە ئەوە بێ کە بەشێک لە ئەندامانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی ڕابردووی تێکۆشانیان لە بەرەی نەتەوەییدا بووبێ. هەڵبەت من بوونی کەسانێک کە هەڵگری میراتی مێژوویی دوکتورموسەدیق بن لە بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی ڕەت ناکەمەوە، ئەوە لای من ئاسایی‌یە کە بەرەی دێموکراتیک بە درێژەدەری ڕێگای ڕاست و دروستی دوکتور موسەدیق بزانم.

بەشێک لەو کەسانەی کە بەرەی دێموکراتیک بە جیابووەوە لە بەرەی نەتەوەیی دەزانن، هەوڵیان پێکهێنانی یەکیەتیی نێوان ئەو دوو بەرەیەیە و تەنانەت بەشێک لە ڕێبەرانی بەرەی نەتەوەیی جاروبار قسە لە نەهێشتنی ناکۆکی دەکەن. بەڵام دەبێ ئەوە بزانن، ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵ کەس نییە، لە بەرەی نەتەوەییش جیا نەبووینەوە، بۆ زۆربەی ڕێبەرانی بەرەی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تاکەکەسییەوە حورمەتم هەیە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ڕۆڵی مێژوویی بەرەی نەتەوەیی تەواو بووە. بەرەی نەتەوەیی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی دوای شۆڕش بەرەو ڕاست چوو، کۆتایی بە ژیانی مێژوویی خۆی هێنا، لەگەڵ ئەوەدا لە ڕوانگەی سیاسییەوە وەک ڕێکخراوێک ماوەتەوە. بەڵام بەلارێداچوونی بەرەی نەتەوەیی لە هەڵوێستی مێژوویی خۆی و دروستبوونی بەتاڵایی لە بەشی مامناوەندی چینی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران دەتوانێ وەک یەکێک لە هۆکارەکانی پێکهاتنی بەرەی دێموکراتیکی

نەتەوەیی بێتە ئەژمار، بەڵام ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە جیاوازیی سەلیقەوە نییە.

**بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە حیزبە چەپەکان و حیزبی توودە چییە؟ ئایا نیازی هاوپەیمانیتان لەگەڵ ئەو حیزبە نییە؟**

نیازی هاوپەیمانیمان لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران نییە. حیزبی توودەی ئێران لە ڕێگای ڕۆژنامەی "مردم" هێرش دەکاتە سەر بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی و ئێمە بە نوێنەری بورژوازیی لیبراڵ دادەنێ. ڕۆژنامە ڕاستگەراکانیش ئەو تۆمەتانەمان بۆ هەڵدەبەستن، بەڵام بە پێویستی نازانین خۆمان بەو جۆرە بابەتانەوە سەرقاڵ بکەین. وڵامدانەوە بەو جۆرە بابەتانە دەتوانێ لە ڕێبازی سەرەکیی خۆمان دوورمان بخاتەوە. سەبارەت بە ئامانج و شێوازەکانی کارکردنی ئێمە دەبێ خەڵک بڕیار بدا.

**بۆچوونتان سەبارەت بە خاوەندارێتی(مالکیت) چییە و لە بنەڕەتدا بۆچوونی بەرە دەربارەی نیزامی ئابووریی دواڕۆژی ئێران چ دەبێ؟**

بەشێک لە هەڤاڵانی ئێمە دەربارەی نیزامی دواڕۆژی ئێران خەریکی لێکۆڵینەوەن کە لە داهاتوودا بڵاوی دەکەینەوە. وەک خۆم خاوەندارێتیی سەرمایەداری بەسەر کەرەسەی بەرهەمهێناندا ڕەت دەکەمەوە، بەڵام ئەوە بۆ من ئامانجێکی درێژخایەنە. ئێستا کە ئابووریی ئێران بە ڕایەڵکەیەکی زۆر و هاڵۆزەوە بە ئیمپریالیزم بەستراوەتەوە، لایەنگری نەتەوەییکردنی هەرچی خێراتری بانکەکان، پیشەسازی و مولکوماشی سەرمایەدارانی وابەستەم. هاوکات بە بۆچوونی من لەو قۆناغەی شۆڕشدا پێویستییەکانی خەباتی دێموکراتیک و دژەئیمپریالیستی سنووری خاوەنداری دیاری دەکا، نەک ئارمانە فەلسەفییەکان.

**بۆچوونی ئێوە دەربارەی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی ئێران چییە و داکۆکی لە چ جۆرە سیاسەتێک لە کاروباری دەرەوەی وڵات دەکەن؟**

بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەکیشدا هەر وەک بابەتی "نەتەوەیی" بیر دەکاتەوە. سەردەمانێک سیاسەتی نەتەوەییی ئێران لەسەر بنەمای "هاوسەنگیی نەرێنی" خۆی دەنواند. ئێستاش بەرەی دێموکراتیک وەک درێژەدەری ڕێگای موسەدیق لایەنگری سیاسەتی "هاوسەنگی"یە. بەڵام ئەو هاوسەنگییە بە هۆی بارودۆخی شۆڕشی ئێران دەبێ هەڵگری تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکان بێ. چونکە ئیمپریالیزم بەسەر جیهان و ناوچەکەدا

زاڵە و وا باشترە بڵێم گرینگترین دوژمنی شۆڕشی ئێران، ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، هەرجۆرە سیاسەتێکی دەرەکیی ئێران  لە بنەڕەتدا دەبێ دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بێ.

# ساڵی سێهەمی شۆڕش
## فرێد هاڵیدەی

ئێران لە سێهەمین ساڵی شۆڕشدا شاهیدی هەرەسهێنانی ئەو هاوپەیمانییە سیاسییەیە کە سەرەتای شۆڕش خومەینیی گەیاندبووە دەسەڵات. هەروەها لەو سەردەمەدا لە تاراوگە شاهیدی لە دەوری یەک کۆبوونەوە و سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکین لە هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە کە لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا ڕۆڵ و نەخشیان هەبووە. بەپێی بەڵگەکان، لە حاڵی ئێستادا وا دێتە بەرچاو کە حکومەتی خومەینی توانیویەتی لە ڕێگای سەرکوتی بەربڵاو و تەنانەت بەهێزتر لە سەرکوتی سەردەمی شا، چالاکیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەرتەسک بکاتەوە.

ئەو هێزە ئیسلامییانەی ئێستا لە دەسەلاتدان، بەڕواڵەت وا دەر دەکەوێ کە دوای قەیرانی هاوینی ١٣٦٠ دووبارە پشوویەک بدەن. ڕەنگە ئەوە تەنیا ڕواڵەتێکی هەڵخەڵەتێن بێ و ئیمکانی هەیە ئینقلانی ئێران بەپێی ڕەوتی لەرزۆکی کە هەتا ئێستا هەیبووە، لە دەستپێکی ئەزموونی هەژانێکی دیکەدا بێ.

ساڵی سێهەمی شۆڕش بە ئازادکردنی بارمتە ئەمریکایی‌یەکان دەستی پێکرد و ئەو ڕووداوە کۆتایی بە قەیرانێکی نێودەوڵەتی هێنا و مەترسیی هێرشی نیزامیی ئەمریکای بۆ سەر خاکی ئێران ڕەواندەوە. بەوحاڵەش ئازادیی بارمتەکان نەبوو بە هۆکاری ئاگربەس لەنێوان ئەو جەناحانەی کە لە سەرەتاوە ئەوان پێکهێنەری قەیرانی بارمتەگرتنی ئەمریکایی‌یەکان بوون. بنەمای ئەو هەلومەرجەی بارمتەکانی لەسەر ئازاد کران، دەرخەری شکانێکی گەورە بۆ حکومەتی ئێران بوو. دانەوەی دەستبەجێی ئەو پارە و پووڵانە لە لایەن ئێرانەوە کە بە بانکەکانی ئەمریکا قەرزدار بوون، لە نەوعی خۆیدا ئیمتیازێکی بێ پێشینە بوو لە مێژووی شۆڕشە نوێیەکاندا. حیزبی جمهووریی ئیسلامی بەشێوەی خەڵەتاندنی خەڵک، بەڵگە ئەسڵییەکانی ئەو قەیرانەیان لە خەڵک شاردەوە. هەروەها ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا لە جەزاییر هەلێک بوو بۆ زیندووکردنەوەی شەڕی نێوان بەنی‌سەدر کە ئەوکات سەرۆک‌کۆماری ئێران بوو لەگەڵ دژبەرانی لە حیزبی جمهووریی ئیسلامیدا.

لە بانەمەڕی ١٣٦٠ خومەینی زۆر بەتوندی لە بەرانبەر بەنی‌سەدردا ڕاوەستا و مەجلیس بە پەیڕەوی لەو، حوکمی لابردنی سەرۆک‌کۆماریی هەڵبژێردراوی پەسەند کرد. دەستەیەک

لەسەر ئەو باوەڕەن کە حیزبی جمهووریی ئیسلامی ترسیان لە مەرگی لەناکاوی خومەینی هەبووە، هەربۆیە ئەو قەیرانەیان خوڵقاندووە. دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دژایەتیی حیزبی جمهووریی ئیسلامی لەگەڵ لایەنگرانی بەنیسەدر لەنێو دامودەزگاکانی جۆراوجۆری حکومەتیدا بووەتە هۆکار بۆ ناکارابوونی دەوڵەت. پێشبینیی بەنیسەدر وابوو کە هێزە نیزامییەکان یان دامودەزگای غەیرەنیزامی لە بەرانبەر لابردنی ئەودا بەربەرەکانی دەکەن، بەڵام دوای ئەوە کە زانی کردەوەیەکی وا ڕوو نادا، ناچار بوو لە مانگی جۆزەرداندا خۆی بشارێتەوە.

ڕووخانی بەنیسەدر سەرەتای تێکهەڵچوونێکی بەربڵاوتر لەنێوان ڕێبەری حیزبی جمهووریی ئیسلامی کە لەو سەردەمدا لە دەسەڵاتدا بوو لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چەپگەرا. ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠خۆپێشاندانی گەورە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە چوون. خەڵکێکی زۆر لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان موجاهیدین و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سپای پاسداران کوژران. ٧ی پووشپەڕ و دوای ئەو، دووبارە لە ٨ی خەرمانان بە دەیان کەس لە ڕێبەرانی حیزبی جمهووریی ئیسلامی وەک ئایەتوڵلا بەهەشتی (سەرۆکی شۆڕای شۆڕش و دیوانی بەرزی وڵات)، محەممەدجەواد باهونەر(سەرۆک وەزیران) و محەممەدعلی ڕەجایی(سەرۆک‌کۆمار) لە تەقینەوەکاندا کوژران. هەزاران کەس لە لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵق یان لەسەر شەقامەکان و یان لە زیندانەکاندا ئیعدام کران و بە هەزارانی دیکەش زیندانی کران. ئەزیت و ئازاردانی زیندانی بوو بە کردەوەیەکی ئاساییی پۆلیس. بەڵام لەگەڵ بوونی ئیرادە و گیانبازیی دژبەران و تێداچوون و کوژرانی ڕادەیەکی زۆری کادری ڕێبەریی ئەوان، نیزامی حاکم لەسەر پێی خۆی مایەوە. حکومەت توانی هەم مەودای بەربەرەکانیی دژبەرانی بەرتەسک بکاتەوە و هەم هێزی نوێ بۆ ئیدارەی وڵات بێنێتە سەر کار. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی سێهەمی شۆڕش وا دەر دەکەوێ کە نیزامی حاکم لە بەشێکی بەرەکانی گرینگی نێو کۆمەڵگە جێ پێیەکی قاییمی بۆخۆی وەدەست هێناوە.

بە بوونی تێکهەڵچوونی بەردەوامی جەناحی لەنێو ڕێبەریی حیزبی جمهووریی ئیسلامی و ئەزیت و ئازاری دەستە و تاقمی نیزامی بناژۆخواز و تونداژۆی ئیسلامی، وا دەر دەکەوت کە پێوەندییەکی کارساز لەنێوان ئەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵی ڕێبەریان هەبوو، پێک هاتووە. دەوڵەتیش لە حاڵی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک سیاسەتدا بوو کە لە کۆتاییدا لە لایەن خومەینی و مەجلیس پەسەند و پشتیوانی دەکران.

لە حاڵێکدا هێزە دژبەرەکان ساختاری ژیانی نهێنیی خۆیان پاراستبوو و بێزاری لە حکومەت لەنێو بەشی زۆری کۆمەڵگەدا شەپۆلی دەدا، ڕادەی چالاکیی دژبەران ڕووی

لە کەمی کردبوو. موجاهیدین زۆرتر کاری لەسەر کوشتنی هێزەکانی دەوڵەت دەکرد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاخەکانی ڕۆژاوای وڵات کەوتبووە حاڵەتی شەڕێکی بەرگریکارانەوە. چالاکیی گرووپ و ڕێکخراوەکانی دیکەی وەک فیدایانی زۆرینە و پەیکار لە کردنی هێندێک کردەوەی چریکیی پڕشوبڵاو بەتایبەتی لە بەشی باکووری وڵات کورت ببوونەوە.

حکومەت خەریکی دانانی بناخەی پایەکانی لە حەوزەی ئابووریدا بوو. ساڵی ١٣٦٠ ساڵێکی بە بەرەکەت بۆ جووتیاران بوو. هەناردەکردنی نەوت ڕۆژانە لە ٤٤٠ بەرمیلەوە گەیشتە یەک میلیۆن بەرمیل. بە لەبەرچاوگرتنی هاوردەکردنی کەلوپەل نزیکەی یەک میلیارد دۆلار لە مانگدا، داهاتی نەوت بۆ دابینکردنی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە بەس بوو و بڕیاری ڕێژیم لە نەتەوەییکردنی بازرگانیی دەرەکی ئیمکانی ئەوەی ڕەخساند کە پێش بە هاوردەکردنی کەلوپەلی "لۆکس" بگرێ. بێکاریی بەربڵاو، بەفیڕۆچوونی سەرمایە و هەڵاوسان درێژەی هەبوو. بەڵام وا وێدەچوو ڕەوتی کارەساتباری ساڵی ڕابردوو کۆتایی پێ هاتووە و ڕاوەستاوە.

ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ڕووحییەی سەرتری خۆی لە شەڕ لەگەڵ ئێراقدا توانیبووی هێندێک سەرکەوتن وەدەست بێنێ. هێزە تەجاوزکارەکان دەر بکا و ئابڵۆقەی شاری ئابادان تێک بشکێنێ. بەوحاڵەوە، مەرجەکانی ئێران بۆ ئاشتی هەر لەو چوارچێوەیەدا مایەوە کە ئێراق قەبووڵی نەبوون: تەسلیم بوونی بێ‌مەرج، قەبووڵکردنی تەجاوز لە لایەن ئێراقەوە، دانی قەرەبووی شەڕ هەتا ١٠٠میلیارد دۆلار و گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی جەزاییر١٩٧٥( بە مانای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دەستکاریکردنی سنوورەکان). ئێران پێداگر بوو لەسەر ئەو بابەتە کە هیچ ئیدیعایەکی لەسەر خاکی ئێراق نییە. شەڕ بوو بە هۆکاری بەتاڵبوونی بەشێکی بەرچاو و بەربڵاو لە پاشەکەوتی نەختینەی ئێران . کێشانی شەڕ بۆ نێو خاکی ئێراق و داسەپاندنی مەرجەکانی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئێراق، ئەویش لە کاتی دانیشتنی کۆڕبەندی سەرۆکی وڵاتانی (جنبش عدم تعهد) کە لە سێپتامبری ١٩٨٢(گەلاوێژ و خەرمانانی١٣٦١) لە بەغدا بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو، بابەتێک بوو کە ڕێبەرانی حکومەتی ئێرانی وەسوەسە دەکرد.

دوای کۆتاییهاتنی گرژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر بارمتەگرتن، پێکهێنانی نەزمێکی ڕێژەیی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە دەستووری کاری حکومەتی ئێراندا قەراری گرت. پێوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژاوا لەو دەورەدا ساردە، بەڵام دوژمنکارانە نییە. یەکیەتیی سۆڤیەت هاوکات کەرەسە و پێویستییەکانی شەڕ بە ئێراق و ئێران دەفرۆشێ. یەکیەتیی سۆڤیەت لە دوو توێی ڕێککەوتننامەی توجاریی دوولایەنە و پێدانی ئیمکاناتی ترانزیتی بە کەشتییە بازرگانییەکان کە لە ڕێگای کاناڵە ئاوییەکان بەرەو بەندەرەکانی

باشووری دریای خەزەر دەڕۆن، یارمەتیی ئابووری بە ئێران دەکا. کۆریای باکووریش هێندێک کەرەسەی نیزامی بۆ ئێران دابین دەکا.

پێوەندیی ئابووری لەگەڵ بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە وەک (پاکستان، تورکیە و لیبی) گەشەی کردووە و پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ سورییە و لیبی و جەزاییر پەرەی ئەستاندووە. لەو سەروبەندەدا هەواڵێک بڵاو بووەوە کە باسی لەوە دەکرد ئێران کەرەسەی نیزامی لە ئیسرائیل وەرگرتووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە پێوەندیی ڕێکخراوی ئازادییەخشی فەلەستین بەخێرایی بەرەو ساردی و نەمان ڕۆیشت.

ئەو ئاڵوگۆڕانە هاوکات بوون لەگەڵ ڕەوتی هێدی هێدیی سەقامگیریی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە دوای شۆڕش. سپای پاسداران ساختارێکی یەکگرتوو و لە هەمان کاتدا توندائژۆی بەخۆیەوە گرتبوو. دادگاکانی شۆڕش بەو حوکمانەی دەریان دەکردن و بە کردەوە جێبەجێیان دەکردن، ببوو بە دەزگای ڕێکخستن لە لایەن دەوڵەتەوە.

حکومەت و دامودەزگای لایەنگری لەنێو خەڵک (کومیتە، ڕایەڵکەی مزگەوتەکان و جیهادی سازەندەگی) وەک کەرەسەیەکی ڕێکخراو و سازماندراو خرایە خزمەت سپای پاسدارانەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان لەنێو لایەنگرانی ڕێژیمدا بەکار دەهێنران. وێدەچێ دەوڵەت توانیبێتی تواناکانی بەسیج و گردبوونەوەی بەرینی خەڵک لە شارە گەورەکان بۆ ئامانجی ئیدۆلۆژیک، هاندان بۆ یارمەتیدانی ماڵی و کاری ئیجباری بەدەستەوە بگرێ و بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ. هەروەکی پێشوو بۆ ڕازیکردنی ئەوانەی دەیانهەوێ پشت لە حکومەت بکەن، کەڵک لە کەسایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی وەردەگیرێ. لە هەمان کاتدا سەرکوتی دڕندانە، تیرۆر، عەوامگەرایی بەشێوەی ڕێژەیی لە سەقامگیریی نیزامی ئیسلامیدا ڕۆڵی گرینگیان هەبووە.

حکومەتی خومەینی جگە لە پشتیوانیی دامودەزگاکانی دەوڵەتی، حیزبی حاکم و مزگەوتەکان هێندێک لە ئەحزابی چەپ وەک حیزبی توودە، فیدایییان لایەنی زۆرینە و لقێک لە حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست پشتیوانییان لێ دەکرد. سەبارەت بە توانای ئینسانی و ڕادەی لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانە هێندێک شک و گومان هەیە. تێڕوانینی ئەوان بەربەرینتر بوو لە نیگەرانی بۆ مان و مەوجوودییەتی خۆیان، باوەڕیان بە دژە ئیمپریالیست بوونی حکومەتی خومەینی کردبوو و لەسەر پێویستیی لانیزۆری یەکیەتی لە بەرانبەر هەڕەشەکانی دژە شۆڕش پێداگر بوون. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، هاوپەیمانیی هێزە چەپ و سێکۆلارەکان لەگەڵ حکومەت هەم لە لایەن لایەنگرانی خۆیانەوە و هەم لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە هێزە نیزامی و ئەمنییەتی ڕاستگەرا کە لایەنگرانیان دژی بوونی کەسانی

سەر بە حیزبی توودە و فیدایی‌یان لە وەزارەتخانەکانی حکومەت بوون، ئەوانی تووشی گرفت کردبوو. ئیحتماڵەن گرووپە دەستی ڕاستییەکان لە حیزبی جمهووریی ئیسلامی، لە چاو لایەنگرانی چەپی سێکۆلار، ڕۆڵی زۆر زیاتریان لە سەقامگیریی حکومەتی خومەینیدا هەبووە. "بزووتنەوەی موسوڵمانانی موبارز "حەبیبوڵڵا پەیمان کە ڕۆڵی ڕێبەریکردنی لە بە بارمتەگرتنی ئەمریکایی‌یەکاندا هەبوو، "فیدایی‌یانی ئیسلام" ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی و "سازمانی موجاهیدینی شۆڕش ئیسلامی" بێهزاد نەبەوی لەنێو ئەو هێزانەدا بوون کە گوشار و پاڵەپەستۆیان خستبووە سەر حکومەت کە دەبێ شۆڕش بە نێوان هێڵە گشتییەکانی ئیسلامدا بڕوا. بوونی ئەوانە جۆرێک لە جەناحبەندی پەرە پێ دەدا کە لە دەرەوەی ئێران شێوازێکی لەو بابەتە نابیندرێ.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەبن. دەستەی یەکەم، سەڵتەنەتخواز و کۆماریخوازانی سێکۆلارن کە بۆ جێگرەوەی خومەینی لایەنگری شێوازێکی غەیرەشۆڕشین. عەلی ئەمینی سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەنێو ئەوانەدایە و توانیویەتی هاوپەیمانییەکی بەربڵاو لەنێو سیاسەتمەدارانی ئێرانیی نیشتەجێ لە پاریس پێک بێنێ کە بەرگری لە جۆرێک نیزامی مەشرووتە دەکەن.

شاپووری بەختیار دوایین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی پەهلەوی، لەو هاوپەیمانییەدا بەشدار نییە. بەشداری نەکردنی بەختیار زۆرتر لاساریی کەسییە هەتا ڕیشەی لە دژایەتیی سیاسیدا بێ. لە ڕوانگەی ئەمینییەوە، گرفتی سەرەکی لە ئێران دامەزراندنەوەی دووبارەی قانوون و نەزمە. دەستەی دووهەم، لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بریتین لە گرووپە مارکسیستەکان کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەجەوی و بەنی‌سەدر بەرەو ڕاست ڕۆیشتوون. فیدایی‌یانی کەمینە(اقلیت) بەرنامەکەی ڕەجەوی بە ڕێفورمیستی دەزانن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەنی‌سەدر کەسێکی بورژوایە و نابێ جێگەوپێگەی لە هاوپەیمانیی سیاسیدا هەبێ. ئەوان لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن خۆ دەبوێرن. دەستەی سێهەم گەورەترین ڕەوت لەخۆ دەگرێ، پێکهاتەیەکە لە موجاهیدینی خەڵق، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەنی‌سەدر و بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکدا بەناوی "شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی" لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە. ئەو هاوپەیمانییە لە ئۆکتۆبری ١٩٨١ لە پاریس پێک هات.

شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی بۆ پێکهێنانی کۆماری ئیسلامیی دێموکراتێک و دامەزراندنی شۆڕا سەرانسەرییەکان بۆ ئیدارەی وڵات بانگەواز دەکا. ئەو شۆڕایە، بۆ نەتەوەییکردنی بازرگانیی دەرەکی و زیندووکردنەوەی پیشەسازیی نەتەوەیی و هەروەها بەڕێوەبردنی ئیسلاحاتی زەویوزار بە شێوازێکی دادپەروەرانەتر لە پێشوو، بەرنامە و ڕێکاری هەیە. شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی باسی دەستەبەریی دابینکردنی مافی ژنان و کەمایەتییە مەزهەبییەکان

و نەتەوە غەیرەفارسەکان و پێکهێنانی یەکیەتییە کرێکاری و دامەزراوە سێنفییەکان دەکا. ئەو شۆڕایە هیواخوازە هەموو ئەو هێزانەی لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەشدار بوون و ئێستا دژایەتیی خومەینی دەکەن، پێکەوە یەک بگرن. لە نێوخۆی وڵاتدا ئەو شۆڕایە بە بوونی موجاهیدینی خەڵق و حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی ئۆپۆزیسیۆنێک لە گەورەترین و ڕێکخراوترین گرووپ و چالاکترین ئەندام پێک بێنێ. ئەوان هیواخوازن بە پێکهێنانی بەرەیەکی ئاوا بەرین لە دەرەوەی وڵات، هێزەکانی نێوخۆی ئێران کە لە شک و گوماندان یان سەربەخۆ کار دەکەن، تێکەڵ بەو هاوپەیمانییە ببن. ئەو هێزانە بریتین لە هێزی چریکیی چەپگەرا وەک فیدایی‌یانی کەمینە کە سەبارەت بە ئیعتباری شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی شک و گومانیان هەیە و هێزە مەزهەبییەکان و بازاڕی کە لە سەردەمی سەرەتای شۆڕش پشتیوانییان لە خومەینی کردووە، بەڵام ئێستا لە ڕێژیم نیگەرانن. دیاریکردنی هێز و توانای ئۆپۆزیسیۆنی مەزهەبی-بازاڕی دژوارە. وێدەچێ ئەو هێزە لە پانتاییی ئێراندا بەربڵاو بێ، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا خاوەنی چوارچێوەیەکی سازماندراو نییە. بەشێک لە کەسایەتیی ناسراوی بازاڕ لە فەڕانسە بوونە پەنابەر و بەشێکی باش لە سەرچاوەی ماڵیی خۆیان بۆ کار و کردەوەکانی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی تەرخان کردووە.

جگە لەو پرسیارانەی سەبارەت بە ڕادەی پێشوازی لە شۆڕا لە نێوخۆی وڵات و بەکردەیی بوونی ڕووخانی حکومەتی خومەینی، کۆمەڵێک پرسیاری دیکەش سەبارەت بە بەرنامەی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی دێننە ئاراوە. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە ئایا ئەوان بە کردەوە دەتوانن حکومەتێکی جمهووری کە هەم ئیسلامی و هەم دێموکراتێک بێ، پێک بێنن؟ هەر ئێستا زۆربەی ئێرانییەکان لە شک و گوماندان کە کەڵکوەرگرتن لە ئیسلام ئوسوولەن لەگەڵ دێموکراسی دەگونجێ؟ ڕیشەی دەمارگرژیی گرووپە ئیسلامییەکانی ڕاستگەرا و پاوانخوازیی حکومەتی خومەینی دەبێ لە تێگەیشتنی ئەوان لە حەقانییەتی مەزهەبەکەیان بەدوایدا بگەڕێین. حاکمییەت مەشرووعییەتی دژایەتی لەگەڵ ژنان و هاوڕەگەزبازان و ئەزیت و ئازاری پەیڕەوانی مەزهەبی بەهایی لە مەزهەبی خۆی وەرگرتووە و تەنیا بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو لەلایەن وتەبێژی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی مەحکووم کراوە. بەرنامەی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی لەبابەت دابینکردنی مافی ژنان و کەمایەتییە مەزهەبییەکان، ناڕوونە. پێشنیاری پێکهێنانی نیزامێکی سیاسی لەسەر بنەمای دامەزراندنی شۆڕاکان لە سەرانسەری وڵات زیاتر ڕەنگ و بۆنی ئارمانشار دەدا. لە وڵاتێک کە تووشی قەیرانی ئابووری و سیاسی بووە، لە بەرنامەی شۆڕادا ، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو گیر و گرفتە دیار و بەرچاوانە کە بۆ پێکهێنانی دامەزراوە دێموکراتیکەکان دێتە پێش، لەبەرچاو نەگیراوە.

ڕەنگە لە سەردەمی دوای ئەو شۆڕشەی لە پێشدایە، سێ هۆکار کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێ. پەرەئەستاندنی شەڕ لەگەڵ ئێراق، زیندوو یان مردووی خومەینی و توانا و هێزی ئۆپۆزیسیۆن بۆ درێژەپێدانی تێکۆشانیان. سێهەمین ساڵی جمهووری ئیسلامی هەم مانەوەی ساختاری سیاسیی ڕێژیمی بەدوای خۆیدا هێنا و هەم شاهیدی دروستبوونی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بوو. وێناچێ ساڵی چوارەمی شۆڕش لەوە زیاتر پێشبینی بکرێ.

# وتووێژی مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی

## "دیکتاتۆری لەژێر ناوی ئیسلام"

شێخ عیزەددین حوسێنی ناسراو بە "مامۆستا" ساڵی ١٣٠١ه.ش لە شاری بانە لەدایک بووە(هاڵیدەی، ١٩٨٣، ئەنیستیتۆی کورد). ناوبراو لە قوتابخانەی ئایینی دەرسی خوێندووە و دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەرسی ئایینی بە خوێندکارەکانی گوتووەتەوە. عیزەددین حوسێنی لە ساڵی ١٣٢٢ه.ش بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ-کاف و هاتە نێو دنیای سیاسەتەوە و دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد و لە دامەزرانی کۆماری کوردستان-دا(١٣٢٤) بەشدار بوو. ئامانجی ئەو ڕەوتە سیاسییە دروستکردنی یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی کورد و هەوڵدان بۆ وەدەستخستنی خودموختاریی کوردستان بوو(هاڵیدەی، ١٩٨٣م، ئەنیستیتۆی کورد). حوسێنی ئارام ئارام وەک مامۆستایەکی دیاری مەزهەبی سوننە لەنێو خەڵکی کوردستاندا ناوبانگی دەرکرد و لە بەرەبەری ئینقلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ه.ش، ڕێبەریی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە کوردستان کرد(بی‌بی‌سی ١٣٨٩). دوای سەرکەوتنی شۆڕش، حوسێنی بە هۆکاری ناڕوونبوونی ناوەرۆکی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەنگی بەو نێزامە نەدا(ڕۆژنامەی کەیهان،١٣٥٨/١/٨). لە سەردەمی وتووێژەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، سەرۆکایەتیی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردی کرد(قاسملوو،١٩٨١م). حوسێنی لەسەر بانگهێشتنی دەوڵەت لە بەهاری ١٣٥٨ه.ش سەردانی خومەینی کرد و داوای لە خومەینی ئەوە بوو کە مافی خودموختاری بە کوردستان بدا. ناوبراو هەر لەو دیدار و چاوپێکەوتنە لەگەڵ خومەینی بەو ئاکامە گەیشت کە حکومەتی نوێ ئەو مافە بە کورد نادا(هاڵیدەی،١٩٨٣م- بی بی سی ١٣٨٩ه.ش). لە پاییزی ١٣٥٨ه.ش وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی شکستی هێنا.

ئەم وتووێژەی بەردەستتان ساڵی ١٣٦٠ه.ش کاتێک کە عیزەددین حوسێنی بۆ یەکەم جار سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بە سەردان لە پاریس بوو، بەڕێوە چووە. بە وتەی حوسێنی، بەپێچەوانەی خومەینی لە سەردەمی دوورخراوەیی بۆ فەڕانسە، ئەو سەفەرەی بە هەلێکی باش دەزانی بۆ ئەوەی بتوانێ لە پێتەختی فەڕانسە بگەڕێ و لەگەڵ مێژوو و کولتووری ئەو وڵاتە زیاتر ئاشنا بێ(هاڵیدەی، ١٩٨٣م). ناوبراو ساڵی ١٣٦١ لە کاتێکدا گەڕایەوە کوردستان کە شەڕێکی توند و خوێناوی لەنێوان پێشمەرگەکان و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران لە ئارادا بوو. شێخ عیزەددین حوسێنی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ لە تەمەنی ٨٩ ساڵی لە شاری ئۆپسالای سوئێد کوچی‌دوایی کرد(ئەنیستیتۆی کورد).

## ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە پێوەندیی كورد و دەوڵەتی ناوەندی دوای شۆڕش چییە؟

ویستی خودموختاری بۆ پێش شۆڕش دەگەڕێتەوە. كورد لە سەركەوتنی شۆڕشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، چاوەڕوانی ئەوە بوون كە دوای سەركەوتنی شۆڕش ڕێز لە مافەكانیان بگیرێ. كوردان لەسەر ئەو باوەڕە بوون كە وتوویژ دەتوانێ ڕێگایەك بۆ چارەسەریی ناكۆكییەكان بێ. چەند ڕۆژ دوای سەركەوتنی شۆڕش، یەكەم هەیئەتی دەوڵەتی كاتی بە مەبەستی وتوویژ هاتنە شاری مهاباد. لەو وتوویژ و دیدارەدا ئێمە بەرنامەیەكی هەشت ماددەییمان پێ دان، بەڵام ماوەیەك دواتر شەڕ لە شاری سنە رووی دا. هەر بەو هۆكارە و لەسەر بانگهێشتنی دەوڵەت من سەفەری تاران و قومم كرد هەتا لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕێبەرانی دیكەی دەوڵەت دابنیشم. ئێمە لەو سەردەمدا زۆرمان هەوڵ دا كە ناكۆكییەكان لە ڕێگای كەرەسە سیاسییەكانەوە چارەسەر بكەین. بەڵام ڕێژیم زۆر لەوە بناژۆخواز و كۆنەپەرەستتر بوو بیهەوێ ناكۆكییەكان بە ڕێگای ئاشتییانە چارەسەر بكا. ئەوان دوژمنایەتیی نەتەوە و مەزهەبی ئێمە دەكەن، چونكە زۆرینەی خەڵكی كوردستان سوننە مەزهەبن.

## مەبەست و ناوەرۆكی هێرشەكانی ئەو دواییانەی حكومەت بۆ سەر كوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

ئەو هێرشانە زۆر توندتر و دڕندانەتر لە هێرشەكانی ڕابردوو بوون. هەتا ئێستا لە ناوچەكەدا لەشكری ٦٤ی ورمێ و لەشكری ١٢٨ی سنە لە ڕێگای لەشكرەكانی قەزوین و تەورێزەوە بەهێز كراون. هەروەها سپای پاسداران و بەسیج بە لێشاو ڕەوانەی كوردستان كراون. ئەو هێزانە ئێستا لە ڕێگای پیرانشار- سەردەشت خەریكی پێشڕەوین بە مەبەستی ئابلۆقەدانی ناوچە ئازادكراوەكان. ئامانجی ئەوان ئەوەیە پێوەندیی ئێمە بە دنیای دەرەوە بپچڕێنن و بەرەیەكی دیكەی شەڕی ئێران و ئێراق لەو ناوچەیە بكەنەوە.

## ئایا ئەوان (دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی) هەوڵ دەدەن كورد بچێتە سەر مەزهەبی شیعە یان بۆ ئەو مەبەستە ناچاریان دەكەن؟

قانوونی بنەڕەتیی ئێران ناوەرۆكی شیعەی هەیە، ئەگەر وایە لەودا جێگایەك بۆ مەزهەبی سوننە نییە. ئەوان كەس ناچار ناكەن بچنە سەر مەزهەبی شیعە، بەڵكو زۆرتر هەوڵیان ئەوەیە هەلومەرجێك بخوڵقێنن كە تەواوی ئێرانییەكان بۆخۆیان ڕوو لە مەزهەبی شیعە بكەن. لەو ناوچانەی كوردستان كە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، مامۆستای قوتابخانەكانیان گۆڕیوە و بە جێگای ئەوان كەسانێك كە ئێمە پێیان

دەڵێین ”پاسدار معلم“ و ئەندامی سپای پاسدارانن، وەک مامۆستا داناوە. جگە لەوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بەرپرسایەتیی کاروباری مەزهەبی بە ڕووحانییەتی شیعە سپێردراوە، لە ورمێ ”حوزە علمیە“ بۆ پەروەردەکردنی ڕووحانییەتی شیعە دامەزراوە.

## ئایا لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ خومەینی هەتبوو، ناوبراو گوێی بۆ قسەکانی ئێوە ڕاگرت؟

من لە ژوورێکی گەورە چاوم بە خومەینی کەوت. ناوبراو هاتە ژوورەکە و چەند کەسایەتییەکی دیکەی مەزهەبی شیعەی لەگەڵ بوو، لە هاتنەژووردا دەستی لەنێو دەستم نا. من دوو داواکاریم لە خومەینی هەبوو. یەکەم، ئێمە دەبێ قانوونی بنەڕەتیی ئیسلامیمان هەبێ، واتە نابێ بە شیعە و سوننە لێکی جیا بکەینەوە. دووهەم، خودموختاریی کوردستان بە ڕەسمی بناسرێ. خومەینی لە وەڵامی مندا هێندێک قسەی گشتگیر و هەمەلایەنەی کردن. ئەو بە منی گوت لە ڕابردوودا زوڵم لە هەموو ئێرانییەک کراوە، لەوە بەدواوە وەزعەکە بەرەو باشتربوون دەڕوا. لە کاتی خواحافیزیدا خومەینی داوێنی عەباکەی منی گرت و گوتی: ”من ئەمنییەتی کوردستانم لە ئێوە دەوێ.“لە بەرانبەردا منیش داوێنی عەبای ئەوم گرت و گوتم:” منیش خودموختاریی کوردستانم لە ئێوە دەوێ.“ ئەوەی لە دانیشتنی مانگی ئاوریلی ١٩٧٩(بەهاری ١٣٥٨) تێگەیشتم ئەوە بوو کە خومەینی هیچ شتێک بە ئێمە نادا.

## وەک ڕێبەرێکی مەزهەبی، ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە نەزەرییەی حکومەتی ئیسلامیی خومەینی و مانا و ناوەرۆکی ویلایەتی فەقیهی چییە؟

بەدرێژاییی مێژووی ئیسلام زۆر لە حکومەتەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە بۆ ئیسلام کار دەکەن. بەڵام ڕاستییەکەی هیچ کامیان ئیسلامی نەبوون. لە مێژوودا دەتوانین ئاماژە بە حکومەتەکانی ”سەفەوی و عوسمانی“ بکەین. لە سەردەمی ئێستاشدا لەگەڵ خومەینی ڕووبەڕووین، ئەوانە توێژێکن کە ئیسلام و ڕووحی ئیسلامییان لەنێو بردووە. لەو چەشنە حکومەتدارییە نەک لەگەڵ ئیسلام بەڵکو لەگەڵ دیکتاتۆری و ملهوڕی بە ناوی ئیسلام ڕووبەڕووین، ئەوان کەڵکی خراپیان لە مەزهەب بۆ سەرکوتی خەڵک وەرگرتووە و خەڵکیش ئەوە دەزانێ. ئێمە لە مەزهەبی سوننەدا ”ئیمام“ یان ”نایبی ئیمام“مان بە مانای ڕێبەریی سیاسی نییە. لە مەزهەبی سوننەدا ڕۆڵی ڕووحانی ئیرشاد و ڕێنوێنییە واتە ڕێنوینیی خەڵک بۆ ناسینی خواوەند. هێندێک لە ڕووحانییەتی شیعەش ڕوانگەی خومەینی ڕەت دەکەنەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەو حکومەتە لە بنەڕەتدا حکومەتێکی ئیسلامی نییە.

**حکومەتی جێگای پەسەندی ئێوە بۆ ئێران دەبێ چ تایبەتمەندییەک لەخۆ بگرێ؟**

حکومەت هەر جۆرێک بێ، پێویستە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. خۆم خوازیاری پێکهێنانی حکومەتێکی دێموکراتیکم کە لەودا هەموو ئێرانییەکان و نەتەوەکان بەپێی قانوون بەرابەر بن، حکومەتێک کە لەودا تەواوی باوەڕە مەزهەبییەکان و بیر و باوەڕەکان ئازاد بن و ئازادیی ڕادەربرین و چاپەمەنی بەڕەسمی بناسرێ. هەر حکومەتێکی مەزهەبی بەناچاری بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا کە لەودا مەزهەب بەناوی خوا دەبێتە کەرەسەی سەرکوت، لێدان، کوشتار و ئیعدامی جیابیران. خوازیاری حکومەتێکی دێموکراتیکم کە مافە نەتەوایەتییەکان و خودموختاریی کوردستان بەڕەسمی بناسێ.

**لە کوردستان دوو هێزی سیاسیی گرینگ هەن: حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە، کە لە دوای شۆڕش هێندێک ناکۆکی لەنێوان ئەو هێزانەدا دەبیندرێ. باسی ئەوە دەکرێ کە ئێوە لە کۆمەڵە نزیکترن. پێوەندیی ئێوە لەگەڵ ئەوان چۆنە؟**

من وەک کەسایەتیی مەزهەبی، لە کوردستان سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نیم و لەگەڵ هەر دوو لایەن پێوەندیی دۆستانم هەیە. ڕادەی نزیکایەتیی من بەو لایەنانە، بە ڕادەی سووربوونی ئەو لایەنانە لەسەر خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ خومەینی بەستراوەتەوە. هەر لایەنێکی سیاسی لەو خەباتەدا زیاتر هەوڵ بدا، لەو نزیکتر دەبم. حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە لە دوو بابەتدا لەگەڵ یەک بۆچوونی هاوبەشیان هەیە کە منیش لەگەڵیان هاوبۆچوون و هاوڕام: خەبات بۆ ڕووخانی حکومەتی خومەینی و دەستەبەرکردنی خودموختاری بۆ کوردستان. من هەموو کات پێشوازیم لە هاوکاریی ئەو دوو لایەنە سیاسییە کردووە. بەخۆشییەوە ئێستا هاوئاهەنگی لەنێوان ئەواندا زۆرتر بووە و بۆ یەکەم جار لە ناوچەی سەردەشت -پیرانشار بە هاوبەشی ناوەندێکی فەرماندەییی نیزامییان پێک هێناوە. من ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە پێوەندیدام و پشتیوانی لە هەموو ئەو لایەنانە دەکەم کە بۆ خەڵکی کوردستان دژی خومەینی خەبات دەکەن.

**ئێوە هەتا ئێستا نەچوونە نێو شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی، بەڵام لەو دواییانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو کارەی کردووە. ڕوانینی ئێوە بۆ شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی چۆنە؟**

ڕێکخراوی موجاهیدین ڕێکخراوێکی مەزهەبییە و ئێمە لەگەڵ ئەوان لە زۆر بابەتدا هاوبەشین. ئەوە ڕاستە کە ئەوان شیعە مەزهەبن. بەڵام ئێمە پشتیوانی لە خەباتی ئەوان دژی حکومەتی خومەینی دەکەین. من لەگەڵ موجاهیدین و زۆربەی ئەندامانی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی

پێوەندییەکی دۆستانم هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک ڕەخنەم لە بەرنامە و پێکهاتەکەیان هەیە.

**بابەتێکی سەرەکی لە شۆڕشی ئێران بۆ پێوەندیی سۆسیالیزم و ئیسلام دەگەڕێتەوە. هێندێک (چ لەنێو مەزهەبییەکان و چ لەنێو سۆسیالیستەکان)دا لەسەر ئەو باوەڕەن کە دژایەتی و ناکۆکیی دوور لە ئاشتی لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە؟**

سۆسیالیزم لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئێران ناگونجێ. ئێستا ئێمە لە قۆناغی جێگیرکردنی دێموکراسیداین. بۆ پێکهێنانی هەلومەرجی سۆسیالیزم، سەرەتا نیازمان بە دامەزراندنی دێموکراسی هەیە. ڕوانگەی تایبەتیی خۆم ئەوەیە کە نیزامی ئابووریی سۆسیالیستی لەگەڵ ئیسلام دژایەتیی نییە، بەڵام باوەڕم بە بنەماکانی فەلسەفەی سۆسیالیزم نییە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە ڕوانگەی منەوە ڕووحی سۆسیالیزم و ئیسلام لەگەڵ یەکتر لە تەزاددا نین، دەبێ بڵێم کە وەدیهاتنی سۆسیالیزم لە قۆناغی ئێستای ئێران لە دەستووری کاردا نییە.

**ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە سیاسەتی زلهێزەکان لەبابەت ئێرانەوە چۆنە؟**

زلهێزەکان هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ خومەینی نییە و ئەوان ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەن کە خومەینی دەبێ هێندێک کار لە ئێراندا بەرێتە پێش.

**ڕوانگە و تێڕوانینی ئێوە سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤیەت چۆنە؟**

ئێمە نەتەوەیەکی سەرکوت کراوین و هەر کەس بیهەوێ یارمەتیمان بدا، پێشوازی لێ دەکەین، بەڵام هیچ ئومێدێکم بە سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت نییە. ئەوان چەندین جار بە ئێمەیان گوتووە کە دەیانهەوێ بەرگری لە ئێمە بکەن، بەڵام قەت لەو بوارەدا ڕاست نەبوون. ئێمە هەر کەس پشتیوانیمان لێ بکا، پێی خۆشحاڵ دەبین و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵی بەپارێز دەبین.

**چۆن بوو وەک کەسایەتییەکی مەزهەبی هاتییە نێو تێکۆشانی سیاسییەوە؟**

من لە ساڵی ١٣٠١ لە بنەماڵەیەکی مەزهەبی لە شاری بانە لەدایک بووم. وەک هەموو خوێندکارانی دیکەی مەدرەسەی دینی لە مزگەوتەکان لەژێر نەزەری مامۆستایانی ئایینی دەرسم خوێندووە. بنەماڵەکەشم خوێندەوار بوون. سەرەتا زانستی کۆن فێر بووم و بۆ فێربوونی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی کەسی و بۆخۆم بەدوایدا ڕۆیشتووم. لە مهاباد بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ دەرسی مەزهەبیم بە فێرخوازان گوتووەتەوە. لەو ماوەیەدا هەوڵم داوە

باشتر لە ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بگەم. ئەو بابەتە بوو بە هۆکاری دوژمنایەتیی ئاخوندە توندئاژۆکان لەگەڵ من، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان توانیم لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بم. تیکۆشانی سیاسیی من بە ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژێ-کاف دەستی پێکرد. ئەو ڕێکخراوە سیاسییە لە ساڵی ١٣٢١هەتاوی دوای ڕووخانی حکومەتی ڕەزاشا لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی کورد دامەزرا. لە دواییدا دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتم کردووە. هاوکاریی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ و٤٧ی هەتاویم کردووە و لەگەڵ خەباتکارانی ئەو بزووتنەوەیە لە نزیکەوە پێوەندیم هەبووە. لە سەردەمی شادا ڕووناکبیران و هێزە شۆڕشییەکان لە ماڵە من کۆ دەبوونەوە.

## ئێوە چ دەرسێکتان لە دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری مهاباد وەرگرتووە کە بە پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٣٢٤ دامەزرا؟

لەسەر یەک ئەزموونێکی باش بوو. فەرهەنگی کوردی پێش لە دامەزرانی کۆماری کوردستان زۆر شێواو و لێکترازاو بوو، ئەو ڕووداوە کاریگەریی باشی هەبوو. کەموکووریی ئەو حکومەتە ئەوە بوو کە بەهۆی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە، یانی بورژوازی، ئاغا و ئەربابەکان و هێزێکی باڵادەستی نێو پیاوانی ئایینی دامەزرا. کۆمەڵەی ژێ-کاف سەرەتا لەنێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان جێگای خۆی کردبووەوە و خۆشەویست بوو. بەڵام خەڵک لە کۆماری مهاباد بەهۆی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبەرانی ئەوەندە خۆشەویست نەبوون. هەروەها سنووری ژێر دەسەڵاتی ئەو کۆمارە تەنیا بەشێکی بچووکی کوردستانی لەخۆ دەگرت. جووڵانەوەی ئێستا زۆر زیاتر لەو کات بەربڵاوتر بووە و تەواوی سنووری کوردستانی گرتووەتەوە. ژنان ئێستا ڕۆڵی بەرچاوتر و کاریگەرتریان هەیە، لە حاڵێکدا لە جووڵانەوەی ١٣٢٤دا وا نەبووە.

## دەگەینە بابەتێکی گرینگ، پێوەندیی ئیسلام و کۆمەڵگە. ئێوە سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا چۆن بیر دەکەنەوە؟

باوەڕی من هەر ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام حوکم دەکا. ژنان لەگەڵ پیاوان بەرابەرن. ئینسان دوو لایەنی هەیە. ئەگەر ژنان وەدوا بدرێن، تەواوی کۆمەڵگە وەدوا دەکەوێ. کۆمەڵگەیەکی وا قەت پێش ناکەوێ. ژنان بارهێنانی منداڵەکانیان لە ئەستۆیە. ئەگەر ڕێگای پێشکەوتنیان لێ بگیرێ، ناتوانن بەباشی منداڵ پەروەردە بکەن. بەو ڕادەیە کە ژنان پێش بکەون، بەو ڕادەیەش کۆمەڵگە پێش دەکەوێ.

**ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە حیجاب کە ئێستا لە ئێران ئیجباری بووە، چۆنە؟**

من دیفاع لە ڕێگەچارەی نێوبەند دەکەم، پشتیوانی ئازادیی ژنان و ڕزگاریی ئەوانم و لەگەڵ داسەپاندنی حیجاب لە لایەن خومەینییەوە موخالیفم. پیاوان دەتوانن چاو لە جەستەی ژنان بکەن، بەڵام لەگەڵ بەربڵاوی و ئانارشیزم بۆ ژنان موخالیفم، ژنان هاوکات دەبێ هێمای کەرامەت و ئازادی بن.

# وتووێژ لەگەڵ شاپووری بەختیار
## ”ڕۆڵێک کە ئەمریکاییەکان گێڕایان، قێزەون بوو“

شاپووری بەختیار لە بنەماڵەیەکی خانەدان ساڵی ١٢٩٣ه.ش لە شاری کورد لەدایک بووە(بریتانیکا،٢٠١٩). ناوبراو سەردەمی لاوەتی لە دەرەوەی وڵات تێپەڕ کرد، لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس لە بەشی قانوون دەرسی خوێندووە و بۆ ماوەیەکیش لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا لەتەنیشت هێزەکانی فەڕانسە لە بەرەکانی شەڕ دژی ئاڵمانی نازی جەنگاوە(بەختیار، ١٩٤٨ ،بریتانیکا ٢٠١٩م). بەختیار دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە وەزارەتی کار دامەزرا و بووە ئەندامی حیزبی ئێران(بەختیار،١٩٨٤م). ناوبراو لە ڕەوتی جووڵانەوەی بەنەتەوەییکردنی پیشەسازیی نەوتدا پەیوەست بوو بە بەرەی نەتەوەیی و لە دەوڵەتی موسەدیقدا وەک وەزیری کار دیاری کرا(بەختیار، ١٩٨٤م-بریتانیکا، ٢٠١٩م). دوای ئەوەی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ ڕووی دا و دەوڵەتی موسەدیق ڕووخا، ئەو سیاسەتمەداره سۆسیال دێموکرات و نەتەوەییەیە ڕووی کردە سازماندانی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی لە چوارچێوەی بەرەی نەتەوەییی دووهەم(بەختیار،١٩٨٤). چالاکییەکانی ناوبراو لە بەرەی نەتەوەییی دووهەم و ڕەخنە لە سیاسەتەکانی شا بوونە هۆکار بۆ ئەوەی چەندین جار ڕەوانەی زیندان بکرێ.(هاڵیدەی، ١٩٨٢). شا لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٧ه.ش دوای شکستی دەوڵەتی ئەرتەشبود ئەزهاری لە کونترۆڵکردنی قەیرانی سیاسی، ناوبراو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران پێشنیاری بە بەختیار کرد. بەختیار بەپێچەوانەی کەسانێک لە ڕێبەرانی بەرەی نەتەوەیی وەک غوڵام حوسێن سەدیقی[1] و کەریم سەنجابی[2]، ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کرد(بەختیار، ١٩٨٤). ئەو کارەی ناوبراو بووە هۆی ئەوەی لە بەرەی نەتەوەیی دەری بکەن. کارنامەی ٣٧ ڕۆژەی بەختیار، هەڵوەشانەوەی ساواک، ئازادیی زیندانییانی سیاسی، لابردنی سانسۆڕ و دژایەتیی خومەینی و دژبەرانی دیکەی حکومەتی پاشایەتی، لەخۆ دەگرێ(هاڵیدەی،١٩٨٢-بەختیار،١٩٨٤-بریتانیکا٢٠١٩). لەگەڵ هەمووی ئەوانە، سەردەمی دەسەلاتداریی ناوبراو هاوکات بوو لەگەڵ هەڵچوونی شەپۆلەکانی شۆڕش کە دەرخەری کۆتاییی حکومەتی پەهلەوی بوو. دوای شۆڕش بەختیار بۆ چەند مانگێک لە ئێران خۆی شاردەوە و لە ئاکامدا لە پووشپەڕی ١٣٥٨ه.ش خۆی گەیاندە فەڕانسە(بەختیار،١٩٨٤-برتیانیکا ٢٠١٩). حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ی ه.ش-دا چەند جارێک هەوڵی دا بەختیار تیرۆر بکا،

١- -غوڵام حوسێن سەدیقی، کۆمەڵناس و یەکێک لە ڕێبەرانی بەرەی نەتەوەیی، لە دەوڵەتی موسەدیقدا وەزیری پۆست و تێلگراف و تەلەفوون بوو.

٢- -کەریم سەنجابی ، لە ڕێبەرانی حیزبی ئێران و بەرەی نەتەوەیی، لە دەوڵەتی موسەدیقدا وەزیری فەرهەنگ بووە. لە دەوڵەتی بازرگاندا بووە وەزیری دەرەوەی ئێران، بەڵام دوای ماوەیەک لەو پۆستە کشایەوە.

سەرەنجام لە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٠ه.ش لەنێو ماڵەکەی خۆی لە دەرەوەی پاریس لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا بە لێدانی چەندین زەربەی چەقۆ کوژرا(برومەند،بەختیار،بریتانیکا،٢٠١٩).

ئەم چاوپێکەوتنە ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ه.ش لەگەڵ بەختیار کراوە. لە کاتی وتووێژەکە بەختیار لە دەرەوەی وڵاتە و دوور خراوەتەوە. ڕێبەریی ڕەوتێکی سیاسی لەژێر ناوی "جووڵانەوەی بەرگریی نەتەوەیی" دەکا کە بەدوای دامەزرانی نیزامێکی پادشاییی مەشرووتە لە ئێراندایە.

## هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ دەسەڵات و هێزی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران چییە و چۆنە؟

هەر بەو جۆرە کە هەزار جاری دیکەشم باس کردووە، گرفت و کێشە لەو کاتەوە سەر هەڵدەدا کە خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە خومەینی نێردراوی خواوەندە. خەڵك کەوتنە داوی، وایان بیر دەکردەوە کە بەهەشتیان بۆ دروست دەکا. ئێستاش یەک لەسەر چواری ئەو کەسانەی وایان بیر دەکردەوە، لەسەر ئەو باوەڕەن. دەبێ لەبیرمان بێ ئەو کەسانە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو بارودۆخەی خومەینی خوڵقاندوویەتی، سودمەند بوون و قازانجیان لێ کردووە. ئەوان چەکدارن و سەرچاوەی داهاتیان بەدەستەوە گرتووە و نیزامێکی تیرۆریستییان پێک هێناوە. خومەینی لە بەرانبەر شادا هەڵوێستی گرتبوو، هەر ئەوە وای کرد پشتیوانیی زۆری خەڵک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بۆخۆی وەدەست بێنێ. بەڵام خومەینی ڕوانگەیەکی تەواو کۆنەپەرەستانەی هەبوو، ئاخوندێکی ویشک و کەلەڕەقە و بە مانای ڕاستەقینە ئێرانی نییە. خومەینی باوەڕی وایە کە پەیامی خوای پێیە. ئەوە کە ئایا بەڕاستی خومەینی باوەڕی بەو بابەتە هەیە یان لە ڕووی بێپرنسیپی وا دەکا، نازانم. ئەگەر خومەینی بەرنامەیەکی بۆ ئێران هەبووایە، دەیتوانی ساڵانێکی دووردرێژ بەسەر ئێراندا حکومەت بکا. بەڵام تۆ ناتوانی شەو بخەوی و بەیانی لە خەو هەستی و بەتەواوی ببی بە سیاسەتمەدارێکی پیشەیی. کەسانی بێئەقلی وەک بەنیسەردیش ئەو گرفتەیان هەبوو، ئەو بۆ ماوەی چواردە ساڵ لە پاریس دانیشتبوو، ئابووریی تەوحیدی خۆی دەڕست و دەچنی. ئێستا ئیدعا دەکا کە ئێران بێ ئیسلام هیچ نییە و ئیدعایەکی بەڕاستی قێزەونە. کارکرد و ڕەفتاری ئەوان هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ئیسلام زۆر خراپ بوو، چونکە لە حاڵی ئێستادا لە وڵاتی ئێمە واتە ئێران دژکردەوەی خەڵک ڕوو بە ئیسلام زۆر نەرێنییە.

## هەڵسەنگاندنی ئێوە سەبارەت بەو ئۆپۆزیسیۆنەی بەنیسەدر و موجاهیدین پێکیان هێناوە، چییە؟

بەنیسەدر پیاوێکی قەشمەرە. ئەو لە ساڵی ڕابردوودا تەواو بوو. تەنیا کارێکی قانوونی

کە خومەینی لەو ماوەدا کردی، ئەوە بوو کە بەنیسەدری لە کار لادا. چونکە بەنیسەدر کەسێک بوو لە داڕشتن و پێکگرتنی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵی هەبوو. ئەو دەنگی ئەرێنی بە قانوونی بنەڕەتی و ئەو نیزامە داوە، دوای ئەوە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بەربژێر کرد. بەنیسەدر حەتمەن ناوەڕۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی خوێندووەتەوە کە لەودا ڕێکار و شێوازی لێپرسینەوە و لابردنی سەرۆک کۆماری تێدا باس کراوە. مەجلیس لەسەر داوای سەرۆکایەتیی دیوانی بەرز ئەو بابەتە دەخاتە دەنگدانەوە و دوای پەسەندی ڕێبەر، سەرۆک کۆمار لە پۆستی سەرۆک کۆماری لا دەبرێ. من وام پێ باشە بە جێگای "فقیە" بە خومەینی بڵێم "وقیح". لە هەر حاڵدا چەند مانگ پێش ئەوەی لە پۆستی سەرۆک کۆماری لای بەرن، بە خومەینی گوتبوو کە نامەی دەست لەکارکێشانەوەی ئامادەیە و هەرکات خومەینی بەباشی بزانێ دەتوانێ جێبەجێی بکا. لە کۆتاییدا خومەینی ئەوی وەلا نا. کۆماری ئیسلامی لە گشتییەتی خۆیدا شتێکی بێ‌ئاسۆ و بێ‌سوودە. بەڵام کاتێک تۆ ئەو سیستەمەت قەبووڵ کردووە، دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەی کە سەرۆک کۆمار دەتوانێ ئاوا لەسەر کار لا بدرێ.

**بەگشتی ئەو هەستە هەیە کە بەنیسەدر ببێتە نوێنگە و هێمای ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی؟**

هەتا ئەوکاتەی ئەحزابی سیاسی ئیمکانی چالاکیی ئازادیان نەبێ، ئازادیی تاک نابێ. ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە دژوارە. بەنیسەدر بە دەنگی یازدە میلیۆنی هەڵبژێردرا، دوای ماوەیەک هەمان دەنگدەران مەجلیسیان هەڵبژارد کە لەو مەجلیسەدا پشتیوانانی بەنیسەدر کەمینە بوون. ئایا ئەوە بابەتێکی سروشتی بوو؟ لە هەر دوو بابەتدا تەنیا یەک دەنگ کاریگەر بوو، ئەویش دەنگی خومەینی بوو. بەنیسەدر هەڵبژێردرا، چونکە ئەوکات پەیرەوی لە خەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی دەکرد. ناوبراو هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، لە کۆتاییدا خۆی لەتەنیشت ڕەجەوی دیتەوە. مەجلیس وەزیرە پێشنیارکراوەکانی ئەوی ڕەت کردەوە. بەرپرسایەتیی ڕووداوەکانی تورکەمەن‌سەحرا، کوردستان و ئەو خوێنانەی لە داڵنیشگا ڕژان، لە ئەستۆی بەنیسەدرن. ناوبراو وەک ئەندامی بە ئیستلاح شۆڕای شۆڕش پشتیوانییەکی زۆری لە ئیعدامی خەڵکی بێ‌تاوان کرد. لە زمانی فەڕانسەویدا بەو جۆرە کەسانە دەگوترێ Coquette(لوند). کاتێک گەنج و لاون هەر کارێک پێیان خۆش بێ، دەیکەن و کاتێک تەمەنیان هەڵدەکشێ، دەبنە مامۆستای هەستان و دانیشتن و پابەندی قانوون.

بەنیسەدر کاتێک ڕێگای خۆی گۆڕی کە هیچ ڕێگایەکی بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕێبەری ئاخوندەکان بۆ نەمابووەوە. دوای ئەوە کەوتە هەڵپە لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی(جبهەی ملی) و کەسی نەزانی وەک سەنجابی، دوای ئەوە بەرەو موجاهیدین ڕۆیشت. خەڵک چونکە هەڵبژاردنی دیکەیان نەبوو، پشتیوانییان لە ئەو کرد. وەک نموونە ئەگەر لەسەر شەقامەکان

هاواریان کردبا "بژی مەدەنی[1]"، بژی بەختیار"، "بژی شا" بە خاترجەمی هەر لەوێ دەکوژران. بۆیە گوتیان"بژی بەنیسەدر". ئەوەش خەیاڵێکی پووچە وا بیر بکەینەوە کە خەڵک و ئەرتەش بەڕاستی پشتیوانی لە بەنیسەدر دەکەن. تەنیا پشتیوانانی ئەو هێندێک لاوی چەکدارن کە لە ئۆردوگای تیرۆریستانی فەلەستینی دەورەیان دیتووە.

دەمهەوێ لەگەڵتان ڕووڕاست بم سەبارەت بە موجاهیدین، هیچ مەسەلەیەکی شاراوە لە گۆڕێ نییە. من لەوە ناگەم ئەوان چۆن دەتوانن هەم موسوڵمان بن و هەم مارکسیست. ڕوانگەی ئەوان بەتەواوی مارکسیستییە. بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن هیچ دەرفەتێک قابیل نابن. من لە بنەماڵەیەکی موسوڵمان لەدایک بووم و هەتا دەمرم وەک موسوڵمان دەمێنمەوە، بەڵام زۆر بەتوندی دژایەتیی ئەو بابەتە دەکەم کە لە ئیسلامدا بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی سیاسی و ئیدارەدانی وڵات کەڵک وەربگیرێ. ئاخوندەکان دەبێ لە مزگەوتەکان بن. "برژینسکی[2]" و "کارتر" لەو بابەتەدا ڕوانگەیەکی دیکەیان هەبوو کە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە موخالیف بووم، بۆیە ناتوانم لە موجاهیدین تێ بگەم. خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەوانە کۆمەڵێک لاوی توندڕەون. کاتێک لاو بووم سەردانی ئاڵمانی نازیم کرد و لاوانی لایەنگری حیزبی نازیم دیتن. لەگەڵ ئەوان ئیمکانی باسوخواس لەسەر هیچ بابەتێک نەبوو. من قەت پشتیوانیم لە موجاهیدین نەکردووە و پێم وانییە دواڕۆژێکیان هەبێ. ئەوان بێئەوەی بۆخۆیان بزانن، بوونە مۆرەی یاریی دەستی هێزە دەرەکییەکان. هیچ بەڵگەیەکم بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە نییە، بەڵام ئەوە شتێکی قورس نییە.

**بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە حیزبی توودە چۆنە؟**

لانیکەم هەڵوێستی حیزبی توودە ڕوون و ئاشکرایە. ئەوان دەزگایەکی ئیدارین کە لە ڕێگای دوورەوە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە هیدایەت دەکرێن. ئێوە دەتوانن لەگەڵ مارکسیستەکان باسوخواس بکەن. بەڵام ئەوەی من لێی تێ ناگەم ئەوەیە کە هێندێک جار لەنێو وتاردانی سیاسیی توودەیییەکان گوێت لە ئایاتی قورئان دەبێ. ئەو کارانە ناڕوون، ناشیرین و فریودانی خەڵکە.

**کەسێکی موسوڵمان ئیمکانی هەیە، بڵێ کە خەڵکی ئێران سێکۆلاریزم قەبووڵ ناکەن. بۆ ئەوەی ئەوانیش لەگەڵت هاوڕێ بن، پێویستە مەزهەب و سیاسەت تێکەڵ بە یەک بکرێ؟**

---

١- -ڕەنگە مەبەست ئەحمەد مەدەنی بێ کە ئەندامی بەرەی نەتەوەییە. ئەو لە دوڵەتی بازرگان ماوەیەک وەزیری بەرگری بوو، بەڵام لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بە سیخوڕیکردن تۆمەتبار کرا و لە ساڵی ١٣٥٩ بووە پەنابەر لە ئەمریکا.

٢- -زبیگنیف برژینسکی، ڕاوێژکاری باڵای ئەمنییەتی نەتەوەیی لە دەوڵەتی کارتەر بوو.

ئێمە ئێرانییەکان چەندین سەدەیە موسوڵمانین، بەڵام ئیسلامی ئێمە جۆرێکی دیکەیە. ئیسلامی کەسێکی خوێندەواری ئێرانی توخمێک لە فەلسەفەی یۆنان، مانویت و مەسیحییەت لەخۆ دەگرێ. ئێوە دەتوانن ئەو دیاردەیە لە مەولەوی و مەسنەویدا هەست پێ بکەن. ئیسلام بۆ ئێرانییەکان کارێکی قەبووڵ کراوە. شاعیرەکانی ئێمە پەیرەوییان لە تەریقەتی عیرفانی دەکرد. کەسێکی وەک مەولەوی قورئانی زۆر باشتر لە خومەینی ناسیوە.

ئەگەر بمانهەوێ بگەڕێینەوە بۆ سەدری ئیسلام، خومەینی زۆر باش نوێنەرایەتیی ئەوکات دەکا. من ئەوەم قەبووڵە، ئەگەر وایە لێرەدا دوو بژاردەمان هەیە: یان ئیسلامیی ویشک و ڕووت کە نوسخەی خومەینییە هەڵدەبژێرین یان ئەو ئیسلامە کە ئێرانییەکان لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا بۆخۆیان دروستیان کردووە. ئێمە ڕوخساری ئێرانیمان داوە بە ئیسلام. ئەو بابەتە وەک جیاوازی لەنێوان ستالینیزم و کۆمۆنیزمی ئورووپایی‌یە. ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانە کە تەنیا بانگەشە بۆ ئیسلامێکی ویشک و بێ‌غەلوغەش دەکەن لە شەڕداین. ئێستا ئەو کەسە بەنی‌سەدر یا عەمامەبەسەرێکی وەک خومەینی بێ. ئێمە نامانهەوێ بێ‌ئەقڵەکان و نیزامی تیرۆر بەسەر ئێمەدا حاکم بن. ئێمە ئیسلامی خومەینی یان ڕەجەویمان ناوێ. پێم وایە وتە و قسەکانی تاڵەقانی[1] کاریگەرییان بەسەر ڕەجەوییەوە بووە. تاڵەقانی کەسێکی زۆر کەمهۆش، لاواز و خەڵکهەڵخەڵەتێن بوو کە ئەگەر زیندوو بووایە حەتمەن لە زینداندا دەبوو. پێویست بەو هەموو دمارگرژی و زیادەڕۆیی‌یە ناکات. بۆ نموونە چاو لە وڵاتانی سورییە و ئەلجەزاییر و ئێراق بکەین، ئەوانیش موسوڵمانن. بەڵام لەوێ دمارگرژی و زیادەڕۆیی نییە. ئەو کەسانە دەڵێن نوێنەرایەتیی ئۆپۆزیسیۆن دەکەن. لە سەردەمی شادا من پێنج جار تووشی زیندان بووم و بەپێویستی نازانم یەکێک دەرسی ئۆپۆزیسیۆن بوون بە من بدا.

**ئیزەن بدە بۆ سەردەمی سەرۆک وەزیرانی ئێوە لە مانگی بەفرانباری ١٣٥٧ بگەڕێینەوە. ئێوە هەوڵتان دا لەگەڵ خومەینی کە ئەوکات لە پاریس بوو، ڕێک بکەون. بۆ لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبووی؟**

دەوروبەری خومەینی ڕێگر بوون. من نامەیەکم بۆ خومەینی نووسی و تێیدا وەبیرم هێنابووەوە کە ساڵانێک لەگەڵ تۆ دژی شا خەباتم کردووە و ئێستا زۆر خوشحاڵم لە ئاکامدا ئازادی، خۆشبژێوی و ڕێزگرتن لە ئیسلام لە ئێران هاتووەتە ئاراوە. پێشنیارم پێ کرد کە لە پاریس، بێ هیچ مەرجێک ئامادەی دیدارم. خومەینی بەو پێشنیارە ڕازی بوو، بەڵام دەوروبەرەکەی ڕێگرییان لەو دیدارە کرد. بەنی‌سەدر ئەو بەرازە بچووکە و سەنجابی ئەو کەسە بێ‌ئەقڵە لەپشت ئەو بابەتەوە بوون. وای دابنێ وەزیرێکی دەوڵەتی موسەدیق

---

١- -مەحموود تاڵەقانی، یەکێک لە ڕێبەرانی «نهضت آزادی» و یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ بوو کە ئەندامی شۆڕای شۆڕش و مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی ئەساسی بوو. ناوبراو ڕەزبەری ١٣٥٨ لە تاران کۆچی‌دوایی کرد.

ڕوو لە ئاخوندێک بکا. ئەو چارەنووسەی دواتر سەنجابی تووشی بوو، منی زۆر دڵخۆش کرد. ئەو پیرەپیاوە خەرفاوە بە ئیستدلالی بێئەقڵانە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی دەکرد. من ویستم وەک بەڕێوەبەری دەوڵەت پێش بە ڕوودانی کارەساتێک بگرم.

## بۆچی ئیزنت دا خومەینی بگەڕێتەوە ئێران؟

پێش هەموو شتێک با ئەوە بڵێم کە بە کردەوە نەماندەتوانی پێشی هاتنەوەی بگرین. دووهەم، من کەسێکی قانوونزانم و لەسەر ئەو باوەڕەم هەر ئێرانییەک مافی ئەوەی هەیە هەرکات بیهەوێ بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، دەتوانێ بگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا دەمزانی خومەینی کڵاوچییە، نەمویست پێشی هاتنەوەی بگرم. سێهەم، ئەگەر خومەینی هەر لە پاریس ماباوە و پێش ئەوەی سرشت و ناخی خۆی ئاشکرا بکا، یان دەمرد یان دەکوژرا، ئەوکات بەیەکجاری دەیانکرد بە ئیمامی زەمان.

## هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا چۆنە؟ ئایا دەیانتوانی بەشێوەیەکی دیکە ڕەفتار بکەن؟

لە گەڵاوێژیساڵی ١٣٣٢ ئەمریکاییەکان لە ئێران سیاسەتی هەڵەیان پەیرەو کردووە. ئەوان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی کورتماوەی خۆیان، نییەتپاکی و هاوکارییەکانی ئێمە لە بەرانبەر یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە با دا. ئامانجی ئێمە نەتەوەخوازەکان ئەوە بوو کە لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی مەشرووتەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی قانوونی پێک بێنین. بەڵام ئەمریکاییەکان تەنیا لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتداریی "کندی"دا نەبێ، هەر دژایەتیی ئێمەیان کردووە. دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا دژی هەر کرانەوەیەکی سیاسیی پێشکەوتنخواز لە ئێران بوون. هێندێک لە کاربەڕێوەبەرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ ئێمە هاوڕا بوون، بەڵام سیاسەتی گشتیی ئەوان دژی ئێمە داڕێژرا بوو.

وەدیارکەوتنی "کارتەر" و دروشمی پرۆسەی هەڵبژاردنی ناوبراو کە هەڵگری دژایەتی لەگەڵ دوڵەتە دیکتاتۆرەکانی وەک "کورەی باشووڕ" بوو، ئێمەی هیوادار کردبوو. کاتێک ناوبراو قسەی لە مافی مرۆڤ دەکرد، ئێمە لەگەڵی هاوڕا بووین. بەداخەوە کارتەر لە بڕیارداندا بەهێز نەبوو. "ویلیام سالیوان" وەک باڵوێزی ئەمریکا نێردرایە ئێران. ناوبراو نزیکەی دوو ساڵ لە ئێران بوو. دەتوانم بڵێم هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نەبوو، لانیکەم من و ئەو قەت یەکترمان نەدی. ئەمریکا دەیزانی وەزعی ئێران لە نێوخۆدا هاڵۆزە و پشتیوانی لە شا کرد. بەڵام لەنێو ئەوانیشدا دوو دەستەیی هەبوو. ئەوان دەیانتوانی بە شا بڵێن کە ئێستا کاتی کرانەوەی سیاسییە، بەڵام کارێکی وایان نەکرد. هۆکاری سەرکەوتنی خومەینی ئەوە

بوو. سێکۆلارەکان و ئەحزابی دیکەی سیاسی هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا کە سازماندەیی بکەن. ئەگەر ئێمە موسەدیقییەکان، نەتەوەخوازەکان و تەنانەت موحافیزەکارەکان هەلی پێویستمان بۆ سازماندەیی بۆ ڕەخسابا، ئاوا لاواز دەر نەدەکەوتین. خومەینی سەر کەوت، چونکە لایەنەکانی دیکە هەل و فورسەت و توانای سازماندەیی‌یان نەبوو. تەنیا مەلاکان ئەو فورسەت و هەلەیان لەبەردەستدا بوو.

لە دواییدا دەگەینە سەفەری "ژێنەڕاڵ هایزر" بۆ ئێران و ئەو سەردەمەی من سەرۆک وەزیران بووم. هەموو شتێک شێوا بوو. شەریف ئیمامی[1] کە بیست ساڵ بوو دەستی بە سیاسەتی ناتەندروست پیس ببوو، لەو کارەدا دەستی هەبوو. کاتێک بڕیار درا شا لە ئێران بڕوا، ئیدی درەنگ ببوو. شا دەبوایە سێ مانگ پێشتر کرانەوەی سیاسی دەست پێکردبایە و لە ئێران مابایەوە. من بەرنامەیەکم بۆ دەوڵەت ڕێک خست و حەوت بابەت کە هەموو حیزبەکان، لە حیزبی توودەوە هەتا حیزبی دەستەڕاستی لەسەری کۆدەنگ بوون، پێشکەشم کرد. ئەو بەرنامە ئەوانەی لەخۆ گرتبوو: ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی زیندانییانی سیاسی، هەڵوەشاندنی ساواک و دروستکردنی سازمانێکی نوێی ئیتلاعاتی دەرەوەی سنوور و دژە جاسووسی، گەڕاندنەوەی نیزامی پەهلەوی بۆ قانوونپارێزی و کۆمەڵێک بابەتی دیکە. لەو هەلومەرجە شێواو و هەرجومەرجەدا کابینەی دەوڵەتم ڕێک خست. دەمەویست بیسەلمێنم کە حورمەت بۆ دامەزراوە دەوڵەتییەکان دادەنێم. من بە دوای ڕێگەچارەیەکی شەرافەتمەندانەدا بووم و ئەگەر خەڵک ویستبایان، دەمامەوە. لەو هەلومەرجەدا بوو کە ئەمریکا ڕۆڵ و نەخشی بێزارکەر و قێزەونی هەبوو. لە لایەک، هایزر بە دوای فەلەجکردنی ئەرتەشەوە بوو و لەلایەکی دیکەوە کارتەر بوو کە لەگەڵ من هیچ دژایەتی نەبوو. ئەو وەک من بەدوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی پێشڕەو، لیبراڵ و نەتەوەیی و مەدنییەوە بوو. بەوحاڵەشەوە، بۆچوونی پێنتاگۆن جیاواز بوو. "جۆرج باڵ[2]"یش هاتە نێو بابەتەکەوە. "ونس Vance[3]" ڕقی لە شا بوو. "برژینسکی" لە فکری دروستکردنی دیوارێکی بەرگریدا بوو لە بەرانبەر یەکیەتیی سۆڤیەت و دەیویست بە کارتی ئەرتەش یاری بکا. من سیگناڵی جۆراوجۆرم پێ دەگەیشت. دوای ئەوەی کار لە کار ترازا، برژینسکی بەدوای دیوارێکی دیکەدا ڕۆیشت، ئەویش مەزهەب بوو.

## ئایا ئەمریکایی‌یەکان لە نارەزایەتییەکانی ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی ڕێبەندان کە بوو بە هۆکاری ڕووخانی دەوڵەتی ئێوە، ڕۆڵیان هەبوو؟

گومانم نییە. هایزر بە ئەرتەشی گوتبوو کە بێ‌لایەنیی خۆی ڕابگەیەنێ. ئەو بابەتە کلیل بوو.

---

١- - جەعفەر شەریف ئیمامی، سیاسەتمەدار و سەرۆکی مەجلیسی سەنا لە سەردەمی پەهلەوی، لە ڕەزبەری ١٣٥٧کرا بە سەرۆک وەزیران، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت لە خەزەڵوەری هەمان ساڵ لەسەر کار لا درا.

٢- -جۆرج باڵ، دیپلۆمات و بانکداری ئەمریکایی بوو.

٣- -سایرس ڕابرتس ونس، لە دەوڵەتی کارتێردا وەزیری دەرەوە بوو.

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو گیر و گرفتانەی لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین، ئەگەر ئەرتەش تەنیا بۆ ماوەی چەند مانگێک دیفاعی لە من کردبایە، دڵنیام خومەینی ناچار دەبوو بگەڕێتەوە قوم و ئێستا خەریکی دوعا و پاڕانەوە بوو.

**باس لەوە دەکرێ هەڵسەنگاندنی ئێوە لەبابەت وەفاداریی ئەرتەش و کەرەسەی سیاسی کە پێش بە لادانی ئێوە بگرێ، هەڵە بووە. لەگەڵ ئەوەدا ئێوە هێندێک هەوڵتان بۆ گەیشتنی ئێران بە دێموکراسی دا، بەڵام هەڵەکانی ئێوە ئیعتباری سیاسی و ڕێگەچارەی دێموکراتیک و سێکۆلاری بردە ژێر پرسیارەوە؟**

-ئەوە ئەسڵەن دادپەروەرانە نییە. تەواوی هەوڵ و کۆششی من لە ڕاستای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی موسەدیق لە ئێراندا بوو. من لە قوتابخانەی سۆسیال دێموکراسی پێگەیشتووم. ئەرتەش لەژێر فشاری ئەمریکایی‌یەکان بێ‌لایەنیی خۆی ڕاگەیاند. لەو ڕاستایەدا، کاریگەریی هایزر لەسەر کەسانی خۆفرۆشی وەک "فردوست[1]" و" قرەباغی[2]" یەکلاکەرەوە بوو. هیچ گومان لەوەدا نییە، بڕیاری ئەرتەش ناکرێ بە هەڵەی من دابندرێ. ئەرکی ئەرتەش ئەوەیە کە نەزم لە کۆمەڵگەدا پێک بێنێ، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد. هەڵبەتە منیش هێندێک هەڵەم هەبووە، بەڵام هەڵەکانی من زۆر کەمترن لە هەڵەی کەسانی دیکە. ئەگەر کەسێکی بێ‌ئەقلی وەک بەنی‌سەدر دوای چواردە ساڵ کات بەسەربردن لە پاریس بتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار لە ئێران، دەگەینە ئەو ئاکامە کە لە ئەساسدا کارەکە لەنگولۆری تێدایە.

**ئیزن بدە هێندێک باسی ڕۆڵ و نەخشی ئێستای ئێوە لە ئۆپۆزیسیۆن بکەین. زۆربەی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەستان و دانیشتنی ئێوە لەگەڵ بارەگای دوورخراوەی پەهلەوی و هەروەها پێوەندیتان بە دەوڵەتی ئێراقەوە، بوونە هۆی خەوشدارکردنی ئیعتباری سیاسیتان. لەم دواییانەشدا پشتیوانیتان لە سازمانی "ئازادەگان" کردووە کە ڕۆڵی شازادە ئازادە کچی ئەشرەفی پەهلەوی لەو سازمانەدا دیار و بەرچاوە.**

هۆکاری پشتیوانیی من لە سازمانی ئازادەگان[3] ئەوەیە کە ئەوانیش وەک هێزەکانی دیکە دژی حکومەتی ئێستای ئێران خەبات دەکەن. هیچ پێوەندییەکم بە ئاریانا ڕێبەری ئازادەکان یان شازادە ئەشرەف[4]ەوە نییە. حاکمییەتی خەڵکی دەبێ

---

١- -حوسێن فەردوست، ئەرتەشبود و سەرۆکی دەفتەری ئیتلاعاتی تایبەت و لە دۆستانی نزیکی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی بوو.

٢- -عەبباس قەرەباغی، ئەرتەشبود، لە دەوڵەتی بەختیاردا سەرۆکی ناوەندی فەرماندەییی ئەرتەش بوو.

٣- -گرووپێکی سەڵتەنەتخواز و مەشرووتەخواز کە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ خوازیاری گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی بوون بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران.

٤- -بەهرام ئاریانا، ئەرتەشبود، لە فەرماندەیانی سەردەمی پەهلەوی بوو کە دوای شۆڕش، سازمانی ئازادەگانی دامەزراند.

چارەنووسی ئەو جۆرە بابەتانە ڕوون بکاتەوە. ئێرانێکی ئازاد دەبێ بڕیار بدا.

**ئایا ئێوە بە پشتیوانیی دامەزراوەی سەڵتەنەت، ڕێگا بۆ گەڕانەوەی سەڵتەنەتی پەهلەوی خۆش دەکەن؟**

من کارێکی وا ناکەم، بەڵکو دیفاع لە قانوونی بنەڕەتی و سەڵتەنەتی مەشرووتە دەکەم، ئەوەش بە مانای دیفاع لە بنەماڵەی پەهلەوی نییە. مەترسیی نیزامێکی مەشرووتەی وەک سوئێد، بێلژیک یان ئینگلستان بە چەند بەرابەر کەمترە لەو کۆمارە کە "مەدەنی" لە مێشکی خۆیدا دروستی کردبوو. هیچ کام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕادەی من بەدەست نیزامی پەهلەوییەوە تووشی ئەزیەت و ئازار نەبوون.

ئێستا بە دوو هۆکار دیفاع لە سەڵتەنەتی مەشرووتە دەکەم: یەکەم، ئەوەیە کە مافی هەڵبژاردن بە خەڵکە و دووهەم، ئەوەیە کە ڕەنگە ئێرانییەکان بە هۆکاری ژێئۆپۆلێتیک نیزامی مەشرووتە هەڵبژێرن. من وەک خومەینی نیم وا لە خەڵك بگەیەنم کە دەبێ چۆن بیر بکەنەوە.

**خاڵێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی ئێوە لەگەڵ بەغدا. ئێوە پارە و پووڵێکی زۆرتان لە ئێراق وەرگرتووە و بە هۆکاری ئەوەی لەو قەول و بەڵێنەی بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا پێتدا بوون، سەرکەوتوو نەبووی. ئەوان لێت بەگلەیین. لە ڕوانگەی خەڵکێکی زۆری ئێرانی ئێوە سەر بە سەدام حوسێن بوون.**

بەڵێ من سەدام حوسێنم لە خومەینی پێ باشترە. سەدام لانیکەم هێندێک کاری بۆ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کردووە. لە سیاسەتدا هەر جۆرە هەڵوێستێک گرفتی خۆی هەیە. خومەینی و دارودەستەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە منیان دەگوت پیاوی ئەمریکا. بەڵام دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەک دژی من بدۆزنەوە. ئەگەر بەڵگەیەکیان لەسەر من دەست کەوتبایە، حەتمەن هەتا ئێستا دژی من بڵاویان دەکردەوە. بەو پێیە هێرشی خۆمەینی بۆ سەر من، پێش هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران دەستی پێ کردووە. کاتێک ئێراقییەکان پێوەندییان پێوە کردم، بە ئەوانم گوت چ ئێوە بن و چ نەبن، من هەتا سەر دژی خومەینی خەبات دەکەم. سەبەبکاری سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕ خومەینی بوو. ئەو کەسێکی تاوانبارە کە ڕێککەوتنامەی جەزاییری(١٩٧٥)ی دڕاند. ئەو ڕێککەوتننامەیە، پەیماننامەیەکی ژیرانە بوو. من بە ئێراقییەکانم گوت دوای لابردنی خومەینی، ئێمە لەگەڵ دراوسێیەکانمان پێوەندیی ئاشتییانە و دۆستانمان دەبێ. ئەوکاتەی بگەڕێمەوە ئێران باشترین پێوەندی لەگەڵ دراوسێیەکان دادەمەزرێنم و تەنیا بەدوای چارەسەریی کێشە و گرفتی خەڵکی وڵاتی خۆمدا دەبم، هەروەها کوردەکانیش ناورووژێنم.

خومەینی ڕێککەوتننامەی جەزاییری پێشێل کرد و بە ناردنی پارە و پووڵ لەنێوان شیعە و سوننەدا ئاژاوەی نایەوە. سەدامیش بە هێرشکردنە سەر ئێران هەڵەیەکی گەورەی کرد.

**ئێراقییەکان دەڵێن ئێوە ئەوانتان هان داوە و بەڵێنتان پێ داون لەنێو هێزە چەکدارەکانی ئێراندا سازماندەییی هێندێک ئاڵۆزی دەکەی؟**

بەڵێنی شەرەف دەدەم قەت ئەوانم هان نەداوە. هیچ تاکێکی ئێرانی ئەوە ناکا. من لە دەستپێکی هەڵگیرسانی شەڕەکەدا گوتم ئەوە کارەساتە. شەڕ ڕووحییەی نیشتمانپەروەریی ئێرانییەکانی بە قازانجی ڕێژیم بەسیج کرد. ئەو کارە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ ئێراقییەکان زیانبارە. من لە چوار بەیاننامەدا کارکردی ئێراقم ڕەسمەن مەحکووم کردووە و دەمزانی لە ئێران سەریان وەبەرد دەکەوێ. شەڕ کوژراوی زۆری هەبوو، بەڵام دیسان ناگاتە ئەو کوژراوانەی بە دەستی لایەنگرانی خومەینی لە ئێران کوژران.

**ئەوە دروست نییە، شەڕ دەیان هەزار کوژراوی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە و ئەوە زۆر زیاترە لەو ئیعدامانەی بە فەرمانی خومەینی بەڕێوە چوون. ڕادەی ئەو کەسانەی سەدام لە ئێراق کوشتوونی زۆر زیاترە لە کوژراوەکانی دەستی خومەینی؟**

لەو بابەتە نازانم، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە توانای هێزی نیزامیی ئێران، تەنانەت لە وەزعییەتی لاوازکراویشدا، لەگەڵ توانای هێزی نیزامیی ئێراق شیاوی هەڵسەنگاندن نییە.

**ئێوە ئەگەر حاشا لە ڕۆڵ و نەخشتان لەو شەڕەدا بکەن، لە هەر حاڵدا لەگەڵ ئێراق پێوەندیتان هەیە. ئێوە لە بەغدا ئێزگەی ڕادیۆتان دامەزراند و ئەوان یارمەتیی ماددیی ئێوە دەدەن؟**

ئامانج لە دامەزراندنی ڕادیۆ تەنیا بۆ خەبات لەگەڵ خومەینی و پەرەپێدانی نەتەوەپەرەستیی ڕاستەقینەیە. ڕادیۆی ئێمە وەک بی‌بی‌سی نییە، بی‌بی‌سی چ درۆیەک ناکا! ئەوان تەنانەت ئامادە نین بە زمانی فارسی لەگەڵ من وتووێژ و چاوپێکەوتن بکەن.

**بۆ وا بیر دەکەیەوە، حەوتووی پێشتر بی‌بی‌سی هاتە ئێرە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە بکا؟**

دوای یەک ساڵ و نیو ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەوان لەگەڵ من وتووێژیان کرد.

بی‌بی‌سی خزمەتێکی زۆری بە خومەینی کرد.

## وەپاڵدانی گیر و گرفتی خۆت بە خاریجییەکان شێوە ئیستدلالێکی ئێرانییە؟

من ئێرانیم. هەڵبەت زۆرتر تاوانبارم دەکەن کە زۆر ئورووپاییم و لەوە کە ئێوە من بە ئێرانی دەزانن، جیگای شانازییە. سەدام پشتیوانی لە من ناکا و لە ئێراق تەنیا یەک ئێزگەی ڕادیۆم هەیە. من بۆ ڕێبەرانی وڵاتانی ناوچەکە پەیامم ناردووە. بۆ نموونە تەنیا لە یەک مانگدا سێ پەیامم بۆ سوڵتان قابووسی نەزان لە "عمان" ناردووە و پێم گوتووە کە ٨٥٠ ئەفسەر و سەدان میلیۆن دولار لە سەردەمی شادا بۆ سەقامگیریی دەوڵەتەکەی ئەو قوربانی و خەرج کراوە. ئەوە ئینگلیسی و ئەمریکایی‌یەکان بوون کە ئەو کارەیان بە ئێمە دەکرد. ئوسوولەن خەڵک بابەتی وای زوو لەبیر دەچێتەوە. دەوڵەتەکانی "کویت وعمان" نۆکەری بۆ ئینگلیس دەکەن. ئەنوەر سادات تەنیا کەسی ئازا و بەغیرەتە لە ناوچەکەدا. ئەو پابەندی باوەڕەکانی خۆیەتی و تەنانەت سەفەری "تل آویو"ی کردووە. من لە هەر دەرگایەکم داوە، خۆزگە بی‌بی‌سیی ئێوە ئەو ئیمکاناتەی بۆ چارەسەریی گیر و گرفتەکان تەرخان دەکرد. لە بەغدا تەنیا دوو کەس و دفتەرێکمان هەیە کە بە کارەکانی ئەوێ ڕادەگەن. هەلومەرج ئێستا وەک هەلومەرجی سەردەمی "دوگل " دەچێ. ئینگلیسەکان "المرسی الکبیر[1]" یان بۆمباران کرد و سەدان مەلەوانی هێزی دەریاییی فەڕانسە تێدا چوون، بەڵام "دوگل" دەیزانی خەبات لەگەڵ ئاڵمانییەکان گرینگتر و لەپێشترە. ئەو تووشی ئازارێکی زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ دوژمنی ئەسڵی درێژەی بە خەباتی خۆی دا.

١- -بەندەرێک لە لێوارەکانی «مدیترانە» نزیک پارێزگای ئۆران لە ئەلجەزاییر. لێرەدا ئاماژەیە بە هێرشی هێزەکانی بریتانیا لە جولای ١٩٤٠ بۆ سەر کەشتییەکانی سپای فەڕانسە لە ناوچەدا.

# وتووێژی د.قاسملوو

## "ڕووحانییەت دەستی بەسەر شۆڕشدا گرت"

عەبدوڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٠٩ لە نزیک شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی مڵکداری گەورە لەدایک بووە(ایرانیکا،٢٠٠). قاسملوو لە هەڕەتی لاویدا تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پێکرد. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لە ورمێ و پاشان لە تاران تەواو کرد. لەو سەردەمدا مەیلی بۆ لای حیزبی توودە هەبوو. دوای تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی دیپلۆم بۆ درێژەدانی خوێندن سەرەتا چووە پاریس و پاشان بەرەو پراگ ڕۆیشت(ایرانیکا،٢٠٠٠). ناوبراو نووسەری بەرهەمی "کوردستان و کورد"ە(١٩٦٥). لە ساڵی ١٩٦٠هەتا ١٩٧٥ لە قوتابخانەی باڵای ئابووریی پراگ وەک مامۆستا وانەی ئابووری گوتووەتەوە( قاسملوو،١٩٦٥-هاڵیدەی،١٩٨١).

لە کۆنگرە سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٠ بە سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردرا و لە دوای ئەوە دەستی کرد بە سەرلەنوێ سازماندان و ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی ئەو حیزبە. لە گەرماوگەرمی شۆڕشدا دژایەتیی ڕێژیمی پاشایەتی زیاتر پەرە پێدا و لە سەرکەوتنی شۆڕشدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا(هاڵیدەی،١٩٨١-ایرانیکا،٢٠٠٠). قاسملوو چالاکێکی سیاسیی چەپ بوو، وەدیهاتنی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان-ی بە گرینگترین ئامانجی سیاسیی خۆی دەزانی(هاڵیدەی،١٩٨١-ایرانیکا،٢٠٠٠-بی‌بی‌سی،١٣٩٣ه.ش). قاسملوو لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ه.ش بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شارەزایانی قانوونی بنەڕەتی لە حەوزەی ئازەربایجانی ڕۆژاوا بەربژێر بوو کە توانی دەنگی ڕەها بەدەست بێنێ و ببێتە نوێنەری ئەو پارێزگایە. بەڵام بە هۆکاری دژایەتیی خومەینی و هەڵگیرسانی شەر لە کوردستان، لە بەشداریکردن لەو مەجلیسە خۆی پاراست(هاڵیدەی،١٩٨١-ایرانیکا،٢٠٠٠). دوای شۆڕش، وتووێژەکانی قاسملوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەسەر خودموختاریی کوردستان هیچ ئاکامێکی نەبوو، بۆیە بەخێرایی پێوەندیی ئەو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێ بەرەو ساردی ڕۆیشت. ئەو ناکۆکییانە لە ئاکامدا بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران(هاڵیدەی،١٩٨١-ایرانیکا٢٠٠٠). عەبدوڕەحمان قاسملوو لە پووشپەڕی ١٣٦٨، یەک مانگ دوای مردنی خومەینی لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن تیرۆر کرا(ایرانیکا،٢٠٠٠-برومەند:قاسملوو). قاسملوو هەتا کۆتاییی تەمەنی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ د. قاسملوو لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە لایەن

"فرێد هاڵیدەی" ڕۆژنامەنووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئیرلەندی کراوە. لەو سەردەمدا شەڕ لە کوردستان بەتوندی لە ئارادایە و هێزەکانی کوردی کەوتوونەتە حاڵەتی بەرگرییەوە.

**حکومەتی مەزهەبیی ئێران لەسەر ئەو بابەتە سوورە کە بەتەنیا نیزامی پاشایەتییان ڕووخاندووە. لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕۆڵ و نەخشی کورد لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ کە بوونە هۆکاری شۆڕش، چ بووە؟**

شۆڕشی ئێران بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی هەموو گەلان و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتە. لە گەرماوگەرمی شۆڕشدا شاری مەشهەد شاهیدی تێکهەڵچوونی زۆر و کوشتنی دەیان نارازی بوو. کوردەکان تەنیا لە ناوچە کوردنشینەکان خۆپێشاندانیان نەکرد، بەڵکو یارمەتیی گەلی ئازەربایجانیشیان دا و ڕۆڵ و نەخشی گەورەیان لە بەرەوپێشچوونی خۆپێشاندانەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە. بارودۆخێک کە ئێستا دەیبینین بەو جۆرە پێک هاتووە کە ڕووحانییەتی شیعە دەستیان بەسەر دەسەڵات و ئەو شۆڕشەدا گرتووە کە هەموومان ڕۆڵ و نەخشمان تێیدا هەبووە.

**ئێستا دووساڵ بەسەر شۆڕشی ئێراندا تێپەر بووە. بەشێوەی گشتی دەتوانی باسی ئەو شۆڕشە بکەی کە چ دەستکەوتێکی بۆ کورد هەبووە؟**

ئێمە هەم کوردین و هەم ئێرانی، لەو ڕوانگەیەوە قسە دەکەم. خەڵکی کورد چوار داواکارییان هەبوو: یەکەم، بوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بە بەرنامەیەکی ئابووری و سیاسیی نوێ کە بەستراوە بە ئەمریکا نەبێ. دووهەم، پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک و ئازاد بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەڕاستی دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان کردووە. سێیەم: بەفەرمیناسینی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی چینی کرێکار و دابینکردنی داواکاریی سەرەکیی ئەوان. چوارەم، لەو سۆنگەوە کە زیاتر لە ٦٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران فارس نین، گەلانی غەیرەفارسیش بتوانن مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بەدەست بێنن. مەلاکان دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ لە سەرکەوتنی شۆڕش دەستیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرت و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر لایەنەکانی دیکەدا سەپاند و ئازادییە سیاسییەکان بەخێرایی سەرکوت کران. خومەینی و دارودەستەکەی سەبارەت بە چینی کەمداهات(مستضعفین) قسەی زۆریان دەکرد، بەڵام بەکردەوە هیچ نەکراوە. گەلانی غەیرەفارسیش هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو. جووڵانەوەکانی "تورکەمەنسەحرا" و "ئازەربایجان" بە خوێناویترین شێوە سەرکوت کران. نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر "ئایەتوڵڵا

خاقانی[1]" ڕێبەری مەزهەبیی عەرەبەکان دەستبەسەر کرا. لەو بگرەوبەردەیەدا کوردستان تەنیا ناوچەیەک بوو کە توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبوو و لەوێ شاهیدی شەڕ بووین. خەبات دژی ئەمریکا بەکردەوە هیچ قازانجێکی بۆ ئێمە نەبووە و بارمتەگرتن لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە بووە هۆکاری ئەوەی دۆستانێکی زۆر لە دەست بدەین. ئەو کردەوەیە بووە هۆی ئەوە کە بیروڕای گشتیی دنیا دژی ئێمە بوەستێتەوە. خەڵکی ئەمریکاش پشتیوانی لە دەوڵەتی خۆیان دەکەن. لە بواری ئابووریشدا نەمانتوانیوە پارە و پووڵەکانی شا وەربگرینەوە. لەو یازدە میلیاردەی کە هیی ئێران بوو، تەنانەت سێ میلیاردیشی بۆ ئێمە نەگەڕاوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دژی بارمتەگرتن بووە و مەحکوومی کردووە. ئێمە خوازیاری بنبڕکردنی ڕاستەقینەی دەستێوەردانی ئەمریکا لە وڵاتەکەماندا بووین.

**ویستی سەرەکیی ئێوە لە دەوڵەتی ناوەندی بەڕوونی چییە؟**

ئیزن بدە بابەتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە. هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان خوازیاری جیابوونەوە و دابەشکردنی ئێران نین. ویستەکانی ئێمە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران دەستەبەندی دەکرێن. سەرەتا خوازیاری ئەوەین کوردستان لە حاڵی ئێستادا کە بەسەر چوار پارێزگادا دابەش کراوە، بکرێتەوە یەک پارچە. هەروەها دەمانەوێ ئەو کوردستانە یەک پارچە و خودموختارە ئیمکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خۆجێیی پێ بدرێ و بەڕێوەبردنی ئیداری بە دەوڵەتی خودموختار بسپێردرێ. دەوڵەتی ناوەندی دەبێ کۆنترۆڵ و چاوەدێری بەسەر بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، هێزە چەکدارەکان، سیاسەتی دەرەکی و سیستەمی ماڵیدا هەبێ، بەڵام لەسەر ئەو بابەتە پێداگری دەکەینەوە کە بەڕێوەبردنی نێوخۆییی کوردستان دەبێ لەژێر چاوەدێریی کورداندا بێت. زمانی کوردی لەتەنیشت زمانی فارسی، زمانی فەرمیی قوتابخانەکان، دادگاکان و ئیدارات بێت. ئەمنییەتی نێوخۆی کوردستان بە جێگای پاسداران بە هێزی پێشمەرگە بسپێردرێ. ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە لەودا بەشێکی نەتەوەکان بە حەشیمەتی کەمتر لە یەک میلیۆن کەس، خاوەنی وڵاتی سەربەخۆی خۆیانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا زیاتر لە شەش میلیۆن کورد لە ئێران دەژین، تەنانەت خودموختاری لە ناوچەی خۆماندا بە ئێمە ڕەوا نابینن.

**لە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە تاران ئێوە چ ئەزموونێکتان وەرگرتووە؟**

---

١- - محمد طاهر الشبیر خاقانی، لە سەردەمی شۆڕشدا یەکێک لە «مراجع تقلید» و ڕێبەرانی سیاسی- مەزهەبیی نیشتەجێی خوڕەمشار بوو.

ئێمە لە گەلاوێژ هەتا سەرماوەزی ١٣٥٨ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە شەڕدا بووین. دوای ئەو ماوەیە، ئەوانمان ناچار کرد بێن و لەگەڵمان لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشن. ئەو وتووێژە شەش مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا دەستەیەک لە ئاخوندەکان سەردانی کوردستانیان کرد و بە داواکارییەکانی ئێمە ڕازی بوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا وتووێژەکان ئاکامێکیان نەبوو، چونکە ڕوون نەبوو ئێمە دەبێ لەگەڵ کێ دابنیشین. لەو سەردەمەدا لە تاران ناوەندی دەسەڵات دیار نەبوو. گرفتی دیکە ئەوە بوو کە لە مەزهەبی شیعەدا مانا و ناوەرۆکی نەتەوە بەفەرمی ناناسرێ، هەموو لایەک دەبێ وەک موسڵمان یەک بگرن. ئەوان لاسار و سەرسەختن و هەتا ناچار نەبن، شتێک قەبووڵ ناکەن. وا هەست دەکرا "ئیشراقی زاوای خومەینی، ئایەتوڵڵا کرمانی، ئایەتوڵڵا یەحیا و علامە نووری بە داواکارییەکانی ئێمە ڕازین. جارێکیان من لەگەڵ یەکێک لە ڕێبەرانی مەزهەبی بۆ دیتنەوەی وشەیەک کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ وشەی خودموختاری لە وتووێژدا بووم. ئەو بەکارهێنانی وشەی خودموختاری قەبووڵ نەبوو، منیش لە وڵامی ئەودا پێشنیاری وشەی "autonomia"م بە جێگای خودموختاری کرد و ئەویش بە هۆکاری ئەوەی وشەیەکی بیانییە ڕەتی کردەوە. لە کۆتاییدا من وشەی "حوکمی زاتی"م هێنایە بەرباس کە ئەویشی پێ باش نەبوو. سەرەنجام ئەو پێشنیاری خودموختاریی ئیسلامی کرد کە من بێ سێ و دوو بەو پێشنیارە ڕازی بووم. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا لە تاران کەسانێکی توندئاژۆ هەبوون کە خەریکی ئامادەکاریی هێرشێکی دیکەی نیزامی بۆ سەر کوردستان بوون. لە کۆتاییدا توندئاژۆکان لەنێو ئەواندا سەر کەوتن و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. دەوڵەتی ناوەندی پێداگر بوو لەسەر ئەو بابەتە کە دەبێ کوردەکان چەکەکانیان ڕادەستی حکوومەت بکەنەوە. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ کردبایە بێ ئەملاوئەولا هەموومانیان قەتڵوعام دەکرد. لە خاکەلێوەی ١٣٥٩ دوژمنایەتی و شەڕ دەستی پێ کردەوە و ئێمە لەسەر ویستی خۆمان بۆ ئەوەی پێش بە دارمانی ئابووریی ناوچەکە بگرین لە شارە گەورەکان پاشەکشەمان کرد. گرووپی کۆمەڵە لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانە، بەڵام بڕیاری ئەوان بۆ درێژەدان بە مانەوە لەنێو شاری سنە هەڵە بوو. بوونی ئەوان لەنێو شاری سنە ئەو بیانووەی دا بە دەوڵەتی ناوەندی کە هێرش بکاتە سەر شاری سنە و وێرانی بکا.

**ئێوە لەگەڵ ئەرتەشی ئێران شەڕ دەکەن یان لەگەڵ سپای پاسداران؟**

لەگەڵ هەردووکیان، بەڵام سپای پاسداران ڕۆڵی بەرچاوتری هەیە. سەربازە ئاساییەکانی ئەرتەش ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لەگەڵ عێراق دەکرێن.

**پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شێخ عیزەددین حوسێنی، ڕێبەری**

**ڕووحانیی کوردان لە چ ئاستێکدایە؟**

دوای یەکەم تیکهەڵچوونەکان لەساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، هەیئەتێکمان بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت پێک هێنا. لەو هەیئەتەدا نوێنەرانی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و فیدایییان بەشدار بوون کە لەو سەردەمەدا شێخ عیزەددینی حوسێنی سەرۆکایەتیی ئەو هەیئەتەی دەکرد. ناوبراو ئێستا لە حیزبی ئێمە نزیکترە. لە ڕوانگەی فیدایییان و کۆمەڵە[1]، شێخ عیزەددین ڕۆڵی ڕێبەری هەیە و ناوبراویش ڕۆڵی ڕێبەریی حیزبی ئێمەی قەبووڵ کردووە، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە شێخ عیزەددین حوسێنی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەو پێگەیەی نییە. ئێمە دژی تاکپەرەستین. ئێستا هەلومەرج ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و ناوبراو پێگەی پێشووی خۆی لەدەست داوە.

**پێوەندیی ئێوە لەگەڵ هێزە چەپەکانی دیکەی ئێران لە چ ئاستێکدایە؟**

هەتا پووشپەڕی ١٣٥٩ لەگەڵ ڕێکخراوی فیدایییان لە بەرەیەکی هاوبەشدا بووین، هەتا ئەو کاتەی جیابوونەوەی زۆرینە و کەمینە لەنێو ئەو ڕێکخراوەیەدا ڕووی دا. فیدایییانی زۆرینە "اکثریت" کە لەڕاستیدا لقی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیە بوون، چەکەکانیان دانا و کوردستانیان بەجێ هێشت و لە ئاکامدا پێشمەرگەکانی کوردستانیش دەستیان لە پشتیوانیی ئەوان هەڵگرت. ڕێبەری فیدایییان کەوتبووە ژێر کاریگەریی حیزبی توودە و بەو هۆکارە لە کوردستان لایەنگرانی خۆیان لەدەست دا. لقی کەمینە "اقلیت" ئێستا زۆر بچووکە و ڕەنگە لە دوا ڕۆژدا بتوانێ ڕۆڵی زیاتر ببینێ. تەنیا هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئێمە لە بەرەی چەپ کۆمەڵەیە. ئەوان بۆ کوردستان موبارزە دەکەن و هیچ ناکۆکییەکمان لەگەڵیان نییە. وای بۆ دەچم کە ڕادەی پێنج لەسەدەی خەڵکی کوردستان پشتیوانییان لێ بکەن.

**ئایا لە کوردستان جیاوازیی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە نیشانەیەکی چارەنووسسازە؟**

لە قۆناغە سەرەتایییەکاندا هێندێک جیاوازی هەبوو. بۆ نموونە، بەربەرەکانێ لە کرماشان زۆر لاوازتر بوو لە ناوچە سوننەنشینەکانی باکووری کوردستان. بەڵام ئێستا هەلومەرج بەتەواوی گۆڕاوە و تەنانەت لە کرماشانیش شاهیدی بەربەرەکانێی بەرچاوین لەگەڵ حکومەت.

**وێدەچێ موجاهیدینی خەڵق تەنیا ڕێکخراوی ئێرانی بێ کە پشتیوانی لە ئێوە دەکەن؟**

---

١- -ڕێکخراوی شۆڕشیی زەحمتکیشانی کوردستان(کۆمەڵە).

بەڵێ وایە. ئێمە لەگەڵ ئەوان ساڵانێکە پێوەندیمان هەیە و دوای شۆڕش دیدار و دانیشتنی زۆرمان هەبووە. لەو کاتەدا کە دەوڵەتی ناوەندی هێرشی کردە سەرمان، ئەوان ئیمکانی پشتیوانیی ڕاستەوخۆیان لە ئێمە نەبوو. ئەوان لەگەڵ ئەوەدا ڕێکخراوێکی شیعەن، خۆیشیان کەوتوونەتە هەلومەرجێکی دژوارەوە. ناتوانین بڵێین لەگەڵ ئێمە لە یەک بەرەدان، بەڵام ئەوان پشتیوانی لە گەلی کورد دەکەن. ڕۆژنامەی "مجاهد" لەگەڵ ئەوەدا بە شێوەی نهێنی بڵاو دەبێتەوە، زۆرترین تیراژی هەیە و ٢٠٠ هەزار نوسخەی لە ئێراندا لێ بڵاو دەبێتەوە. ئێمە، واتە حیزبی دێموکرات لە ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماردا پشتیوانیمان لە مەسعوود ڕەجەوی و بەرنامە دوازدە ماددەیی‌یەکەی کرد. هیواداریین پێوەندییەکانمان درێژە بکێشێ و بتوانین بەرەیەکی هاوبەش پێک بێنین. ئێمە لەگەڵ ئەوان لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی وەک: خودموختاری، ئازادیی ژنان و موبارزە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ڕێک کەوتووین.

**وێناچێ کوردەکان و ئازەربایجانییەکان هاوکارییەکی ئەوتۆیان پێکەوە هەبێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین دوژمنی لەنێوان کورد و ئازەربایجانییەکان چی وا کەمتر لە جۆری پێوەندیی ئەوان لەگەڵ فارسەکان نییە. وەک نموونە لە شاری کوردی/ئازەریی نەغەدە، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، تێکهەڵچوون لەنێوان کوردان و ئازەربایجانییەکان ڕووی داوە؟**

بابەتی نەغەدە بابەتێکی تایبەتییە. لەوێ مەلاکان پەرەیان بە دوژمنایەتیی "فرقەگرایی" داوە کە جینایەتی زۆری لێ کەوتەوە، بەڵام لەسەریەک و بە شێوەی گشتی دەستی دۆستایەتیمان بۆ لای ئازەربایجانییەکان درێژ کردووە. ڕادیۆی ئێمە "دەنگی کوردستانی ئێران" دوو سەعات لە ڕۆژدا بەرنامەی هەیە، چل و پێنج دەقیقە بە زمانی کوردی، چل و پێنج دەقیقە بە زمانی فارسی و سی دەقیقە بە زمانی ئازەری بڵاو دەبێتەوە و ئەو بەرنامانە لە ئازەربایجان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەباشی دەبیسترێن. وەزعییەتی ئازەربایجان ئەوەندەش بێ سەرەوبەرە نییە. ئەو کاتەی لە ساڵی ١٣٥٨ وەک ئەندامی مەجلیسی خوبرەگان (شارەزایانی ڕێبەری) هەڵبژێردرام، دەبووایە وەک نوێنەری ئازەربایجانی ڕۆژاوا لەو مەجلیسە ئامادە بم. تەنیا کەسانی هەلپەرەست و دەسەڵاتخوازن کە دەیانهەوێ لەو وەزعییەتە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن.

**دەوڵەتی ناوەندیی ئێران ئیددیعا دەکا کە حیزبی دێموکرات یارمەتی لە دەوڵەتی**

**عێراق وەردەگرێ. ئەو ئیدیعایە ڕاستە؟**

ئێمە پشتیوانیی ماددی لە هیچ دەوڵەتێک وەرناگرین. ڕاستییەکەی کوردانی ئێران لەنێوان سێ دەوڵەتی دوژمن(تورکیە، عێراق و ئێران) هەڵکەوتوون. ئەو تۆمەتە کە ئێمە بۆ دەوڵەتانی بێگانە کار دەکەین، بە هیچ جۆر بابەتێکی نوێ نییە. هەر کاتێک کوردان هەوڵیان داوە کە باسی داخوازییەکانی خۆیان بکەن، بەوە تاوانبار کراون کە پیاوی بێگانەن. هەتا ئەو جێگایە پێوەندی بە ئێمەوە هەیە، لە مارس(خاکەلێوە)ی ١٣٥٩ کاتێک دەوڵەتی ناوەندی هێرشی کردە سەر ئێمە، شەڕ دەستی پێکرد. لە مانگی سێپتامبر(ڕەزبەر)ی ئەو ساڵە پێشنیارمان کرد ئەگەر پاسدارانی کوردستان بەجێ بهێڵن و داخوازییەکانی ئێمە جێبەجێ بکرێن، ئامادەین لەگەڵ ئەوان لە بەرەکانی شەڕ دژی سپای عێراق شەڕ بکەین. لە وڵامی ئەودا حکومەت دوو جار هێرشی بەربڵاوی کردە سەر ئێمە. ماوەی دوو مانگ ڕاوەستاین و هیچ دژکردەوەیەکمان نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا تێگەیشتین کە سیاسەتی ئەوان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و کردەوەکانی ئەوان دڕندانەتریش بووە. جارێکیان یەکێک لە فەرماندەرانی سپای پاسدارانمان بەدیل گرت و لێمان پرسی: "بۆ ئێوە بە جێگای شەڕ لەگەڵ ئێمە لەگەڵ عێراقییەکان ناجەنگن." ئەو بە ئێمەی گوت کە لە تاران ئەو ڕوانگەیەی دەرخوارد دەراوە کە دەوڵەت زۆرتر خوازیاری ئەوەیە کوردان لەنێو بەرێ هەتا ئەوەی کە لەگەڵ عێراق بجەنگێ. ئایەتوڵڵا حەسەنی[1] دەسەڵاتداری ئازەربایجانی ڕۆژاوا سەبارەت بە کوردستان هەر ئەو قسە و ڕوانگەیەی هەبوو. ئەو گوتوویەتی دوژمنی گەورەتر کوردانن، چونکە دوو ساڵە دەوڵەت لەگەڵ کوردان لە شەڕدایە، بەڵام دوو مانگە لەگەڵ عێراق تووشی شەڕ بووە. ئیزن بدەن ئەوان خودموختاریمان پێ بدەن، ئەو کات بە چاوی خۆیان ببینن کە ئێمە پیاوی بێگانەین یان نا. ئەو کاتەی کە ئێمە مافەکانی خۆمان بەدەست هێنا، ئامادە دەبین لەتەنیشت ئەوان لە بەرابنەر عێراقییەکاندا شەڕ بکەین.

**لە ساڵی ١٩٤٥، حکومەتی شوڕەوی یارمەتیی حیزبی دێموکراتی دا هەتا کۆماری خودموختاری کوردستان دابمەزرێنێ، بەڵام بۆ مانەوەی ئەو کۆمارە هیچ کارێکیان نەکرد و لە کۆتاییدا بەتەنیا بەجێیان هێشت. لە سەرەتای شەڕ لە کوردستان لە ١٣٥٧ڕاگەیاندنەکان هێندێک ڕاپۆرتی هاوسۆزییان لەبابەت خەباتی ئێوە بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئێستا هیچ هەواڵ و ڕاپۆرتێک لەسەر خەباتی ئێوە نابینرێ، بۆ؟**

ئەوە دروستە. دەوڵەتی شوڕەوی سیاسەتی بێلایەنی گرتووەتە پێش و ئێمە لەو بابەتەوە

---

١- -غوڵامرەزا حەسەنی، نوێنەری ڕێبەر و ئیمام جومعەی ورمێ، دوای شۆڕش بووە سەرۆکی کومیتەکانی شۆڕش لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا. لە ساڵی ١٣٩٧بە مەرگی سروشتی مردووە.

بەداخین. ئەوان هیچ هەڵوێستێکی ئەرێنی یان نەرێنییان سەبارەت بە ئێمە نەبووە. ئێمە ئامادەین ئەو هەلومەرجە قەبووڵ بکەین. ئێمە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا موبارزە دەکەین. یەکێتیی سۆڤیەت وڵاتێکی دۆست و زلهێزێکی گەورەی ناوچەکەیە.

**ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە ئەفغانستان چییە؟ لە ساڵی ١٩٧٩ دەوڵەتی "حەفیزوڵا ئەمین[1]" لە کابولەوە پشتیوانی لە کورد کرد، بەڵام دەوڵەتی "ببرک کارمل[2]" هەوڵ دەدا دەرگای وتوویژ لەگەڵ تاران بە کراوەیی بهێڵێتەوە و پشتیوانی لە خەباتی ئێوە نەکردووە؟**

وڵاتی ئەفغانستان لە ئێمەوە زۆر دوورە. ئوسوولەن ئێمە دژی دەستێوەردانی دەوڵەتەکان لە کاروباری یەکترین. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئێمە لە لایەن چەند گرووپێکی شەڕخوازی ئەفغانی لەنێو خاکی ئێراندا کەوتووینەتە بەر هێرش. ئەو بابەتە ڕەنگە پێوەندی بە یارمەتیدانی ئەو گرووپانە لە لایەن "خومەینی"یەوە هەبێ. دەگوترێ خومەینی نزیکەی سەد میلیۆن دوڵاری یارمەتی بەو ڕێکخراوە ئەفغانییانە داوە. ئەو ڕۆژانە بارودۆخی ناوچەکەی ئێمە گەلێک ئاڵۆزە. لە شەڕی ویێتنام بارودۆخەکە ڕوون بوو، ویێتنام لەگەڵ ئەمریکا لە شەڕدا بوو. ئەو کات ڕوون بوو کە دۆستانی ئێوە چ کەسانێکن.

**ئێوە تۆمەتبارن بەوەی کە یارمەتیی ماددی لە ئیسرائیل وەردەگرن، ئایا ئەوە ڕاستە؟**

ئیسرائیل یارمەتیی حکومەتی ئێران دەدا، ئەوان هیچ پێوەندییەکیان بە ئێمەوە نییە. ئێوە گوێ بدەنە ڕادیۆ ئیسرائیل، ئەو کات خۆتان بەباشی تێ دەگەن ئەوان پشتیوانی لە کێ دەکەن. دەوڵەتی ئێران چەک و تەقەمەنی لە ئیسرائیل کڕیوە. ئەو مامەڵەیە لە لایەن سەرهەنگ "حەداد[3]" یا لە ڕێگای گرووپی شیعەی ئەمەل[4] لە باشووری لوبنان جێبەجێ کراوە.

**ئایەتوڵڵا خومەینی و لایەنگرانی ئیدیعا دەکەن کە ئیسلام بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشی لە**

---

١- -حەفیزوڵائەمین، سیاسەتمەداری کۆمۆنیست و چوارەمین سەرۆککۆماری ئەفغانستان کە لە ساڵی ١٣٥٨ کوژرا.

٢- -ببرک کارمل سیاسەتمەداری کۆمۆنیست، لە نیوەی دووهەمی دەهەی ٨٠ی زایینی سەرۆککۆماری ئەفغانستان بوو.

٣- -سەعد حەداد لە ڕێبەرانی گرووپی نیزامی بە ناوی «جیش اللبنان جنوبی» لە سەردەمی شەڕی نێوخۆییی لوبنان بوو.

٤- -جووڵانەوەی ئەمەل لەو گرووپە شیعە چەکدارانەیە کە لە سەردەمی شەڕی نێوخۆییی لوبنان لە لایەن موسا سەدر دامەزرا.

**سیاسەتدا کۆمەڵێک بنەما لە کۆمەڵگەی ئێراندا پێک دێنێ. چ وزە و تەوژمێک لەو ئیدیعایەدا دەبینی؟**

زۆرینەی خەڵکی ئێران موسڵمانن و ئێمەش حیزبی دژەدین نین. بەڵام دین و سیاسەت دەبێ لە یەکتر جیا ببنەوە و ئازادییە مەزهەبییەکان حورمەتیان پارێزراو بێت. ئایدۆلۆژیی ئایەتوڵڵا خومەینی ئینقلانی و ڕزگاریدەر نییە. چونکە لەو حکومەتەدا ئازادییە سیاسییەکان بەڕەسمی نەناسراون. لە سەردەمی نیزامی پاشایەتیدا ئازادیی سیاسی نەبوو، بەڵام ئێستا ئەو ئازادییە کەسییەی هەبوو، نەماوە. خومەینی حکومەتێکی فرقەیی دروست کردووە. لە ئێران دژی ژنان هەڵاواردن هەیە و زانکۆکان داخراون. تەواوی قوتابخانەکان لە کوردستان داخراون. ئەگەر ئیسلام نە ڕوانگەی خومەینی، بەڵکو بە تێڕوانینی موجاهیدین بناسێنین، ئەو کات لە ڕاستیدا دەتوانرێ بۆ خەڵک کارێکی بەسوود بێت.

**ئێوە پێتان وایە چ ڕووداوێک لە ئێران ڕوو دەدا؟**

پێشبینیی ئەو بابەتە زۆر دژوارە. چونکە هۆکاری جۆراوجۆر هەیە. یەکێک لە هۆکارەکان کە نابێت لە یادی بکەین، خودی خومەینییە. وا دیارە ناوبراو نەخۆشە و کاتێک دەمرێت بارودۆخەکە بەخێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. شیمانەیەک ئەوەیە کە هێزە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکان لەگەڵ یەکتر هاوپەیمانی پێک بێنن و ڕێژیمێکی پێشکەوتوو دابمەزرێنن. ئەگەر هات و ئەو هێزانە سەر نەکەوتن، شەڕی نێوخۆیی سەر هەڵدەدا کە ئاکامێکی کارەساتبار بەدوای خۆیدا دێنێت. شیمانەی سێهەم ئەوەیە کە ئەمریکا دەستێوەردانی نیزامی بکا. ئەگەر ئەوان کاتناس بن، دەتوانن لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیانە، هێندێک کار بکەن.

# وتووێژ لەگەڵ بەنیسەدر

## ”من ئیدۆلۆژیم تێک شکاند“

ئەبولحەسنی بەنیسەدر ساڵی ١٣١٢ لە پارێزگای هەمەدان لە بنەماڵەیەکی مەزهەبی لەدایک بووە. بابی ناوبراو لە هەمەدان ڕووحانییەکی دەسترۆیشتوو بووە(بەنیسەدر ،١٩٨٤-بریتانیکا،٢٠١٩). بەنیسەدر لە زانکۆی تاران لە بەشی ئابووری خویندوویەتی. ناوبراو لە دەیەی ٤٠ و لە سەردەمی خوێندکاری لە زانکۆدا چووەتە بەرەی دژبەرانی شاوە. دوای ڕووداوەکانی جۆزەردانی ١٣٤٢بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی ئابووری چووەتە فەڕانسە. ئەو ماوەیەک لە کۆنفێدراسیۆنی جیهانیی قوتابیان و خوێندکاران چالاکیی سیاسی هەبوو، لە هەمان کاتدا پێوەندیی تەشکیلاتی بە ”بەرەی نەتەوەیی“یەوە هەبووە(بەنیسەدر ،١٩٨٤-بریتانیکا،٢٠١٩). لەو سەردەمەدا کە خومەینی بۆ فەڕانسە دوور خرایەوە، ناوبراو تیکەڵ بە بازنەی کەسە نزیکەکانی خومەینی بوو، لەو ماوەیەدا یەکێک لە ڕاوێژکارانی نزیک و جێگای متمانەی خومەینی دەهاتە ئەژمار(بریتانیکا،٢٠١٩).

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و گەڕانەوە بۆ ئێران، نزیکایەتی لە خومەینی بووە هۆکار هەتا بەرپرسایەتیی باڵای سیاسی پێ بدرێ. سەرەتا وەک ئەندامی شۆڕای شۆڕش دەستنیشان کرا و هەتا کۆتاییی کاری ئەو شۆڕایە لە ساڵی ١٣٥٩ه.ش لەو پۆستەدا مایەوە(بریتانیکا،٢٠١٩). لە دواییدا پۆستی وەزارەتی ئابووری و دارایی لە لایەن خومەینییەوە پێ سپێردرا. لە ڕێبەندانی ١٣٥٩ه.ش بە وەدستخستنی ١١میلیۆن دەنگ وەک یەکەم سەرۆک‌کۆمار لە نیزامی کۆماری ئیسلامی هەڵبژێردرا(بەنیسەدر ،١٩٨٤-بریتانیکا٢٠١٩). لەگەڵ ئەوەشدا زۆری نەکێشا کە ناکۆکیی ئەو لەگەڵ حیزبی جمهووریی ئیسلامی و ڕووحانییەتی نزیک لە خومەینی زۆر بەتوندی سەری هەڵدا. هەروەها ناوبراو لەگەڵ سەرۆک وەزیران محەممەدعەلی ڕەجایی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەسەر بەنیسەدردا سەپێندرا بوو، ناکۆکیی سیاسی سەری هەڵدا(بەنیسەدر ،١٩٨٤-بریتانیکا،٢٠١٩). نووسین و ناردنی نامەی زۆر لە لایەن بەنیسەدر بۆ خومەینی بۆ چارەسەریی قەیرانەکان نەیتوانی بگاتە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا بەنیسەدر لە جۆزەردانی ١٣٦٠ه.ش لە لایەن مەجلیسەوە لێپرسینەوەی لێ کرا و بڕیاری لابردنی لە پۆستی سەرۆک‌کۆماری لەسەر جێبەجێ کرا(بەنیسەدر ،١٩٨٤-بریتانیکا،٢٠١٩). دوای ماوەیەکی کورت خودی خومەینی ناوبراوی بە خیانەت و پیلانگێڕی تاوانبار کرد و فەرمانی دەستبەسەرکردنی درا. دوای ئەو ڕووداوانە بەنیسەدر بە هاوکاریی موجاهیدینی خەڵق خۆی حەشار دا و لە حەوتی گەلاوێژی ١٣٦٠ لەگەڵ مەسعوود ڕەجەوی لە ڕێگای پێگەی ئاسمانیی یەکەمی شکاری تاران، لە ئێران

ڕای کرد و لە فەڕانسە بووە پەنابەر(بەنی‌سەدر ، ١٩٨٤-بریتانیکا،٢٠١٩)

ئەم چاوپێکەوتنە لە خەزەڵوەری ١٣٦٠، چەند حەوتوو دوای هاتنی بەنی‌سەدر بۆ فەڕانسە بەڕێوە چووە. لە کاتی وتوویژەکەدا، بەنی‌سەدر دەوڵەتی لە تاراوگە پێک هێناوە و لە بەرەیەکی سیاسی بە ناوی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی کار دەکا. بە باوەڕی ”هاڵیدەی“ ئەو بەرەیە گەورەترین هێزی دژبەرە لە بەرانبەرنیزامی کۆماری ئیسلامیدا(هاڵیدەی،١٩٨٢م).

**ئێوە لە فەڕانسە دەژین و دەتانهەوی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ئایەتوڵڵا خومەینی سازمان بدەن، بەڵام دەزانین ئێستاش خومەینی لەنێو خەڵکدا پێگەی هەیە و لە سەرکوتی دژبەرانی تەنانەت لە شای ئێرانیش سوورترە. ئایا ئەم دوو پێناسەیە، کارکردن بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دژوار ناکا؟**

ئەوە دروستە کە دەزگای سەرکوتی خومەینی لەبابەت ئۆپۆزیسیۆن زۆر دڕندانەتر لە حکومەتی شا دەجووڵێتەوە. بەڵام ڕێژیمی ئەو لە ڕێژیمی شا لاوازترە. لانیکەم شا بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی و دەوڵەتیدا چاوەدێریی هەبوو، لە حاڵێکدا خومەینی توانای ئەو چاوەدێر و سازماندانەی نییە. دامەزراوە مەزهەبییەکان کە پشتیوانی لە خومەینی دەکەن هێشتا ناوەرۆکی پێش شۆڕشیان هەیە. ئەوان ئێستاش لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەربەرەکانی دەکەن و کار و کردەوەیان دەبێتە هۆی نانەوەی ئاڵۆزی و پشێوی. خومەینی گرفتێکی دیکەشی هەیە. ئەو بۆ ئیدارەدانی وڵات پێویستی بە کادر و کاربەڕێوەبەریی توانا و پیشەیی هەیە، بەڵام هەتا ئێستا نەیتوانیوە بۆچوونی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دەرگای زانکۆکان بەو ئامانجە داخران کە بەشی خوێندەواری کۆمەڵگە پەیوەستی حکومەت بن، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا و هەر کاتێک زانکۆکان دەرگایان بکرێتەوە، دەبنە ناوەندی ئۆپۆزیسیۆن دژ بە دەسەڵات. ئەو بابەتە دەربارەی ئەرتەش و دەزگاکانی ئیداریش دروستە.

**لە ڕوانگەی ئێوەوە ئایا ئەرتەش نەیاری خومەینییە؟**

ئەرتەش بەتەواوی دژی مەلاکانە. ئەگەر هات و ڕۆژێک سەڵتەنەتخوازەکان بتوانن پێگەیەک لەنێو ئەرتەشدا بۆخۆیان دروست بکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێزاریی ئەرتەش لە مەلاکان.

خومەینی تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتی گەیاندووەتە ڕادەێ بێ‌مەسئولییەتی. ئەو بەدوای چەسپاندنی سیاسەتە وێرانکارییەکانیەتی. ئەو سەرەتای شۆڕش زیاتر لە ٩٩ لەسەدی خەڵکی لەگەڵ بوو، بەڵام ئێستا ئەو پشتیوانییە دابەزیوە بۆ پازدە لەسەد.

## ئایا ئەو پشتیوانییە لە لایەن وردەبورژوازییەوە دەکرێ؟

نا، ئەوبەشەی سەربەبورژوازییە کە پشتیوانی لەئەودەکا. چونکەلەسەردەمی دەسەڵاتداریەتیی خومەینیدا زیاتر لە سەردەمی شا، قازانج دەکەن. ئەوان یارمەتیی ڕووحانییەت دەدەن بۆ دارشتنی پایەکانی دیکتاتۆری و هیوادارن لە دواییدا لەسەر کورسیی دەسەڵات دابنیشن. لە ئێراندا پیشەسازیی بەرهەمهێنانمان نییە، تەنیا یەک سیستەمی ساکاری دابەشکردن هەیە کە زۆرتر بازارییەکان و هاوردەکاران سوودی لێ وەردەگرن. لەو نێزامەدا ئەمنییەت بۆ بازار دابین کراوە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، بازرگانان لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین.

## ئێوە لەگەڵ خومەینی لە نزیکەوە دانیشتن و وتوویژێکی زۆرتان هەبووە، ناوبراو چ دەزانێ؟ ئایا دەتوانرێ لەگەڵ ئەودا وتوویژ و ڕاوێژ بکەی؟

بە هیچ لەونێک. قسەکردن لەگەڵ ئەودا وەک قسەکردن لەگەڵ کەسێکی نابیستە. ئەو لە هیچ شتێک ناگا. بۆ نموونە کاتێک سەبارەت بە قەیرانی بارمتەگرتن و دەستبەسەردا گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر ئابووریی وڵات قسەم لەگەڵ کرد و لێم پرسی:" ئامانجتان لە بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتەکان چییە؟" وڵامی دامەوە:" ڕێژیمی ئێمە لە حاڵی قاییمکردنی جێپێی خۆیەتی. دوژمنەکان هەوڵیان ئەوەیە شۆڕشی ئێمە تێک بشکێنن. ئێمە کەڵک لە بارمتەکان وەردەگرین هەتا قانوونی بنەڕەتیی خۆمان پەسەند دەکەین و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و مەجلیسی قانووندانان بەڕێوە دەبەین. دوای ئەنجامدانی ئەو کارانە ئەو جار بابەتەکە تاوتوێ دەکەین. بەو جۆرە دوژمنانی ئێمە هەلی ئەوەیان بۆ نارەخسێ کارێک دژی ئێمە بکەن. چونکە هەر جووڵەیەکی ئەوان خەیانەتیان ئاشکرا دەکا." لە وڵامدا من بە خومەینیم گوت ئەمریکاییەکان هەتا ئەو کاتە ڕاناوەستن کە ئێمە پێمان وابێ کارمان بە بارمتەکان نەماوە. ئێمە لە نێوخۆی وڵات نیازمان بە هاوردەکردنی کەلوپەلی خاریجی هەیە، هەوڵم دا بۆی شی بکەمەوە کە مانای گەمارۆی ئابووری چییە. گوتم سەرمایە وەگەڕخستن و بەرهەمهێنان دەبێتە کارێکی مەحاڵ و نامومکین، تەنانەت توانای بەکارهێنانیش بە هۆکاری ڕێگری لە هاوردەکردن دێتە خوارێ. خومەینی گوتی:" لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا خەڵک تەنیا یەک دەنک خورمایان دەخوارد." هەوڵم دا تێی بگەیێنم کە ئابووری تەنیا خواردن و خواردنەوە نییە. کاتێک خەڵک شۆڕش دەکەن، وزە و تواناییان ئازاد دەبێ و ئەگەر نەتوانن بەرهەمهێن بن، گرژی و توندوتیژی دروست دەبێ. خومەینی ئابووری تەنیا لە ڕادەی بەکارهێناندا دەدی و هەر بەو هۆکارە گەمارۆ ئابوورییەکانی بە هەل و دەرفەت دەزانی.

**لە دەوروبەری خومەینی چ  جۆرە کەسانێکی لێیە؟ چ جۆرە کەسانێک هاتوچۆی دەکەن؟**

لە سەرەتای شۆڕش مەلاکان و ڕووناکبیران هاموشۆیان دەکرد. وردە وردە ڕووناکبیران لێی دوور کەوتنەوە، ئێستا تەنیا مەلاکان بە دەوروبەرییەوە ماونەوە. هەڵبەت ئەو جۆرە کەسانە لە خومەینیش کەمتر زانیارییان هەیە.

**یانی هیچ کەسی زیرەک و زانا کە دوور بڕوانێ لە دەوروبەری خومەینی نییە؟**

بۆچی. بەهەشتی[1] کەسێکی وا بوو، بەڵام خومەینی باوەڕی پێی نەبوو. یەکێک لە نزیکەکانی خومەینی پێی گوتم :" ئەو کەسەی خەڵک خۆشی بوێ، خومەینی لێی بێزارە. ئەگەر دوژمنایەتیی تۆ دەکا بەو هۆکارەیە کە خەڵك خۆشی دەوێی. "خەڵک ئایەتوڵلا بەهەشتییان خۆش نەدەویست، بۆ خومەینی ئەو لە کەسانی دیکە لەپێشتر بوو. بەهەشتی ڕێکخەرێکی باش نەبوو، ئەو تەداروکاتچی و کاربەڕێکەرێکی باش بوو، ئەو کەسێکی زیرەک و فێڵباز بوو.

**دەگوترێ کە خومەینی لەو هێزانە کە بە "ساواما" ناسراوە و لە لایەن ئەرتەشبود "فردوست" مەئمووری پێشتری ساواکەوە ئیدارە دەکرێ، کەڵکی وەرگرتووە. ئێوە لەو پێوەندییەدا چ دەزانن؟**

ئەو هەواڵەی بە من گەیشتووە، دەگوترێ کودەتای جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی فردوست بە هاوکاری و هاودەستیی بەهەشتی، بەقایی[2] و ئایەت[3] و کەسانی دیکە سازماندەیی کردووە. من لەسەر ئەو بابەتە هیچ زانیارییەکی ڕاست و دروستم نییە. هەروەها زانیاریم نییە کە فردوست "ساواما" ئیدارە دەکا یان نا. ئەو دامەزراوە هەیە، بەڵام ئەوەندە گرینگ نییە، چونکە مەئموورینی پێشووی ساواک لە دەرەوەی سنوورەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و دژەزانیاری چالاکن. کار و چالاکییەکانی ساواک لە نێوخۆی وڵات ئێستا لە ئەستۆی سپای پاسدارانە کە دەزگای ئیتلاعاتیی خۆی دروست کردووە.

---

١- -محەممەد حوسێن بەهەشتی، یەکەم سکرتێری حیزبی جمهووریی ئیسلامی و بە یەکێک لە کاریگەرترین سیاسەتمەدارانی نزیکی خومەینی دادەنرا، کە لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠ لە تەقینەوەی دەفتەری حیزبی جمهووریی ئیسلامیدا کوژرا.

٢- -مزەفەر بەقایی، ڕێبەر و دامەزرێنەری حیزبی زەحمەتکێشانی ئێران، ساڵی ١٣٦٦ لە ئێران کۆچی‌داویی کردووە.

٣- -حەسەن ئایەت، نوێنەری مەجلیس و یەکێک لە ئەندامانی بەرزی حیزبی جمهووریی ئیسلامی بوو کە ساڵی ١٣٦٠ تیرۆر کرا.

**ئایا یەکیەتیی سۆڤیەت و حیزبی توودە ڕۆڵی گرینگیان لە ڕووداوەکانی ئەو دوایی‌یانەی نێوخۆی ئێراندا هەبووە؟**

ڕووسەکان لەگەڵ حیزبی توودە پێوەندی و هاوکاریی نزیکیان هەیە. بەڵام باسکردنی ئەو بابەتە دەربارەی حیزبی توودە لێرەدا پێویستە:" خەڵکی ئێران ڕابردوویان لەبیر نەکردووە و لە ڕۆڵ و نەخشی تێکدەرانەی یەکیەتیی سۆڤیەت و هاوکاریی حیزبی توودە بۆ سەرگرتن و بەڕێوەچوونی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەباشی ئاگادارن.

**بەڵام حیزبی توودە لە کودەتادا ڕۆڵی نەبووە و ئەوە تەنیا چیرۆکێکە؟**

خەڵکی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە کودەتادا دەستیان هەبووە. چونکە حیزبی توودە پێش ڕوودانی کودەتا، سیاسەتی لاوازکردنی دەوڵەتی موسەدیقیان گرتبووە بەر و کاتێک کودەتا ڕووی دا، حیزبی توودە هیچ پشتیوانییەکی لە موسەدیق نەکرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەوان لەنێو ئەرتەشدا سازمانێکی بەهێزیان هەبوو. ئەوە بە مانای هاودەستبوونی ئەوان لە کودەتادایە. لە سەردەمی ئێستادا نەسلی لاوی مارکسیست زیاتر لە حیزبی توودە بێزار بوون، چونکە ئەوان پێیان وایە حیزبی توودە خیانەتی بە مارکسیزم کردووە و هۆکاری شکانی مارکسیزم لە ئێراندا لە ڕۆڵی خرابکارانەی حیزبی توودەدا دەبینین. ئێستا تەنیا کادرە کۆنەکانی دەیەی ٣٠ و٤٠ بۆ حیزبی توودە ماوەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەواندا باسکردن لە ڕۆڵی حیزبی توودە لە کودەتای جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠دا بێ بنەمایە. ئێستا ڕووسەکان لە وەزعییەتێکی زۆر خراپدان و هەلومەرجی ئەفغانستان "بدگومانی" سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤیەت زیاتر کردووە. ئێستا ئەرتەش زۆر دەرفەت بە حیزبی توودە نادا و ئەوان لە بنەڕەتداهیچ کەرەسەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی کودەتا بەدەستەوە نییە.

**ئێوە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئێوە پشتیوانی لە سیاسەتی ئەمریکا دەکەن و هەر بەو هۆکارەش هێرش دەکەنە سەرتان. محەممەد عەلی ڕەجایی[1] بە کەسێکی نزیک لە چین دەزانن، بۆیە دزێو و ناشیرینی دەکەن؟**

یەکیەتیی سۆڤیەت مەبەستی ئەوەیە پێشگیری لە سەرهەڵدانی حکومەتێکی سەربەخۆ لە ئێران بکا. ئەوان وایان پێ باشە حکومەتی ئێران بەستراوە بە ئەوان بێ یان لانیکەم حکومەتێکی سەقامگیر لەسەر کار بێ کە بتوانن پێوەندییان پێوە هەبێ. لە هەمان کاتدا

---

١- -محەممەد عەلی ڕەجایی، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی بەنی‌سەدر، دوای لەسەرکار لادانی بەنی‌سەدر بوو بە دووهەمین سەرۆک‌کۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناوبراو لە ٨ی ڕەزبەری ١٣٦٠ لە تەقینەوەی دەفتەری سەرۆک وەزیراندا کوژرا.

یەکیەتیی سۆڤیەت لەوە نیگەرانە کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاست هەبێ.

من دەستێوەردانەکانی ئەوانم لە ئەفغانستان بەتوندی مەحکووم کردووە و دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤیەت لەو پێوەندییەدا دەزانن هەڵوێستی من چۆنە. من لیبراڵ نیم، بەڵام بەو هۆکارە کە دەمهەوێ ئێران وڵاتێکی سەربەخۆ بێ، پرۆژەی ئەوان لە ئێران پووچەڵ دەکەمەوە و بەو پێیە سروشتییە ئەوان دوژمنایەتیی من بکەن. یەکیەتیی سۆڤیەت دەزانێ کە چارەنووسی هاوپەیمانەکەی لە ئێران بەستراوەتەوە بە دوارۆژی ڕێژیمی ئێستای ئێران. ئەگەر ئەو ڕێژیمە بڕووخێ، حیزبی توودەش دەڕووخێ.

**ئاغای بەنیسەدر هەر لە سەرەتاوە نییەت و کەسایەتیی خومەینی دیار و ئاشکرا بوو، ئەو پێشبینییە هەڵە بوو کە هێزە دێموکراتەکان دەتوانن لەگەڵ ئەو هاوکاری بکەن. بەڵام ئێوە لە یەکەم ڕۆژەکانەوە پشتیوانیتان لە خومەینی کرد و لە دواییشدا کە بووی بە سەرۆک کۆمار، یارمەتیدەر بووی لە هەموو سەرکوتکارییەکانی ئەو ڕێژیمە. ئێوە لە گەلاوێژی ١٣٥٨داخستنی ڕۆژنامەی ئایەندەگانتان پەسەند کرد، لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا پاساوتان بۆ ئیعدامەکانی تورکەمەنسەحرا هێنایەوە. بەکورتی لەسەریەک پشتیوانیتان لە دیکتاتۆری مەزهەبی کرد. خەڵک دەڵێن لەگەڵ ئەوەدا دوورکەوتنەوەی ئێوە لەو نیزامە کارێکی باش و بەجێیە، بەڵام ڕەنگە بۆ کارێکی ئاوا ئیدی زۆر دەرنگ بووبێ. پشتیوانیی ئێوە لە پرۆژەی خومەینی نیشاندەری ئەوەیە کە ئێوە کەسێکی ڕاستگۆ نەبووی و توانای دادوەریی سیاسیتان نییە. بۆ ئەو ڕەخنانە وەڵامتان چییە؟**

هێندێک لەو گرووپانە لە سەردەمی شۆڕشدا هیچیان نەکردووە و لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێ بوون، وا بیر دەکەنەوە کە دەتوانن من بەو پڕوپاگەندانە خراپ بکەن. سەردەمێک کە خۆمەینی لە پاریس بوو، منیش لەگەڵی بووم، بەڵام ئایا لەو سەردەمدا کەسێک هەیە کە دژی ئەو بووبێ؟ دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بێتە پاریس، پێرستێکی نۆزدە ماددەییم ئامادە کردبوو کە خومەینی لەسەر بنەماکانی ئەو نۆزدە ماددەیی‌یە هەڵوێستەکانی خۆی دەربڕێ. لەو پێرستەدا ڕۆڵی زانایانی ئایینی، پێگەی ژن، مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییە و مەزهەبییەکان و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی لەو چەشنەی لەخۆ گرتبوو. هەر ئەو کات داوام لە خومەینی کرد لەسەر ئەو بابەتانە وەڵامی ڕوون بداتەوە. ئەویش چەندین جار لە قسە و لێداوانەکانیدا وەڵامی ئەو بابەتانەی دایەوە. لەو سەردەمدا بۆچوون و ڕوانگەکانی ئەو ئەگەر نەڵێم شۆڕشی، لانیکەم وەک کەسێکی پێشکەوتنخواز دەهاتە بەرچاو. یەکەم جار کە هەستم کرد خومەینی ئەو کەسە نییە کە من پێشتر باوەڕم پێی بوو، ئەو کاتە بوو کە بۆ تاوتوێی دژایەتییەکانی خومەینی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی نوێ، من و بەهەشتی سەردانمان کرد.

ئەو چاوپێکەوتنە پێش هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی ئەساسی لە (گەلاوێژی ١٣٥٨)دا بوو. خومەینی دەیگوت ژن ناتوانێ ببێ بە سەرۆک‌کۆمار. منیش وەبیرم هێنایەوە کە لە پاریس خۆی بەو بابەتە ڕازی بووە. لە وڵامدا خومەینی گوتی : "من لە پاریس لەسەر زۆر بابەت قسەم کردووە، بەڵام لە بەرانبەریاندا خۆم بە بەرپرسیار نازانم." ئەوکات زانیم هیچ زەمانەتێک نییە کە خومەینی هەڵوێستی خۆی لەبابەت هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان نەگۆڕێ. من نەتەنیا هەڵوێستی خۆم نەگۆڕی، بەڵکو زیاتر پەرەم بە کار و چالاکی دا. ئامانجم ئەوە بوو کە کەشوهەوایەکی سیاسیی وا لەنێو خەڵکدا پێک بێنم کە خومەینی ناچار بێ ئەو بەڵێنانەی لە پاریس بە خەڵکی داوە، جێبەجێیان بکا.

ئیزەن بدە وڵامی ڕەخنە دیارەکانی ئێوە بدەمەوە. من قەت ئیعدامەکانم تەئید نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژایەتیم کردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیی من ئەوە بوو کە بەهۆی دیکتاتۆریی شا خەڵکی ئێمە لەو ڕووداوانەی لە وڵات ڕوویان دەدا، بێ‌خەبەر بوون و تەنیا بە بەڕێوەچوونی دادگا کراوە و ئاشکراکان دەکرا دەستیان بەو زانیارییانە بگا. من لە ڕۆژنامەی خۆمدا "شۆڕشی ئیسلامی" وتارێکم لەسەر داخرانی ڕۆژنامەی "ئایەندەگان" نووسی. چەندین بابەتم سەبارەت بە ئیعدامەکان و سەرکوتی کوردستان نووسی و بڵاوم کردەوە. بۆ کەسانی دیکە سادەیە کە بڵێین لەگەڵ ئەو ڕووداوانە موخالیف بوون، بەڵام هەموویان بێ‌دەنگییان هەڵبژارد. من تەنیا کەسێک بووم کە ڕەخنەم دەگرت. من پۆستی سەرۆک‌کۆماریم کە بە کردەوە هیچ مانایەکی نەبوو، فیدای سەرکەوتنم لە سێ شەڕدا کرد کە تووشم ببوون. یەکەم، شەڕ لە دژی هێرشی ئێراق و دووهەم، دژی گەمارۆکانی ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەی لە هیچ کام لەو شەڕانەدا بەتەواوی سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام شکستم نەخوارد. کەچی لە شەڕی سێهەمدا شکستم بە ئیدۆلۆژیی ڕێژیم هێنا. ئیدۆلۆژیی ئیستبداد هەر تەنیا لە فۆڕمی سیاسی یان سەڵتەنەتیدا نەبوو، بەڵکو مەیدانی مەزهەبیش هەبوو. ویلایەتی فەقیهی بە مانای حاکمییەتی فەقیهی ئیسلامییە. پێش شۆڕش دژایەتیی من لەگەڵ ئیستبداد دەستی پێ کردبوو. تەواوی چالاکییەکانی من دژی ئیستبداد بۆ پەرەپێدانی ئازادی و بەرپرسایەتیی تاکەکەسییە. من بە لەقاودانی لاوازییەکانی ئیستبداد پایەکانی ئەوم تێک ڕووخاند. من یەکەم سەرۆک‌کۆمار لە مێژووی مرۆڤایەتیدام کە ڕۆژنامەم چاپ و بڵاو دەکردەوە کە ڕۆژانە ڕەخنەی لە کار و چالاکییەکانی حکومەت دەگرت. هەر ئێستا خومەینی لەگەڵ بەربەرەکانیی ڕوو لە زیادبوونی خەڵک ڕووبەڕوویە. ئەو بەربەرەکانییە کەسانی وەک بەختیار، حەسەن نزیە[1] یا گرووپە چەپەکان لە ڕۆژاوا پێکیان نەهێناوە.

لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەدا کە بۆچی وا بە درەنگەوە لە نیزام دوور کەوتمەوە و هەڵوێستم گرت.

١- -حەسەن نزیە، قانوونزان و لە دامەزرێنەرانی نێهزەتی ئازادی، لە دەوڵەتی بازرگاندا سەرۆکایەتیی شیرکەتی نەتەوەیی نەوتی ئێرانی لە ئەستۆ بوو. ناوبراو بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی دەستی لە کار کێشایەوە، لە وڵاتی فەرانسە بووە پەنابەر.

دەبێ بڵێم تەنیا بووم. کەسانی وەک بازرگان لە حکومەت کشابوونەوە، بەڵام دژایەتیی حکومەتیان نەدەکرد. بازرگان و هاوڕێیەکانی ئێستاش لە مەجلیس حزووریان هەیە. حیزبی توودە لەگەڵ حکومەت هاودەستە. ئێستا بەرەی نەتەوەیی چ دەکا؟ پێشتریش لە بنەڕەتدا کارێکی ئەوتۆیان کردووە؟ لێرەدا دەمێنێتەوە چەپی ئیسلامی "حبیب الله پیمان[1]" و دەوروبەری، ئەوان لەگەڵ حیزبی جمهووریی ئیسلامی هاوکاری دەکەن. زۆربەی ئەو کەسانەی ڕەخنە لە من دەگرن، بۆخۆیان لایەنگری ئەمریکان. من تەنیا بووم و لەگەڵ ئەوەندە هاوفکرە کەمەی کە هەمبوون، موبارەزەی ڕاستەقینەم کردووە و لەو تاقیکارییەدا سەرکەوتوو بووم. ئەو کەسانە زۆرن کە ئێرانیان بەجێ هێشتووە، پارێزگارییان لە دیکتاتۆری و سەرسپێردراوی دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا خومەینی داوای لێ کردم زارم ببەستم و لە دەسەڵاتدا بمێنمەوە، بەڵام دەسەڵاتم ڕەها کرد و ژیانی خۆم خستە مەترسییەوە، چونکە دەمویست پارێزگاری لە ئازادی و سەربەخۆیی بکەم.

خەڵک لەبیریان نەچووەتەوە کە چۆن دوای هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران ڕێگریم لە رووخانی وڵات کرد. کاری ئەرتەش تەواو ببوو و سەدام حوسێن هەزاران هەواڵنێری بانگهێشتی سەر سنوور کردبوو کە جێژنی سەرکەوتن بگرێ. بەڵام من پێشم بە ڕووداوێکی وا گرت. لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێک وتارم نووسی، دەیان کۆبوونەوەی بەرینم گرت و قسەم بۆ خەڵك کرد، بەڵام خەڵک دڵیان بە ئەندیشە و ئایدیای مەزهەبییەوە بوو. ئەو بابەتە شتێکی نوێ نییە، ڕەگ و ریشەی لە مێژووی کۆنی ئێرانیدایە. ئێوە دەتوانن ئەوە لە شانامەی فیردەوسیدا ببینن. بۆیە ئەو بابەتە کارێکی سادە و ساکار نییە کە خەڵک ئایدیای مەزهەبی وەلا بنێن، بەڵام ئەوە رووی دا. کێ دەتوانێ لە کارێکی تاقەتپڕووکێنی وادا ڕۆڵی هەبووبێ؟ من یان کەسانێک کە من ناشیرین و ناحەز دەکەن؟

## بەڵام هێزی سیاسیی دیکە وەک کوردان هەبوون کە پێویستییان بە هاندانی ئێوە نەبوو؟

تەنانەت لە کوردستانیش ئیدۆلۆژیی ئیستبدادی حاکم بوو. لێرەدا مەبەستم عەبدوڕەحمان قاسملوو نییە، ئەو بەرهەمی شۆڕشە. پێش شۆڕش ناوبراو بەنائومێدی لە پاریس دەژیا. ڕەنگە خەڵک وای دابنێن کە من تەواو بووم و خومەینی ماوەتەوە، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەیەکی پووچە، ئەوەی دەمێنێتەوە منم.

---

١- -حەبیبوڵڵای پەیمان، سکرتێری جووڵانەوەی موسوڵمانانی موبارز(جنبش مسلمانان مبارز)، دوای شۆڕش بووە ئەندامی شۆڕای شۆڕش.

**وا وێدەچێ پرۆژەی ئیسلامی نەتوانێ چارەی گرفتەکانی ئێران بکا و ناوەرۆکی سیاسیی ئەویش شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆری. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، ئێوە ئێستاش باوەڕتان بەو پرۆژەیە هەیە. ئەو باوەڕە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟**

شێوازی کارکردنی من لەگەڵ ئەرتەش بووە هۆی ڕاوەستانێکی سەرکەوتووانە لە بەرانبەر هێرشی ئێراق. هەروەها توانیم لە بەشی ئابووریدا گەماڕۆکانی ئابووریی ئەمریکا تێک بشکێنم.

**بەڵام ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە؟**

حەتمەن پێوەندی هەیە. ئەگەر بەوردی سرنج بدەی، دەبینی کارکردی من لەسەر بنەماکانی ئوسوولی ئیسلامییە.

**ئوسوولی ئابووریی ئێوە ساڵانێکە لە بازنەی چەپی پاریس و ڕۆژاواییدا دەخولێتەوە. ئەوانە لە کاری کەسانێک وەک "چارلز بتلهایم ChalesBettheim[1]" و "سمیرامین Samr Amin[2]" هەڵێنجێندراوە. ئەو ئەندیشەیە محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام داینەڕشتووە. باس لەوە دەکرێ کە ئێوە وەک "سەمیر ئەمینی" نموونە لە قورئان دێننەوە. ئایا بەوە ڕازین کە ئێوە پشتیوانی لە پرۆژەیەکی ئابووریی دژە ئیمپریاڵیستی دەکەن و لەبەر ئەوە کەڵک لە باس و فاکتە ئیسلامییەکان وەردەگرن بۆ ئەوەی ئەو ئەندیشە و ئایدیایە لەبەرچاوی ئێرانییەکان جوانتر خۆ بنوێنێ؟**

ئەوە لە بنەڕەتدا دروست نییە. بنەما ئوسوولییەکان لە قورئان هەڵێنجێندراون. فەلسەفەی ئورووپایی و مارکسیستی لەسەر چەمکی پێوەندیی نێوان هێز و دژبەری دامەزراوە. ئەو ولامەکانی لە بنەماکانی دژ و تەزاد سەرچاوە دەگرن و لە ڕووحی ڕزگاریدەر هەڵناستێ. لیبرالیزم لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تاکگەرایانە لە پێوەندیی نێوان دەسەڵاتەکاندا ڕاوەستاوە و مارکسیزم ئەو پێوەندییانە لە گرووپ و چینەکانی کومەڵگەدا هەڵدەسەنگێنێ.هەر کەمیان هەوڵ دەدەن پرۆژەی کۆمەڵاتیی خۆیان بە تێکدانی هاوسەنگیی هێز، بێنێتە دی.

من هێندێک ڕەخنەم لەو ئوسوولانە هەیە و لە قورئاندا پێوەندییەکانم دوور لە دژایەتیی هێزەکان هەست پێ کردووە، کە ڕیشەی لە پێوەندیی تاک بە خواوەندی خۆیدایە. ئەو پێوەندییە لە بنەڕەتدا لەسەر ناکۆکیی هێز نییە. چونکە مانا نادا کە مرۆڤ و خواوەند لەو ڕێگایەوە بیانهەوێ پێوەندی پێکەوە بگرن. ئەو ئەسڵە ئەو ئیمکانە دەدا بە ئێمە کە نیزامێکی

---

١- -چارلز بێتهام، ئابووریناس و مێژووزانی مارکسیستی فەڕانسەوی.

٢- -سەمیر ئەمین، ئابووریزان و تیۆریزانی چەپگەرای میسری – فەڕانسەوی.

نویێ بۆ داڕشتنی بەرنامە و کار پەرە پێ بدەین و دیاردەیەکی درەوشاوە وەک شۆڕشی ئێران بخوڵقێندرێ. ئەو کاتەی خومەینی لە پاریس قسەی دەکرد، لە وتارەکانیدا لەو ئوسوولانە کەڵکی وەردەگرت. ئێمە ئەو ئایدیایانەمان ڕیزبەندی دەکرد و ئەویش باسی دەکردن. ئەو قسانە لە زاری خومەینی دەهاتە دەرێ، بەڵام نووسەرەکان کەسانێک بوون کە دەرکی ئەو ئوسوولانەیان کردبوو و قەبووڵیان بوو، واتە بەکردەوە هەموو ڕازی و قەناعەتیان هێنابوو. تەنانەت مارکسیسەکان دەیانگوت ئەگەر ئیسلام ئاوایە، ئێمە قەبووڵی دەکەین. ئەو ئوسوولانە یەکیەتییەکی ڕاستەقینەیان پێک هێنابوو و ئەو بابەتە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماریدا هەستی پێ دەکرا. من لە لایەن هیچ حیزبێکەوە بەربژێر نەبووم. کاتێکیش چوومە شۆڕای شۆڕش، لەوێش تەنیا بووم و بەو جۆرە بووم کە توانیم متمانەی خەڵک بەدەست بێنم. ئەوان دەیانزانی کە من لە هەڵوێستی خۆم پاشەکشە ناکەم.

# وتووێژ لەگەڵ مەسعوود ڕەجەوی

## ” بوونی ئێمە تەنیا هەڕەشە و مەترسییە لەسەر خومەینی“

مەسعوود ڕەجەوی ساڵی ١٣٢٧ لە شاری ”تەبەس“ لە بنەماڵەیەکی مەزهەبی لەدایک بووە. (ڕەجەوی،١٩٨٤). ناوبراو لە زانکۆی تاران قانوونی سیاسی خوێندووە و ساڵی ١٣٤٦پێوەندی بە ڕێکخراوێکی چریکییەوە کردووە کە دوو ساڵ پێشتر لە ڕێی ”محەممەد حەنیفنەژاد“ و چەند گەنجێکی دیکە دامەزرا بوو کە لە بزووتنەوەی ئازادی جیا ببوونەوە (ڕەجەوی،١٩٨٤). ساڵی ١٣٥٠ لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریی ئەو ڕێکخراوەیە کە دواتر ناوی گۆڕی و بوو بە ”سازمانی موجاهیدینی خەڵق“، لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرا و بە ئیعدام حوکم درا(هاڵیدەی،١٩٨٢-ڕەجەوی،١٩٨٤). لەبەر گوشاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ڕادەی نێونەتەوەیی بۆ سەر حکومەتی شا، حوکمی ناوبراو بە پلەیەک بۆ زیندانیی هەتاهەتایی داشکا(هاڵیدەی،١٩٨٢م- آبراهامیان،١٩٨٩،٢٣١). مەسعوود ڕەجەوی ساڵی ١٣٥٠ هەتا ساڵی ١٣٥٧ زیندانی بوو، لەو ماوەیەدا لە زیندان توانی بە هاوکاریی ئەندامانی دیکە کە ئیعدام نەکرا بوون، ڕێکخراوەکەیان سازمان بدەنەوە(هاڵیدەی،١٩٨٢-ڕەجەوی ١٩٨٤). ناوبراو لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٧لە بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ دوایین دەستەی زیندانییان بوو کە ئازاد کران. (کەیهان،١٣٥٧/١/١ه.ش).

وتارەکانی ڕەجەوی لە کۆبوونەوە گشتی و کلاسەکاندا لەژێر ناوی ”تبیین جهان“ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی جیهان کە لەودا بنەماکانی ئیدۆلۆژیکی موجاهیدین و خوێندنەوەی ئینقلابی لە ئیسلام تێیدا باس دەکرا، سرنجی گەنج و لاوێکی زۆری بۆ لای ئەو سازمانە ڕاکێشا. ڕەجەوی لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دەنگی ئەرێنیی بە کۆماری ئیسلامی دا، بەڵام بە هۆکاری دژایەتی لەگەڵ ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی لە ڕاپرسیی قانوونی بنەڕەتیدا بەشداری نەکرد (موجاهید،١٣٨٥/٨/٢٨ه.ش-ڕەجەوی،١٩٨٤م). هەر ئەوە بوو کە خومەینی بەئاشکرا دژایەتیی بەربژێربوونی ئەو لە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەمی سەرۆککۆماریدا بکا(ئیتلاعات،١٣٥٨/١٠/٣٠-موجاهید،١٣٥٨/١١/٢). لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ه.ش گوشارەکان لەسەر موجاهیدینی خەڵق زیاتر بوو (ڕەجەوی،١٩٨٤م). ئەو ڕێکخراوەیە هەتا ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ه.ش بە چالاکیی نیوە ئاشکرای خۆی دژی سیاسەتەکانی خومەینی و حیزبی جمهووریی ئیسلامی درێژەی دا(ڕەجەوی،١٩٨٤). لەو ماوەیەدا ڕێژەیەکی زۆری ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵق دەستبەسەر کران و دەستەیەکیان کوژران(آبراهامیان،١٩٨٩-٢١٤-٢١١٢). ڕێکخراوی موجاهیدین لە دوای لادانی بەنیسەدر لە پۆستی سەرۆککۆماری و دەستپێکردنی سەرکوتی بەربڵاوی هێزەکانی

ئۆپۆزیسیۆن، لە جۆزەردانی ١٣٦٠ ڕووی لە خەباتی چەکداری دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی کرد(موجاهید،٢/٤/١٣٦٠ه.ش-آبراهامیان،١٩٨٩م-٢١٩-٢١٨). ڕەجەوی لە حەوتی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ لەگەڵ بەنیسەدر لە پێگەی هەواییی یەکەمی شکاری تارانەوە ئێرانی بەرەو فەرانسە جێ هێشت و لەو وڵاتە بووە پەنابەری سیاسی(مک گیرک،١٩٨١).

ئەم وتووێژە یەک مانگ دوای ئەوەی مەسعوود ڕەجەوی ئێرانی جێ هێشتووە، لە شوێنێک لە پاریس ئەنجام دراوە. لەو کاتەدا مەسعوود ڕەجەوی بەرپرسی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی بوو. ناوبراو وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتیی بەنیسەدر دەناسرا(هالیدەی،١٩٨٢).

**ئێوە لە هەر ئانوساتێکدا ڕووخانی حکومەتی خومەینیتان پێشبینی کردووە. هەروەها ڕاتان گەیاندووە کە موجاهیدین تەنیا هێزێکە توانای ڕووخاندنی خومەینی هەیە. ئێوە چۆن بەو ئاکامە گەیشتوون؟**

ئێمە لەسەر دەسەڵاتی خومەینی بە چەند هۆکارێک وەک هەڕەشە دێینە ئەژمار. یەکەم، ئێمە موسوڵمانین، کۆمۆنیستەکان و گرووپەکانی وەک ئەوان لەو ڕوانگەوە بەباشی لە خەڵک ناگەن و دەشکێن. ئیسلام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتی ئێمەیە. دووهەم، ئێمە نیازمان بە خومەینی نییە و هیچ کاتیش نەمانبووە. ئێمە لە کۆتاییەکانی خەبات دژی حکومەتی پاشایەتی، خومەینیمان وەک ڕێبەر قەبووڵ کردووە. بەڵام ڕێکخراوەکەی ئێمە بەتەواوی جیا و سەربەخۆ لە خومەینی دروست بووە. لە یەکەم ڕۆژەکانی دروستبوونی ڕێکخراوەکەمان هەستمان بە ناخی ئیستبدادی و کۆنەپەرەستیی ئەو کردووە. دەستەیەک لە موجاهیدین ساڵی ١٣٤٩ فڕۆکەیەکی ئێرانیان ڕفاند و بەرەو ئێراقیان برد. لەو وڵاتە لەگەڵ خومەینی دیداریان هەبوو. ئەوان لەو دیدار و چاوپێکەوتنەدا گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە خومەینی نوێنەرایەتیی ئیسلامی وردەبورژوا، نەریتی و دەستەڕاستی دەکا. لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی ناچار بوون خۆیان لەپشت خومەینی بشارنەوە. ئێمە وەک موجاهیدین قەت ناچار نەبووین کاری لەو بابەتە بکەین. سێهەم هۆکار کە نیشان دەدا بوونی ئێمە هەڕەشەیە لەسەر خومەینی، لەو بابەتەدا خۆی دەر دەخا کە ئێمە لە سەرەتاوە بۆ خومەینی ڕەقیب بووین. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان سازماندانی دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەو باڵوێزخانەیە بۆ ئەو بابەتە دەگەڕایەوە کە خومەینی بەنیاز بوو لەو ڕێگایەوە لاوانی پێشکەوتوو لە ڕێکخراوی موجاهیدین دوور بخاتەوە.

سیاسەتمەدارانی دیکە نابن بە قامکی بچووکی خومەینی. خومەینی هەموو کات گوتوویەتی کە نابێ خەڵکی ئێران نیگەرانی مەسەلەی کوردستان بن، بەڵکو هەڕەشەی سەرەکی لە تاران لە بناگوێچکەی حکومەتدایە. ئێوە سرنج بدەنە سێ دروشمی سەرەکیی ڕێژیم کە

بێ‌پسانەوە لە نوێژی جومعە و دانیشتنەکانیاندا دووپاتی دەکەنەوە "ئەڵڵاهوئەکبەر، خومەینی ڕێبەر. مەرگ بەر مونافقین." مونافقین وشەیەکە لە قورئان وەرگیراوە و دژی ئێمە بەکاری دێنن. ئەو دروشمانە ئایدۆلۆژیا، ڕێبەری و دوژمنی سەرەکیی ئەو ڕێژیمە دیاری دەکا.

**ئێوە هەلومەرجی ئێستا لەگەڵ سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش لەساڵی ١٣٥٧ پێک دەگرن؟ لەگەڵ ئەودا ڕێکخراوی ئێوە زۆر بەهێزترە لە چاو ڕابردوو، بەڵام حکومەتی خومەینی لەگەڵ حکومەتی شا جیاوازیی زۆری هەیە، ئێستاش خومەینی لایەنگری زۆری هەیە و هێزەکانی سەرکوت زۆر چالاکانە و بێ‌بەزەیی‌یانە ڕەفتار دەکەن. لە مانگی پووشپەڕی ١٣٦٠ زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی ئێوە ئیعدام کران. هیچ کەس گومانی لە ئازایەتی و لەخۆبردوویی ئێوە نییە، بەڵام ئایا ئێوە سەرچاوەکانی توانا و هێزی ڕێژیمتان بەکەم گرتووە؟**

ئەو جۆرەی نیشان دەدرێ، خومەینی ئەوەندەش بەهێز نییە. ئەو سەرەتا پشتیوانیی ٩٠ لەسەدی کۆمەڵگەی ئێرانی لەگەڵ بوو، بەڵام ئێستا ئەو پشتیوانییە بۆ ١٥ لەسەد دابەزیوە. خومەینی ڕێبەریی بەرەیەکی بەربڵاوی هێزە نەتەوەیی مەزهەبی و خەڵکییەکانی دەکرد، بەڵام کاتێک گەیشتە دەسەڵات، دەستی کرد بە پاوانخوازیی پێگەی خۆی لەنێو بورژوازیی نەتەوەیی، جووتیاران، کرێکاران و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا، تەنانەت ئایەتوڵڵا و کەمینە نەتەوەیی‌یەکانی لەدەست دا. دوای ئەوەی لە بەنی‌سەدر دابڕا، خومەینی بەتەواوی تەریک کەوتەوە. هەر بەو هۆکارە هەواڵنێرە دەرەکییەکانی دەرکرد و هەموو ڕۆژێ ٣٠ کەس ئیعدام دەکا. پێنج میلیۆن کەس لە ئێران بێکارن، دوو میلیۆن کەسیش بە هۆکاری شەڕ لە وڵاتانی دەرەوە بوونە پەنابەر. شەڕ زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار زیانی بە وڵات گەیاندووە و نرخی هەڵاوسان لە سەد لەسەد تێپەڕ بووە. زیاتر لە یەک میلیۆن کوردیش ئابڵۆقە دراون. خومەینی دەبێ شەڕ درێژە پێ بدا هەتا بتوانێ سەرپۆش لەسەر قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دابنێ. ئەو بابەتە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری و دانانی "ڕەجایی"دا بەرروونی دیار بوو. ئەوان تەمەنی دەنگدەرانیان لە ١٨ بۆ ١٥ساڵ هێنایە خوارێ تا ڕێژەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بگەیەنێتە ٢٣ میلیۆن کەس. بەو حاڵەشەوە لە ڕێگای ڕاپۆرتێکی نهێنیی وەزارەتی نێوخۆی ئێران کە بەدەستی ئێمە گەیشتووە، تەنیا ٢/٧ میلیون کەس لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون(یانی لانیزۆر ١٥ لەسەدی کۆی گشتیی دەنگدەران) تەنانەت "شا"ش دەیتوانی ئەو ڕێژە دەنگە بۆ حیزبی "ڕستاخیز" بەدەست بێنێ.

ئەگەر پێتان وایە سازماندەییی هێزەکانی خومەینی زۆر بەهێزە، لە هەڵەدان. هێز و توانای خومەینی بە ڕادەی ئەرتەش و ساواکی "شا" نییە. کومیتەکان و سپای پاسداران بە شێوەیەکی باش ڕێک نەخراون، بەتایبەتی ئەگەر بمانهەوێ لەگەڵ موجاهیدین هەڵی

سەنگێنین کە زیاتر لە ١٥ ساڵ ئەزموونی هەیە، ئەو جیاوازییە دەبینین. سەرەتا ئەو هێزانە وەک فاشیستەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد و لانیکەم باوەڕیان بە خومەینی بوو، بەڵام ئێستا تەنیا دەستەیەک لۆمپەن بۆ پووڵ و پارە پشتیوانیی ئەو دەکەن. لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٤٠ لەسەدی هێزەکانیان لە ترسان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە. ئێستا ڕێژەیان زۆر نییە.

## دەڵێن نزیکەی ٨٠ هەزار کەس دەبن؟

نا، زۆر کەمترە. سرنج بدەنە ئەو بابەتە کە ئەرتەش لە بەرەکانی شەڕدایە. ئەگەر خومەینی توانییای ئەرتەش دژی ئێمە بەکار بێنێ، حەتمەن ئەو کارەی دەکرد. بەڵام هەر کاتێک خومەینی ئەرتەش ڕەوانەی شەقامەکان بکا، ئەوان پشتیوانی لە ئێمە دەکەن. خومەینی هەمیشە گلەیی دەکا کە پۆلیس کاری خۆی بەباشی بەڕێوە نابا. چونکە کارگێڕ و بەڕێوەبەرەکانیان هاوکاریی ئێمە دەکەن.

گرفتی سەرەکی لێرەدایە کە خومەینی توانای سازماندانی نییە، حکومەتی ئەو هیی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاستە. لەبەر ئەو بابەتەیە کە ئەو ڕێژیمە لە بەڕێوەچوونی مانۆڕی نیزامی هەتا خۆپێشاندان و نوێژی هەینی بە شێوازی جۆراوجۆر پێویستی بە "بسیجی" هێزەکان هەیە. ئەگەر خومەینی بیهەوێ ئێمە شکست بدا و دیکتاتۆرێکی سەقامگیر دابمەزرێنێ، دەبێ گیر و گرفتی وڵات چارەسەر بکا. تەنانەت هیتلێریش توانای ئەنجامی ئەو کارەی نییە. ئایەتوڵڵا بەهەشتی لەو بابەتە گەیشتبوو. دوای تەقینەوەی بۆمب لە دەفتەری حیزبی جمهووریی ئیسلامی، زیاتر لە ٦٠ لەسەدی ئەندامە چالاکەکانی لەنێو چوون. ڕێژیمێکی سەدەکانی نێوەڕاست بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکان و خۆشکردنی ئاگری شەڕ، ناتوانێ لاوازییەکانی خۆی داپۆشێ و درێژە بە ژیانی سیاسی و دەسەڵاتداریەتیی خۆی بدا.

## ئەو خوێندکارانەی لە باڵوێزخانەی ئەمریکادا بوون، کێ بوون؟

ئەوان لەگەڵ سپای پاسداران و موسەوی خوئینییەکان پێوەندییان هەبوو. ئەو چیرۆکە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە هێشتا حیزبی جمهووریی ئیسلامی دانەمەزرا بوو، لەو کاتەدا هێندێک لقوپۆپی جۆراوجۆری وردەبورژوازی لە هەوڵدا بوون لە ڕێگای ئەحمەد خومەینی یان موسەوی خوئینییەکان[1] خۆیان لە خومەینی نزیک بکەنەوە. دژایەتی و دووبەرەکیی زۆر لەنێو ئەوانەدا بوو. دەستەی یەکەم، ئەو خوێندکارانە بوون کە لە دووسێ حەتووی

---

١- -محەممەد موسەوی خوئینییەکان لە سیاسەتمەدارانی دیار و نزیکی خومەینی بوو کە ڕۆڵی گەورەی لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و سازماندانی خوێندکارانی خەتی ئیمامدا هەبوو. بڕوانە: داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە زمانی یادگاری ئیمام، یەکی (آبان) ١٣٩٥، پۆرتاڵی ئیمام خومەینی.

یەکەمدا لە دەوروبەری خوئینییەکان و کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامیدا بوون. دواتر حیزبی جمهووریی ئیسلامی کۆنترۆڵی کارەکانی بەدەستەوە گرت و کەسانی لایەنگری خۆیان لە باڵوێزخانەکان جێ کردەوە. حیزبی جمهووریی ئیسلامی وەک حیزبەکانی ڕۆژاوا نییە. گۆماوێکە هەموو جۆرە ماسییەک لەودا مەلە دەکا.

**ئایا ئەو دەنگۆیە ڕاستە کە سەرەتا ئێوە نیازتان هەبوو دەست بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکادا بگرن، بەڵام تاقمە دەستەڕاستەکانی ئیسلامی دەستی خۆیان ڕەپێش خست تا پێشگیری لە دەستڕاگەیشتنی ئێوە بە بەڵگەکانی باڵوێزخانە بکەن؟**

ئێمە نیازی دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەمان نەبوو. دوای داگیرکردنی باڵوێزخانە لەبەر هاوکاریی بەشێک لە خوێندکارەکان کۆمەڵێک بەڵگەمان دەست کەوت کە دەری دەخا "بەهەشتی" هاوکاریی ئەمریکاییەکانی کردووە.

**ئەگەر خومەینی بەڕاستی ناوەرۆکی سەدەکانی نێوەڕاستی هەیە، چۆن توانی شۆڕش و ڕاپەڕین دژی شای ئێران ڕێبەری بکا؟**

سەرکەوتنی خومەینی بۆ هێندێک هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە. ئەوکات لە ئێران بۆشاییی دەسەڵات هەبوو، شا دامەزراوە مەزهەبییەکانی لەنێو نەبردبوو، ئەو لەگەڵ ئەوان پێک هاتبوو و ئەوانیش لەگەڵ شا ڕێک کەوتبوون. خومەینی توانی دامەزراوە مەزهەبییەکان بکا بە ناوەندی سیاسی و ئەوان بە جەناحە لیبراڵەکانی وەک "مەهدیی بازرگان[1]" گرێ بدات. هۆکاری دیکە ئەوە بوو کە خومەینی وەک دژبەری شا و دژە کۆمۆنیست ناسرا بوو، چاوپێکەوتنەکانی ئەو لە سەردەمی دوورخراوەیی لە پاریس لەسەر ئەو بابەتە کاریگەرییان هەبوو، بەڵام جووڵانەوەی خومەینی هەموو کات ناوەرۆکی وردەبورژوازی و کۆنەپەرەستانەی هەبووە.

**بەو حاڵەوە، سازمانی موجاهیدین پشتیوانی لە خومەینی کرد و ئێوە دەبێ لانیکەمی بەرپرسایەتیی دروستبوونی ئەو ڕێژیمە وەئەستۆ بگرن. ئێوە تەنانەت لە سەرماوەزی ١٣٥٨ دەنگی ئەرێنیتان دا بە ناوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئەو حکومەتە. ئایا ئێوە لە خاکەلێوەی ١٣٥٨دەنگتان بە کۆماری ئیسلامی نەداوە؟**

بەڵێ دەنگمان دا، بەڵام بە مەرج.

---

١- - مەهدیی بازرگان، لە ڕێبەرانی نێهزەتی ئازادی و یەکەم سەرۆک وەزیر لە کۆماری ئیسلامیدا.

**ئێوە لە گەلاوێژی ١٣٥٨ لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی بنەڕەتی بەربژێر بوون؟**

بەڵێ، بەڵام هەڵنەبژێردرام.

**بۆچی زووتر ڕەخنەتان لە خومەینی نەگرت؟ بۆ دەبێ دوو ساڵ و نیو بخایەنێ تا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق بەئاشکرا دژایەتیی خومەینی دەست پێ بکا؟**

ئێمە قەت خومەینیمان وەک ڕێبەر یا وەلیی فەقیهی قەبووڵ نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئەوەمان قەبووڵ کردووە کە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەگەڵ ئەو خەبات بکەین. لەو چرکەساتەوە کە خومەینی لە ڕێبەندانی ١٣٥٧ گەڕایەوە ئێران، ناکۆکییەکانمان لەگەڵ ئەو زیادی کرد. دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە لەو سەردەمدا جووڵانەوەی ئێمە هێزێکی وای نەبوو. چەند حەتوو دوای هاتنەوەی خۆمەینی بۆ ئێران، من دژایەتیم لەگەڵ بەشێک لە سیاسەتەکانی ئەو کرد. لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کاتێک کەسێک متمانەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هێرشکردن بۆ سەر ئەو کارێکی هەڵەیە. ڕەخنەکانی من ڕووی لە دادگاکانی شۆڕش، ئیدیعای نابەجێی ویلایەتی فەقیهی و دروستبوونی سپای پاسداران بوو.

ئێمە لە ڕێبەندانی ١٣٥٧هەتا جۆزەردانی ١٣٦٠بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دژایەتیی خومەینیمان کردووە. لە ڕواڵەتدا لەگەڵ ئەو هاوڕا بووین، بەڵام هەموو لایەک دەیانزانی چ ڕووداوێک خەریکە ڕوو دەدا. لە ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠ کە شەڕ و تێکهەڵچوون لە شەقامەکانی تاران دەستی پێکرد، ئێمە دەستمان بە خەباتی ئاشکرا کرد. ئەو بابەتە دەبووایە بسەلمێندرێ، ئەگەرچی خەباتی ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی شا چەکدارانە بوو، بەڵام ئێمە ئوسوولەن باوەڕمان بە دەستبردن بۆ چەک نییە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەڵک زۆر زوو دەست بۆ چەک دەبن.

لەو سەردەمەدا بوو کە من لەو قسەیەی مەسیح گەیشتم کە دەبێ لایەکەی دیکەی ڕوومەتی خۆت بۆ لێدانی شەپلاغە ئامادە بکەی. هێرشیان دەکردە سەرمان و بێحورمەتییان پێ دەکردین، نوێنەرایەتییەکانمان دەسووتێندران و یەکێک لە ڕێبەرانی تەشکیلاتی ئێمە بەناوی محەممەدڕەزا سەعادەتی دەستبەسەر و بە بارمتەیان گرت، لە کۆتاییدا لە زیندان کوشتیان. من چەندین جار نامەم بۆ خومەینی نووسی و داوام لێکرد کۆتایی بەو کوشتارە بێنێ. بە خومەینیمان گوت ئێمە ئامادەین چەکەکانمان ڕادەست بکەینەوە ئەگەر مافەکانی خەڵک دابین بکرێن، بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو.

**سەرەتای هێرشەکانی خومەینی بۆ سەر ئێوە لە جۆزەردانی ١٣٥٩ڕووی دا. ناوبراو ئێوەی بە دوژمنی سەرەکی ناو دەبرد کە لە ئەمریکا خەت وەردەگرن. بۆچی لەو کاتەدا؟**

لەو سەردەمدا دەستمان کرد بە لەقاودانی کردەوەکانی ڕێژیم. ئێمە نەوارێکی دەنگیمان گەیاندە دەستی بەنی‌سەدر کە نیشانی دەدا چۆن "حەسەن ئایەت" ڕێبەری ئەوکاتی حیزبی جمهووریی ئیسلامی، بەنیازە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ. لەسەر یەک دەتوانین بڵێین بەربەرەکانیی ئێمە لەگەڵ خومەینی لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ناوبراو گەیشتە تاران. بەڵام هەڵوێستی دژە خەڵکیی ئەو ئارام ئارام خۆی دەر خست. قۆناغی یەکەم، هێرشی ناڕاستەوخۆ هەتا جۆزەردانی ١٣٥٩درێژەی هەبوو. لە قۆناغی دووهەمی هێرشەکان، خومەینی ئەوجار ڕاستەوخۆ ناوی ئێمەی دێنا. ڕەوتی گەشەکردنی ئێمە ڕێک بەپێچەوانەی ڕێکخراوی فیدایی‌یانی زۆرینە بوو. ئەوان لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ لە تورکمەن‌سەحرا هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر خومەینی دەست پێکرد، بەڵام لە کۆتاییدا لەپشت سەری ئەو نوێژیان کرد.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا قەت نەمانتوانی ڕۆژنامەکانی خۆمان بێ گیر و گرفت بڵاو بکەینەوە. ڕۆژنامەی ئێمە شەش مانگ پێش شۆڕش دەستی بە چاپ و بڵاوبوونەوە کرد. ئەوان لەو دوو ساڵ و نیوەدا هەمیشە بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕان هەتا هێرش بکەنە سەرمان.

**ئێوە یەک جار لەگەڵ خومەینی دیدارتان کرد؟**

خومەینی چارەگە سەعاتێک تاریفی موجاهیدینی کرد و پێی هەڵگوتین. پاشان بێ ئەوەی چاوەڕوانی وڵامی ئێمە بێ، هەستا و جەلەسەکەی بەجێ هێشت. من ڕووم لە خومەینی کرد و گوتم هێندێک خاڵی گرینگ هەن دەمهەوێ لەگەڵ ئێوە باسی بکەم. ئەو گوتی ڕا و سەرنجی خۆتانم بە نووسراو بۆ بنووسن. پێم وایە خومەینی کەسێکی زیرەکە، زیاتر لەوە ئاگای لە مەسائیلی جیهانە، ئەو هەموو شەوێ گوێ لە ڕادیۆ دەگرێ و بۆچوونی خۆی بەرانبەر بە بەردەنگی خۆی دەگۆڕێ.

**ئیسلامی ئێوە لەگەڵ ئیسلامی خومەینی چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئێوە خوازیاری ڕێژیمێکی ئیسلامی لە ئێرانن، بەڵام ئایا خەڵکی ئێران بەڕادەی پێویست لە سیاسەتی ئیسلامی گرفت و کوێرەوەری نەدیوە؟**

ئێمە نابێ بابەتی سیاسەتی کۆنەپەرەستی لەگەڵ بابەتی "ڕووحانییەت" تێکەڵ بکەین. خەڵک دەتوانن دژایەتیی کۆنەپەرستی بکەن، بەڵام لەگەڵ "تاڵەقانی" کە بە بابی

موجاهیدین دادەندرێ، قەت ئەو هەڵوێستەیان نابێ. بابەتی سەرەکی بۆ چین و توێژ دەگەڕێتەوە نەک بۆ جلوبەرگ. هەر بەوجۆرە هێندێک کەس "یەهوودییەت" بە "زایونیزم" دەزانن، ئیسلامیش لەگەڵ ئاخوندی کۆنەپەرەست بە یەک دەزانن. ئەو بابەتانە دەبێ لێک جیا بکرێنەوە. ئێمە خومەینی بە موسوڵمانێکی ڕاستەقینە یان ئیمام نازانین. ئەو جینایەتکارێک و"هەڵگەڕاوەیە". کەسێکی موسوڵمان چۆن دەتوانێ ئیزەن بدا کچێکی نۆ ساڵان بکوژرێ؟ شەڕی ئێمە لەگەڵ خومەینی ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی ئیسلامدایە. ئەو کەسێکی ویشک، کۆنەپەرەست و دژە زانستە. ئەو ئیسلامەی ئێمە دەمانهەوێ، ئیسلامێکی دێمۆکراتیک، نەتەوەیی و پێشکەوتوویە و لەگەڵ زانست و شارستانییەت لە شەڕدا نییە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە دژایەتی لەنێوان ئیسلامی ڕاستەقینە و زانستی سەردەمدا نییە و دژایەتیمان لەگەڵ زۆرەملێ و ئیستبداد هەیە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە موسوڵمانان دەبێ بە جێگای شەڕ و زۆرەملێ، ڕوو لە ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان بکەن.

**بەڵام هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی، سیاسەتەکانی لە نێوئاخنی کتێبەکانی بە ئیستلاح خواوەندەوە هەڵهێنجێ، بەناچاری بەرەو ئیستبداد دەکشێ و پێش بە فکری سەربەخۆ و دێموکراتیک دەگرێ؟**

هەروەک مارکسیزمیش خوێندنەوەی جۆراوجۆری لە ئیسلام هەیە. تەمەنی مارکسیزم بۆ ساڵی ١٨٤٨ دەگەڕێتەوە، بەو حاڵەش جیاوازیی زۆر لە دەروونی ئەودا هەیە. ئیسلام تەمەنی بەدرێژاییی ١٤سەدەیە. خوێندنەوەی جۆراوجۆر و جیاواز لە ئیسلام بۆ هەلومەرجی تایبەتیی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەگەڕێتەوە.

ئێوە ئەو بابەتە لە مەسیحەییەتیشدا دەبینن، هەلومەرجی جیاوازی سیاسی و پلە و پایەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی. ئێمە مەسیحیی جۆراوجۆر وەک فیۆداڵ، سەرمایەدار و سۆسیالیستمان هەیە. تەنیا شتێک دەیسەلمێنێ کە ئایا ئێوە بەڕاستی موسوڵمانن یان نا، ئەویش کرداری ئێوەیە. لە ژیانی مەسیح یان ئەو ئوسوولانەی لە ژیانی محەممەد، عەلی و حوسێن دەتوانی هەڵبهێنجی، موتالای بکەن. ئێمە ئیسلامی سوننەتی و چینایەتی ڕەت دەکەینەوە و شەڕی ئێمە لەگەڵ خومەینی لەسەر دوو جۆر ئیسلامە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە لە ئیسلامی ڕاستەقینەدا جێگای سەرکوت نابێتەوە. ئێوە ناتوانن کەسێک ناچار بکەن چۆن بیر بکاتەوە، چ بخواتەوە و چ دەبەر بکا. بابەتەکە پێوەندی بە ڕێبەرییەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نابێ ئەو ڕێبەرییە ببێ بە دیکتاتۆری. بەو پێیە ئێمە لەنێوان دیکتاتۆریی کۆنەپەرەستی لەگەڵ سانتراڵیزمی دێمۆکراتیک جیاوازی دادەنێین. هیچ پەیامبەرێک نەیتوانیوە کەسێک بێ ئەوەی پارێزەری هەبێ، بکوژێ. پارێزەری کەسێکی موسوڵمان دەتوانێ کەسێکی کافر بێ.

ئێمە لەسەر ناوەڕۆکی ”توحید“ پێداگرین و کەڵک لە نەریتی ئیسلامی شیعە وەردەگرین و مزگێنی دەدەین بە کۆمەڵگە کە لەودا چەوسانەوە، پارە و پووڵ و دڕندەیی جێی نابێتەوە. خواوەند وڵامی هەموو پرسیارەکانی ئێمە ناداتەوە، تەنیا چوارچێوە دیاری دەکا. خوێندنەوەی خومەینی لە قورئان، عەمەلگەرایانە و زاڵمانەیە. ئێمە قسە پڕوپووچەکانی خومەینی دووپات ناکەینەوە و ئیدعا ناکەین کە ڕێگای سێهەمی ئیسلاممان دۆزیوەتەوە. ئێمە باوەڕمان بە ڕێگای سێهەم نییە. ئێمە پەیڕەوانی ڕێگای یەکەم هەمان ڕێگای محەممەد،عەلی و حوسێنین. ئەگەرپرسیار لە من بکەی کە هێمای ئیسلامی تۆ چ کەسانێکن، قەت ئاماژە بە بەنیئومەییە، زنجیرەی عەبباسی یان زانایانی وەک محەممەد عەبدە[1] یان ماکسیم ڕادینسۆن[2] ناکەم. ئێمە بەرنامەی کۆمەڵایەتیی خۆمان لە ئەندێشەکانی عەلی هەڵدێنجین.

## ئایا بنەماکانی بیر و بۆچوونی عەلی تەنانەت لە سەدەکانی حەوت و هەشتی زایینی تووشی شکان بوو؟

لە بنەڕەتدا هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی هەیە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پێویستی بە ئیدۆلۆژییە. ئیسلام چوارچێوەیەکی ئیدۆلۆژیک دروست دەکا. ئەوە بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە کە بە دانی ڕێکاری بابەتی و عەمەلی خۆمان لە کۆمەڵگەی ئارمانی و بێچینایەتی نزیک بکەینەوە.

## ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە پێگەی ژنان چۆنە؟ قورئان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێگەی پیاو لە سەرووی ژنە و ژنانی موجاهیدین دەبێ هەموویان داپۆشراو بن؟

خومەینی ئەو تۆمەتەی بۆ هەڵبەستم کە بە جلوبەرگی ژنانە لە وڵات هەڵاتووم. ئەو بابەتە ڕاست نەبوو، بەڵام ئەگەر ڕاستیش بێ، من لەو بابەتەوە هیچ شەرمەندە نیم. لە ئیسلامی ئێمەدا ژن و پیاو یەکسانن. ئەو ئایەتە قورئانییەی تۆ ئاماژەی پێ دەکەی، ئیجباری تێدا نییە. ئەوانە بەشێکی هاوشێوەن نە ”محکمات“. ئێمە زۆری لە ژنان ناکەین کە سەریان داپۆشن. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا حیجاب نیشانەی نایەکسانی نییە. ئەوە فەرمانێکی قورئانە هەتا ڕوونی بکاتەوە ژن کەرەسە نییە. لە قۆناغی شۆڕشدا، جۆری پۆشینی جلوبەرگ هۆکاری جۆراوجۆر و گرنگ لەخۆ دەگرێ. ئەگەر وەبیر خۆتان بێننەوە، دوای شۆڕشی چین جلوبەرگی ژنانیش لەو وڵاتە ئاڵوگۆری بەسەردا هات.

---

١- -شێخ محەممەد عەبدە لە ڕێبەرانی مەزهەبیی میسر بوو کە لە دروستبوونی جووڵانەوەی مەزهەبی لە سەدەی نۆزدەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا و خوێندنەوەیەکی نوێی لە قورئان کرد.(بریتانیکا،٢٠١٩)

٢- -ماکسیم ڕادینسۆن، مێژووزانی فەڕانسەوی و نووسەری کتێبی ژیاننامەی «محەممەد»ە.

**لە ڕوانگەی ئێوەوە بۆچی لە ئێراندا ئەوەندە دوژمنایەتیی بەهاییەکان دەکرێ؟**

ئەو بابەتە سەربردە و ڕابردوویەکی مێژوویی هەیە. لە سەردەمی سەرهەڵدانی بەهاییەت لە ئێران، ڕوانگە و بۆچوونی سیاسیی ڕێبەرانی ئەو مەزهەبە کاریگەریی ئینگلستان و ڕووسیەی تزاری بەسەرەوە بوو. بەڵام لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە بێ ئەوەی ئاگایان لە هۆکارە سیاسییەکانی سەرهەڵدانی بەهاییەت بێ، ڕوویان لەو مەزهەبە کرد. بەو پێیە دوو پرسیار دێتە ئاراوە. هۆکارە سیاسییەکان و بێئاگایی بوو کە خەڵک ڕوو لەو مەزهەبە بکەن. خومەینی ئەو دوو بابەتەی تێکەڵ کردووە، بۆیە جنایەتکارە. بۆخۆم هیچ باوەڕێکم بە بەهاییەت نییە و لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژیک و فەلسەفییەوە ڕەتی دەکەمەوە.

**ئایا مەسیحییەتیش ڕەت دەکەیەوە؟**

نا، مەسیح وەک محەممەد پەیامهێنەری ڕاستی بوو.

**ئایا دژایەتیی هەبوونی مافی بەرابەریی بەهاییان لە کۆماری ئیسلامیدا دەکەی؟**

نا، ئێمە خوازیاری دامەزراندنی کۆمارێکی دێموکراتیکین. لە ئیسلامدا ناتوانی لەبەر خاتری مەزهەب یان بیر و بۆچوونی جیاواز هیچ کەس ئازار بدەی یان ئەوەی بکوژی. ئێمە دەبێ حورمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە بپارێزین.

**دژبەران دەڵێن ئێوە "مارکسیستی ئیسلامین"، پێوەندیی ئێوە بە مارکسیزمەوە چییە؟**

دەمهەوێ دوو شت بەتەواوی ڕوون بکەمەوە. خاڵی یەکەم، ئەوەیە کە ئێمە مارکسیست نین. ئێمە ئەسڵی "ماتریالیسم" لە مارکسیزمدا ڕەت دەکەینەوە، بەڵام پێشوازی لە باس و ڕاوێژ لەگەڵ مارکسیستەکان دەکەین. ئیمامی شەشەم لە "مکە" لەگەڵ ماتریالیستەکان دادەنیشت و باس و گەنگەشەی دەکرد. خاڵی دووهەم، ئەوەیە ئێمە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ پێوەندییەکمان نییە و ڕێکخراوێکی سەربەخۆین. لە نێوخۆی ئێران حیزبی توودە و فیدایییانی ئەکسەرییەت لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هاوپەیمانن. بەڵام ئەو لایەنانە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی نین، هەربۆیە بەدوای ڕاکێشانی بۆچوونی خومەینی بۆ پشتیوانیی خۆیانن. ئێمە سیاسەتەکانی ئەوان مەحکووم دەکەین.

**ئێوە بەدوای وەدەستهێنانی پشتیوانی لە دەرەوەی ئێرانن؟**

یەکێک لە هۆکارەکان کە من ئێرانم بەجێ هێشت، ئەوە بوو کە ڕاستییەکانی نێوخۆی ئێران و ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن، بە گوێی دنیا بگەیەنم. "جنبش عدم تعهد" نابێ پشتیوانی لە پیرەپیاوێکی تینووی خوێن بکا کە ڕۆژانە خەڵک دەکوژێ و لە ئیسرائیل چەک دەکڕێ.

**یەکێک لە بابەتە تایبەتەکانی پێوەندیی ئێران و"جنبش عدم تعهد" دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ئێران - ئێراق، ئەگەر ئێوە لە دەسەڵاتدا بان، چۆن کۆتاییتان بە شەڕ دێنا؟**

ئەگەر من لە دەسەڵاتدا بام، ئەو شەڕە قەت دەستی پێ نەدەکرد. ئێمە هەمیشە دژی هەوڵدانی خومەینی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بووین. خومەینی لە بەرابەر هەموو زیانە ماددی و ئینسانییەکانی ئەو شەڕەدا بەرپرسیارە. لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران مەحکووم دەکەین.

ڕێکخراوی ئێمە بەڕادەیەکی زۆر ئەندامانی خۆی لە بەرەکانی شەڕی ئێراق -ئێران لەدەست داوە. ئێمە لەسەر بنەمای یاساوڕێسای دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی عێراق و ڕێزگرتن لە سنوورەکانی ئێستا، بۆ ئاشتی ئامادەین. هیوادارم ئێراقیش بە گەلاڵەیەکی وا ڕازی بێ، بەڵام هێشتا دڵنیا نیم.

# وتووێژ لەگەڵ مەنووچێهر هەزارخانی
## ”گەورەترین کۆسپ، خودی خومەینییە!“

مەنووچێهر هەزارخانی ساڵی ١٣١٣ لە شاری تاران لە بنەماڵەیەکی تا ڕادەیەک دەستڕۆیشتوو و دارا لەدایک بووە(هەزراخانی،١٩٨٤). ناوبراو دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، بۆ درێژەدانی خوێندن لە بەشی پزیشکی ڕووی لە پاریس کرد(هاڵیدەی،١٩٨٢). تێکۆشانی سیاسیی هەزارخانی لە هەرەتی لاوییەوە دەستی پێکرد و پشتیوانی لە هێزی سێهەم بە ڕێبەریی خەلیل مەلەکی[1] دەکرد(هەزارخانی،١٩٨٤). ناوبراو لە کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ لە تەشکیلاتە خوێندکارییەکاندا ڕۆڵی چالاکی هەبوو، لە دامەزرێنەرانی یەکەم کۆنفێدراسیۆنی جیهانیی قوتابیان و خوێندکارانی ئێرانی (یەکێتیی نەتەوەیی) بووە(هەزار خانی،١٩٨٤). ئەو دامەزراوەیە لە دەیەی ٤٠ و٥٥٠.ش لە دامەزراوە سەرەکییەکانی دژبەری شا لە ئورووپا لەقەڵەم دەدرا. ئەو چالاکە سیاسییە سۆسیالیستە لە دەیەی ٤٠ ڕووی لە وەرگێران کردووە و بەرهەمی زۆربەی بیرمەندانی فەڕانسەوی وەرگێراوەتەوە سەر زمانی فارسی. ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران بوو. لە ساڵی ١٣٥٦ه.ش لە ڕێکخستنەوە و سازماندانی ناوەندی نووسەران ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو(هەزارخانی،١٩٨٤). دوای شۆڕش ناوبراو چووەتە نێو تەشکیلاتی بەرەی دێمۆکراتیکی نەتەوەیی‌یەوە و جۆرێک هاوپەیمانی بوو کە لە سۆسیالیستە سەربەخۆکان پێک هاتبوو. بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو کە بەئاشکرا دژایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد(هاڵیدەی،١٩٨٢). لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ه.ش ئەو ڕێکخراوە دوای سازماندانی نارەزایەتی دژی سانسۆڕی چاپەمەنییەکان، ڕووی لە خەباتی نهێنی کرد(مەتین دەفتەری،١٩٨٤). دوای لادانی بەنی‌سەدر لە پۆستی سەرۆک‌کۆماری و دەستپێکردنی بەربڵاوی سەرکوت لە جۆزەردانی ١٣٦٠ه.ش هەزارخانی ناچار بوو ئێران بەجێ بێڵێ.

ئەم وتووێژە ئەوکاتە کراوە کە بەرەی دێمۆکراتیکی نەتەوەیی، ڕەسمەن ڕایگەیاند کە پەیوەستی شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی بووە کە بەنی‌سەدر و ڕەجەوی دایانمەزراند بوو. هەزارخانی بە نوێنەرایەتیی بەرەی دێمۆکراتیک ئەندامی ئەو شۆڕایە بوو.

---

١- -خەلیل مەلەکی یەکێک لە ڕێبەرانی پێشووی حیزبی توودە بوو کە لە سەردەمی بەنەتەوەییکردنی پێشەسازیی نەوت بە ڕێبەریی «هێزی سێهەم» پشتیوانی لە دەوڵەتی موسەدیق کرد.

## هەلومەرجی نووسەران لە ئێرانی ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

بەدرێژاییی ساڵی ڕابردوو بەتوندی گوشار لەسەر نووسەران ڕووی لە زیادبوون کردووە. هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسم، خۆیان شاردووەتەوە. دە کەس لەو کەسانە دەستبەسەر کراون و سەعید سوڵتانپوور[1] ئیعدام کراوە. نووسەران لەماڵێکەوە بۆ ماڵێک ڕا دەکەن، هێندێک جار لای دۆستان و هەڤاڵان خۆیان حەشار دەدەن. کەسانێک کە هەتا ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان بە ئازادی دەژین لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە و جاروبار بەیاننامە بڵاو دەکەنەوە. بەکورتی هەرچی لە دەستیان بێ، دەیکەن.

## کەی دۆخەکە بەرەو خراپی ڕۆیشت؟

گوشارەکان پێش ڕووخانی بەنیسەدر بە هۆکاری ئەو بەیاننامەیەی کانوونی نووسەران لە دەرەوەی وڵات بڵاویان کردەوە، هەبوون. دوای لەسەرکارلادانی بەنیسەدر لە لایەن کومیتەکانی شۆڕشەوە، دەفتەری کانوونی نووسەران داگیر کرا و دەستیان بەسەر تەواوی بەڵگەکان داگرت. دوایی بۆمان دەر کەوت کە حوکمی تەواوی ئەو کەسانە دراوە کە بەیاننامەی دژایەتی لەگەڵ سانسۆڕیان واژۆ کردووە.

## کاتێک باسی کانوونی نووسەران دەکەین، ئەندامانی ئەو کانوونە چەند کەس دەبن؟

نزیکەی ٢٥٠ کەس. لە هەڵبژاردنی ئەو دواییيانەدا ١٢٠ کەس بۆ دەنگدان ئامادە بوون. سوڵتانپوور ئەوکات لە زینداندا بوو، وەک ئەندامی هەیئەتی دەبیران هەڵبژێردرا. هوما ناتق، کۆمەڵناس، ئیسماعیل خوویی، شاعیر، هوشەنگی گوڵشیری، نووسەر، حەسەن حیسام، چیرۆکنووس، باقر پەرهام، کۆمەڵناس و ئەحمەد شاملو یەکێک لە ناسراوترین شاعیرانی ئێران، ئەندامی کانوونی نووسەران بوون.

## هێندێک لە لایەنگرانی حیزبی توودە وەک نووسەری دیار"بێە ئازین" لە سەرەتای شۆڕش ئەندامی کانوونی نووسەران بوون؟

نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر "بێە ئازین" و هاوڕێیانی لە کانوون چوونە دەرێ. ئەوان نزیکەی ٥٠ کەس دەبوون. ئێستا شۆڕای نووسەران و هونەرمەندانی ئێرانیان دامەزراندووە.

---

١- -سەعید سوڵتانپوور، شاعیری شۆڕشی و لە لایەنگرانی ڕێکخراوی چریکە فیداییيەکانی خەڵق، لە جۆزەردانی ١٣٦٠ بە تۆمەتی لایەنگری لە گرووپە چریکییەکان و شەڕ لەگەڵ خودا «محاربه با خدا» ئیعدام کرا.(برومەند: سوڵتانپوور).

**بارودۆخی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ ئایا موجاهیدین توانای ئەوەی هەیە خومەینی لە دەسەڵات بخا؟**

لێرەدا مەسەلەکە تەنیا ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک نییە، بەڵکو دەبێ بێنە سەر شەقام. موجاهیدین ئازایەتی و لەخۆبردووییی زۆریان لە خۆیان نیشان داوە، ئەوەی لە دەستیان بێ دەیکەن، بەڵام هێنانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەت کارێکی دژوارە. خەڵک دەرگای ماڵەکانیان بەڕووی موجاهیدیندا دەکەنەوە و حەشاریان دەدەن. بەوحاڵەشەوە، خەڵک هەست دەکەن توانای بەشداریکردنیان لە خەبات و موبارزەدا نییە.

**مانگرتن؟**

کارێکی دژوارە. بەشێکی گەورەی ئابووری و دامودەزگای حکومەت وا تێک ڕووخاون و لەکار کەوتوون کە مانگرتن وەک سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی "شا" ئیدی ناتوانێ کاریگەریی ئەوتۆی هەبێ. لە لایەکی دیکەوە حکومەت دەستی کردووە بە لادان و دەرکردنی ئەندامانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کارگە و کارخانەکاندا. ئەو ڕەوتە لە مانگی ڕەزبەری ١٣٦٠ بەئاشکرا خۆی دەر خستووە. دەستەیەک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن ئیعدام کراون و دەستەیەکی دیکەش لە کارەکانیان دەر کراون.

**ئایا بە بۆچوونی ئێوە بەنیسەدر، ئەویش بەو شێوە تایبەتە کە وڵاتی بەجێ هێشت، دەکرێ وەک ڕێبەرێک لەقەڵەم بدرێ و پشتی پێ ببەسترێ ؟**

هاتنە دەری ناوبراو لە ئێران کارێکی ئەوەندە گرینگ نییە، هەمووومان ئەوە دەزانین ئەگەر لە ئێران ماباوە، پاش یەک دوو ڕۆژان دەستبەسەر دەکرا. دەستوپێوەندەکانی حکومەت ئەو ماڵەیان دۆزیبووەوە کە ئەو تێیدا دەژیا و تەنیا بە یارمەتیی موجاهیدین بوو کە توانی ڕزگاری بێ. ئەوەی زۆرتر دژی بەنیسەدر دەگوترێ ئەوەیە کە ناوبراو لە داڕشتنی قەوارەی کۆماری ئیسلامی و پێکگرتنی ئەو ڕێژیمەدا ڕۆڵی هەبووە.

لەوڕوانگەیەوە ڕەخنەی زۆر توندی لێ دەگیرێ. بۆچوونی خۆم وایە کە بەنیسەدر قەت دەسەڵاتی نەبووە، بەڵام هەتا ئەو جێیەی لە دەستی هاتووە، هەوڵی داوە یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆن بدا.

**بە سرنجدان بەو گیر و گرفتانەی لە پێشدایە، ئایا بەڕاستی موجاهیدین دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ؟**

ناتوانم بڵێم چۆن. بەڵام هەست دەکەم دەتوانێ ڕێژیم بڕووخێنێ، بەڵام گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای موجاهیدین خودی خومەینییە. بێ خومەینی کۆماری ئیسلامی بێ مانایە و تەنانەت یەک ڕۆژیش خۆ ڕاناگرێ. زۆربەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خومەینی بوو ئێستا دەستیان لێ شوردووەتەوە و لێی دوور کەوتوونەوە. ئەو کەسانەی دەفتەری حیزبی "جمهوری اسلامی"یان تەقاندەوە لە ئەندامانی دەزگاکانی ئەمنییەتی بوون کە جێگای باوەڕ و ڕاوێژکاری خومەینی بوون. ئەو بێ هیوایی و نائومیدییە گشتییە بە قازانجی موجاهیدینە. چونکە هەر موسوڵمانیک پشت لە خومەینی دەکا ڕوو دەکاتە موجاهیدین. هەڵەی موجاهیدین ئەوە نەبوو دژایەتیی خومەینییان کرد، بەڵکو هەڵەکەیان لەوەدا بوو کە هەڵوێستی ڕوونی خۆیان درەنگ ڕاگەیاند.

**ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە ئەرتەش چۆنە؟ وەفاداریی ئەرتەش بە چ لایەکدایە؟**

ئەو ئەرتەشەی ئێستا وەک ئەرتەشی سەردەمی پاشایەتی نییە. چەند دەستەبوونی ئەرتەش سەرچاوەگرتوو لە چەند دەستەبوونی خەڵکە. دەتوانین لایەنگرانی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ئەرتەشدا ببینین، لە لایەنگرانی خومەینی و بەنیسەدرەوە بگرە هەتا ڕێکخراوی موجاهیدین و مارکسیستەکانی سەربەخۆ و حیزبی توودە. ئەرتەش پەیرەوی لە هیچ لایەنێک ناکا، بۆیە سازماندانی کارێکی ئەستەمە. ئوسوولەن ئەرتەش دەبێ دژایەتیی کێ بکا؟ لێرەدا هەر خومەینی گرینگە، ئەوی لێ دەر بچێ، ئەوانی دیکە لە ڕێژیمدا گرینگیی ئەوتۆیان نییە. ململانێیەکانی ئەم دواییانە پەرەی بە ناکۆکییەکانی نێو ئەرتەش داوە بەتایبەتی لەنێو فەرماندەکانی ئەرتەشدا ئەو ناکۆکییانە زیاتر هەستی پێ دەکرێ.

**گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمی خومەینی ناوەڕۆکی دیکتاتۆری هەیە، بەڵام بۆ وا بیر دەکەیەوە کە ئەگەر موجاهیدین بگەنە دەسەڵات، بە شێوازێکی دێموکراتتر لەو ڕێژیمەی ئێستا لەگەڵ خەڵک دەجووڵێنەوە؟ لە هەر حاڵەتێکدا ئەوان لەنێو خۆیاندا ڕێکخراوێکی زۆر تۆکمە و ناوەندگەران ؟**

من لە نزیکەوە لەگەڵ موجاهیدین کارم کردووە. ئەوان بەباشی دەناسم و دەزانم دێموکراسیخوازن. بەڵام گرینگترین زەمانەت ئەوەیە کە موجاهیدین بەتەنیا ناتوانن لە ئێران حکومەت پێک بهێنن. ئەوان دەبێ دەسەڵات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دابەش بکەن و بە گرتنەبەری ڕەفتاری دێموکراتیک، حورمەت بۆ ڕوانگە و بۆچوونی لایەنەکانی دیکە دابنێن. ڕەنگە بە شێوەی سروشتی هەموو ئێمە مەیلمان بەرەو دیکتاتۆربوون هەبێ، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ لایەنەکان مەیلی موجاهیدین بۆ ئیستبداد کەمترە.

# وتووێژ لەگەڵ سادق خەڵخاڵی

## "هەموو دژبەرانی نیزام دەبێ بکوژرێن"

محەممەدسادق سادقی گیوی ناسراو بە خەڵخاڵی ساڵی ١٣٠٥ه.ش لە ئاواییی "گیوی" سەر بە خەڵخاڵ لەدایک بووە(بریتانیکا٢٠١٩). ناوبراو لە تەمەنی لاوەتی ڕووی لە حەوزەی عیلمییەی قوم کرد و پێوەندییەکی باشی لەگەڵ مستەفا خومەینی هەبووە. خەڵخاڵی لە هەرەتی لاویدا چالاکانە پشتیوانی لە فیدایی‌یانی ئیسلام و خومەینی کرد. پشتیوانیی سیاسیی ناوبراو لە خومەینی بووە هۆکاری ئەوە کە لە سەردەمی شادا چەندین جار دەستبەسەر بکرێ و ماویەکیش لە دوورخراوەیی بژی (خەڵخاڵی،١٣٩٠ه.ش-١٩٤). ناوبراو هەر دوو ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەلایەن خومەینییەوە وەک حاکمی شەرع دەستنیشان کرا. لە سەردەمی خەڵخاڵیدا وەک حاکمی شەرع سەدان کەس لە دادگاکانی شۆڕش بە تۆمەتی "افساد فی الارض" حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ کرا. لەنێو ئیعدامییەکاندا زۆر کەسیان لەوانە بوون کە سەر بە دامودەزگای ڕێژیمی پاشایەتی بوون(بریتانیکا،٢٠١٩). هەروەها خەڵخاڵی لە کوردستان و تورکەمەن‌سەحرا بە ڕادەیەکی زۆر لە دژبەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە تۆمەتی هاوشێوە حوکمی ئیعدامی لەسەر جێبەجێ کردن(خەڵخاڵی، ١٣٩٠ه.ش-١٩٦).

لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ه.ش لە لایەن محەممەد بەهەشتی سەرۆکی دیوانی بەرزی وڵات، خەڵخاڵی لە پۆستەکەی لا درا. ناوبراو لە هەڵبژاردنی خاکەلێوەی ١٣٥٩ه.ش بۆ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەشداری کرد و بووە نوێنەری شاری قوم لە مەجلیس(خەڵخاڵی،١٣٩٠-١٩٦). هەر لەو ساڵەدا سەرپەرەستیی کومیتەی خەبات بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی پێ سپێردرا. ناوبراو لەو پۆستەدا دەستی بە گرتن و دادگایی و ئیعدامی ئەو کەسانە کرد کە بەو تۆمەتە دەستبەسەر دەکران(بریتانیکا،٢٠١٩). ناوبراو لەگەڵ ئەوەی لە حیزبی جمهووریی ئیسلامیدا هیچ ڕۆڵیکی دیاریکراوی نەبوو، بەڵام خومەینی پشتیوانی لێ دەکرد. خەڵخاڵی لە ڕیزی دژبەرانی توندی دەوڵەتی بازرگان و بەنی‌سەدر دەهاتە ئەژمار و بە هۆکاری ئەوەی لە بەرانبەر دژە شۆڕشەکاندا بەنەرمی دەجووڵایەوە، سەرکۆنەی دەکردن(هاڵیدەی،١٩٨٢). سادق خەڵخاڵی ساڵی ١٣٨٢ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا بە مردنی خۆی(سروشتی) گیانی لەدەست دا (نیۆیۆرک‌تایمز،٢٠٠٣/١١/٢٨).

ئەو وتووێژە بەشێکە لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش کە لەگەڵ سادق خەڵخاڵی کردوویەتی. ئەو وتووێژە بەشێوەی ناتەواو لەگەڵ کۆی وتووێژەکانی "فرێد هاڵیدەی" کە لەگەڵ ئەکتەر و ڕۆڵگێرەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران کردوویەتی و لە پرۆژەی لێکۆڵینەوە و زانیاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاپ و بڵاو بووەتەوە.

نوسخەی تەواوی ئەو چاوپێکەوتنەی خەڵخاڵی لە ئارشیوی پڕۆژەی لێکۆڵینەوەی ناوبراودا لەبەردەستدا نەبوو.

{ ....} چاوەڕوانییەکی سەیرت لە من هەیە کە لەبیرم بێ چەند کەس بوون؟ ٤٠،٥٠ یان ڕەنگە برێکیش زیاتر بن. ئەوانە زۆرتر دژە شۆڕش لە چەشنی کوردەکان و فیدایی‌یان بوون. ئەو دوکتورەی باست کرد، "ئەبولقاسم ڕەشوەند سەرداری[1]"ی خائین بوو. ناوبراو کوردەکانی دەرمان دەکرد. کەسانی دیکەی وەک تووشبووی ماددەی هۆشبەر و تەجاوزکاریش لە نێویاندا هەبوون.

**دەگوترێ لەنێو ئیعدامییەکاندا کەسێکی برینداریش هەبووە کە لە نەخۆشخانەوە ڕادەستی دەستەی ئیعدام کراوە و بووەتە هۆکار کە بانگت بکەنەوە بۆ تاران؟**

ئەو قسەیە ڕاست نییە. من هۆی گەڕانەوەی خۆم بۆ تاران بۆ ئێوە باس کرد. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێ‌ئەقڵیی دەوڵەت کە ناتوانێ لەوە بگا کە هیچ شۆڕشێک بێ خوێنڕشتن سەر ناکەوێ.

**پاساوی ئێوە بۆ ئیعدامی ٣٠٠ کەسی تۆمەتبارکراو بە قاچاخچیی ماددەی هۆشبەر لە سەردەمی بەرپرسایەتیی ئێوە لە کومیتەی خەبات بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان چییە؟**

قاچاخچیی مادده هۆشبەرەکان ژیانی زیاتر لە دوو میلیۆن گەنج و لاوی ئێرانیان تووشی چارەڕەشی کردووە و کار و کردەوەکانی ئەوان بووەتە هۆکاری دەیان هەزار تەڵاق و جیابوونەوە. هەزاران منداڵ چارەڕەش وماڵکاول بوون، ئەوانە تەواوی وڵاتیان کردووەتە وێرانە. من هەتا ئێستا دەستم بەسەر زیاتر لە ٥٠٠ تۆن هێرۆییندا گرتووە و گەنجانی زۆرم لە داوی گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان ڕزگار کردووە. هەتا مانگێک لەوەپێش، چوارڕێیانی تەختی‌جەمشید پڕ بوو لە قاچاخچیی ماددەی هۆشبەر. دوای ئیعدامی سێ کەس لەو قاچاخچییانە لەبەر چاوی خەڵک، ئیدی لەو شوێنە چاوت بە کەس ناکەوێ. من کۆتاییم بەو بازاڕە هێناوە.

ئیعدام مرۆڤەکان تووشی بیرکردنەوە دەکا، من هەر ئەو کەسانە ئیعدام دەکەم کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، یانی قاچاخچییانی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان. لە

---

١- ئەبولقاسم ڕەشوەند سەرداری لە نەخۆشخانەی «لقمان الدوله»ی تاران دوکتوری نەشتەگەر بوو و بۆ دەرمان و پێڕاگەیشتنی بریندارانی شەڕ هاتبووە کوردستان. ناوبراو لە گەلاوێژی ١٣٥٨بە تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا و ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی کۆماری ئیسلامی لە شاری پاوە تیرباران کرا.(برومەند: ڕەشوەند سەرداری).

بەرانبەردا گیرۆدەبووان بەو مادده هۆشبەرانە وەک نەخۆش لە نەخۆشخانە دەخەوێنم.

**بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە سزای ئیعدام بۆ زینا و لەواتە چییە؟**

ئەو جۆرە تاوانانە ئەوەندە لام گرینگ نین. من هیچ کەسم بە تاوانی زینا و لەواتە ئیعدام نەکردووە، مەگەر ئەوەی کەسەکان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بووبن. بەڵام لەسەر یەک هاوڕای سزادانی گوناحبارانم. هەرچۆنێک بێ ئێمە شۆڕشێکی ئیسلامیمان بەڕێوە بردووە و دەبێ ئیسلامی هەڵسوکەوت بکەین.

تەواوی ئەو هەراوهوریایانە و دژایەتیی سزادانی "سەنگسار" لەژێر سەری ڕۆژاواییەکاندایە. من هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئیعدام، تیرباران و سەنگساردا نابینم. چونکە هەر کامیان ڕێگایەکە بۆ کوشتنی مرۆڤ. ئەگەر ڕۆژاوایی‌یەکان وا بیر دەکەنەوە سزاکانی ئێمە دژی مرۆڤایەتییە، ئەدی ڕێکاری خۆیان چییە؟ لە بۆمبارانی "هیرۆشیما" و"ڤییەتنام"ەوە بگرە هەتا پشتیوانی لە پینووشەی جنایەتکار. من لەسەر ئەو باوەڕە نیم بەڕێوەبەرانی ئەو جنایەتانە مافی ئەوەیان هەبێ لەسەر سەنگسار و کار و کردەوەکانی دیکە ڕەخنە و گازندەمان لێ بگرن. ڕۆژاوایی‌یەکان قەت لە ئێران پێشبینیی شۆڕشی ئیسلامییان نەدەکرد و ئەوەشیان نەدەزانی کە ئیسلام لەنێو ئێمەدا یەکیەتی دروست دەکا. هیچ شتێک ئێمە دڵسارد ناکاتەوە.

# وتوویژ لەگەڵ هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری
## "ئەمڕۆ، میراتی موسەدیق"

هیدایەتوڵڵا مەتین دەفتەری ساڵی ١٣١٢ لە بنەماڵەیەکی ناسراو و بە ڕابردووی دەوڵەتداری لەدایک بووە(مەتین دەفتەری،١٩٨٤). ناوبراو نەوەی موسەدیق، ڕێبەری بەرەی نەتەوەیی و کوڕی ئەحمەد مەتین دەفتەرییە. ئەحمەد مەتین دەفتەری یەکێک لە سیاسەتمەدارانی پلەبەرزی سەردەمی پەهلەوی بووە(هاڵیدەی،١٩٨٣).

مەتین دەفتەری لە هەرەتی لاویدا چووەتە ئینگلستان، لەوێ دیپلۆمی وەرگرتووە و پاشان لە زانکۆی "کمبریج" لە بەشی قانوون درێژەی بە خوێندن داوە. گەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئێران لە ساڵی ١٣٣٥هاوکاتە لەگەڵ زیندانیکردنی باپیری(مەتین دەفتەری،١٩٨٤-هاڵیدەی،١٩٨٣). ناوبراو تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە بەشداری لە ڕێکخستنی بەرەی سێهەم پەرە پێدا و بەرپرسایەتیی نوێنەرایەتیی سازمانی خوێندکارانی بەرەی نەتەوەیی وەئەستۆ گرت. لەو سەردەمدا چەندین جار لە لایەن ساواکەوە ئەزیت و ئازار درا(سماکیس،١٩٦٨).

لە ئاخروئۆخری دەیەی ٤٠ مەتین دەفتەری پەیوەستی پارێزەرانی پێشرەو بوو. لە نێوەڕاستی دەیەی ٤٠ ناوبراو لە دامەزراندنی "کۆمەڵەی قانوونزانانی ئێران" بوو(مەتین دەفتەری، ١٩٨٤). لە گەرمەی شۆڕشدا وەک جێگری سەرۆکی "ناوەندی پارێزەران " بەشێوەی چالاک بەشداری شۆڕش بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوبیرانی سۆسیالیستی، بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیییان دامەزراند کە مەتین دەفتەری بە یەکێک لە مۆرە گرینگەکانی ئەو گرووپە لەقەڵەم دەدرا(هاڵیدەی،١٩٨٣). بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی لە ڕیزی یەکەم گرووپە سیاسییەکان بوو کە بەئاشکرا دژایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامییان کرد. لە گەلاوێژی ١٣٥٨ه.ش ئەو تەشکیلاتە دوای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان دژی سانسۆری چاپەمەنییەکان، ناچار بوو ڕوو لە خەباتی نهێنی بکا(مەتین دەفتەری، ١٩٨٤). دوای لەسەرکارلادانی بەنیسەدر و پەرەگرتنی شەپۆلی سەرکوت لە ساڵی ١٣٦٠ه.ش، مەتین دەفتەری ناچار بوو ئێران بەجێ بهێڵێ.

ئەم وتوویژە کاتێک کراوە کە مەتین دەفتەری بە نوێنەرایەتیی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی بووەتە ئەندام لە شۆرای بەرگریی نەتەوەیی و سەرۆکایەتیی قانوونیی ئەو شۆڕایەی لەئەستۆ بووە(هاڵیدەی،١٩٨٣). ئەم وتوویژە کورتکراوەی وتوویژی فرێد هاڵیدەیە کە پاییزی ساڵی ١٣٦٠ و هاوینی ١٣٦١ه.ش لە لەندن لەگەڵ مەتین دەفتەری کردوویەتی.

## ئایا دیکتاتۆریی ڕووحانییەکان بابەتێکی حەتمی بوو؟

ئەگەر خەڵک بەتایبەتی توێژی ڕووناکبیران وەکو ڕووحانییەکان دوارۆژیان لەبەرچاو با، ڕەنگە دۆخەکە ئاوای لێ نەهاتبا. سەروبەندی مانگی خاکەلێوەی ١٣٥٦ ڕووحانییەت لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دەستیان بە ڕێکخستنی کومیتە و ئەنجومەنە ئیسلامییەکان کرد.

لەو سەردەمدا ڕووناکبیرانی سێکۆلار بە شێوەی پرشوبڵاو تەنیا بیریان لە خەبات لەگەڵ شا دەکردەوە. هەتا ئەو جێگایەی من لەبیرم مابێ، هەتا ئەو ڕۆژەی خومەینی گەڕایەوە ئێران و بازرگانی دەستنیشان کرد بە سەرۆک وەزیران، هیچ کەس بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئاکامی ئەو شۆڕشە ببێتە حکومەتی دینی. هەرچەند گرووپ و لایەنی مەزهەبی لە ئێران هەبوون کە دروشمی پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامییان دەدا. زۆربەی خەڵک کتێبی خومەینییان سەبارەت بە حکومەتی ئیسلامی نەخوێندبووەوە و بەلایانەوە گرینگ نەبوو. کەسانێکیش هەبوون کە وایان بیر دەکردەوە بەرەی نەتەوەیی "جبهه ملی" هەموو ئەو ئێرانییانەی دژایەتیی شایان دەکرد لەخۆ دەگرێ و دەتوانێ بۆ سەرانسەری ئێران پەرە بستێنێ. یەکێک لەو هۆکارانەی کەم و زۆر هەموو لایەنەکان لە بەرانبەر دیاریکردنی بازرگان و دامەزراندنی شۆاری شۆڕشدا بێدەنگ بوون، لەبەر ئەوە بوو کە خومەینی هەر ئەوکات ڕایگەیاند بوو ئەرکی بازرگان ئامادەکردنی هەلومەرجێکە بۆ پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرینەران"مؤسسان". مەجلیسێک کە ئەندامەکانی بە شێوەی دێموکراتیک هەڵبژێردرێن. خومەینی لەوبارەوە خیانەتی  بە خەڵک کرد.

## ئایا ئەگەر بەختیار هەر وا لە دەسەڵات مابایەوە، بۆ بەرژەوەندیی هێزە سێکۆلار و دێموکراتەکان زەمانەتی باش نەبوو؟ ئایا بە پێشگرتن لە گەورەبوونەوەی خومەینی دەیتوانی ڕێژیمێکی بورژوا-لیبراڵ پێک بێنێ و ئەم کارە بەستێنی بۆ گەشەکردنی بەرەی چەپ دروست دەکرد؟

نا، بەختیار بەو نییەتە ئەو بەرپرسایەتییەی قەبووڵی کرد کە ڕێژیمی پەهلەوی و قانوونی بنەڕەتیی مەشرووتە(١٢٨٥) ڕزگار دەکا. قانوونێک کە بەڕوونی شەرعییەت دەدا بە مانەوەی نیزامی پاشایەتی لە ئێران هەتا دەرکەوتنی ئیمامی "مەهدی". بەختیار جگە لە ڕەوانەکردنی شا بۆ دەرەوەی وڵات هیچ کارێکی دیکەی نەکرد کە ئەویش ئاکامی ڕێککەوتنی نێوان شا، ئەمریکاییەکان و خومەینی بوو. بەختیار ئیزنی نەدا ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بکەوێتە دەستی هێزە دێموکراتەکان. بەختیار نەیدەتوانی دەوام بێنێ.

**هێزە پێشکەوتنخواز، سێکۆلار و موجاهیدین لاواز بوون. تەنانەت ئەگەر زانیبایان خومەینی ڕووحانییەکی فاشیستە، بەڵام مانای دەسەڵاتی سیاسی باش دەزانێ، نەیاندەتوانی پێش بە پێشڕەویی ئەو شەپۆلە بگرن؟**

کەسانێک کە ڕێبەریی جووڵانەوەی نێوخۆی ئێرانیان دەکرد، زۆربەیان ڕووناکبیر بوون. ئەنجومەنی نووسەران، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان، خوێندکاران، قانوونزانان، پارێزەران و لە دوایییدا دادوەران و دوکتۆرەکانیش تێکەڵ بوون. کرێکاران و کارمەندانی بەشی پیشەسازیی نەوت لە بەشێکی کارگە، کارخانە و کارمەندانی بەشی دەوڵەتی لەو بوارەدا ڕۆڵیان هەبووە. ئەوان کومیتەی مانگرتنەکان و تەنانەت بۆ ڕێکخستنی مانگرتنەکان ناوەندێکیان بۆ کومیتەکان پێک دێنا. بەڵام ئەوانە زۆر درەنگ کران، ئەویش نە بەو جۆرە کە دەبووایە ببێ. خومەینی و دەوروبەرەکەی لە ئێران نەبوون. ئەوان هێندێک دروشمیان دەدا کە بە هۆکاری ئەمنییەتی ئیمکانی گوتنەوە و بڵاوکردنەوەیان لە ئێراندا نەبوو. مردن بۆ شا دروشمێکی گشتی بوو، چ خومەینی باسی کردبا و چ نەیکردبا، لە لایەن خەڵکەوە بە دەنگی بەرز دەگوتراوە. بەڵام ئەو یەکەم کەس بوو کە ئەو دروشمەی دا. هێزە بناژۆخوازەکانی سەر بە خومەینی زۆر لەوەپێش جێی خۆیان لە پێکهاتەی حکومەتدا کردبووەوە. ویستی خەڵک حکومەتی ئیسلامی نەبوو. خەڵک دەیانویست لە دەستی حکومەتی دیکتاتۆری ڕزگار و ئازاد بن و حاکمییەتی خەڵکی دابمەزرێ. هەڵبەت ئەو کاتەی خومەینی گەیشتەوە ئێران، زۆربەی خەڵک هەستیان بەوە کرد ناوبراو دەیهەوێ کەشوهەوای سیاسیی ئێران بکاتە دوو بەرە و بە یارمەتیی هێزە چەپە توندڕەوەکان، بەتایبەتی حیزبی توودە، کۆمەڵگە بەرەو ڕاستاژۆیی بەرێ. ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی(جبهە دمکراتیک ملی) لە ڕێی کەسانێکی وەک من ، شوکرۆڵڵا پاکنیژاد و مەنووچێهر هەزارخانی بوو.

**لە دانیشتنێک لە ئەحمەدئاوا لە دەرەوەی تاران ڕەشەمەی ۱۳۵۷بەرە دامەزرا. ئەحمەدئاوا جێگایەک بوو کە موسەدیق لێی دەژیا و ئەو کارەی ئێوە بە جۆرێک پێوەندی بە میراتگری لە ناوبراو بوو. دامەزراندنی ئەو بەرەیە بە چ شێوازێک بوو؟**

ئەو دانیشتنە بە هاوکاریی ئەو دۆستانەی لەگەڵ من لە کومیتەی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی چالاک بوون و دەستەیەکی دیکە کە لە سەردەمی مانگرتنی ڕۆژنامەکان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بوڵتەنێک چالاک بوون، ڕێک خرا. ئەوکات ئیدی شا لە وڵات نەما بوو و سەروبەندی ساڵڕۆژی مەرگی موسەدیق بوو. بۆیە بڕیارمان دا لە شوێنێک هەموو هێزە پێشرەوەکانی شۆڕش ئامادە بن، بەتایبەتی ئەوانەی ئەم دواییانە لە زیندانی شا ئازاد ببوون، لە دەوری یەکتر کۆ ببینەوە و ڕێزێک بنوێنین.

بیرۆکەی ئێمە ئەوە بوو کەسایەتییەکان و ئەوانەی لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی تێکۆشانی

سیاسییان هەبووە، لەو کۆبوونەوە ئامادە بن. هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی پێک هاتبوون یان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژیان و گەڕابوونەوە ئێران، دەیانتوانی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن. زۆر ڕێکخراوی بچووک هاتن. بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی بە هاوئاهەنگیی فیدایی‌یان و موجاهیدین دامەزرا. ئەوان ئەو پلاتفۆڕمەیان پەسەند کرد و قەبووڵیان کرد ڕێکارێکی پێوەندیی دوولایەنە لەگەڵ بەرە دەستنیشان بکەن.

## پێنج مانگ دوایی لە گەلاوێژی ١٣٥٨، بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی سەر کەوت و چالاکییەکانی کەوتە خانەی نهێنییەوە، بۆ؟

بابەتی سەرەکی دێموکراسی بوو. ڕێژیم بەڵێنی پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەرانی (مؤسسان) دابوو، بەڵام لەبریی ئەو، مەجلیسی خوبرەگانی دامەزراند بوو کە زۆرینەی بە مەلاکان بوو. هەروەها ئێمە زۆر نیگەرانیمان هەبوو لەو هێزانەی بە حیزبوڵڵایی ناسرا بوون و دەسەڵات بۆ سەرکوتی ئازادیی بەیان و تێکدانی دامەزراوە دێموکراتیکەکانی وەک ناوەندی پارێزەران، ناوەندی نووسەران و ئەنجومەنی مامۆستایان و خویندکاران بەکاری دەهێنان. ئێمە زۆر نیگەرانی ئەو ڕێکارانە بووین کە ڕێژیم لەبابەت مافی ژنان یان لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەک کوردەکان گرتبوویە پێش. وامان بیر دەکردەوە بۆ گەیاندنی زانیاری، جووڵە و هوشیارکردنەوەی خەڵکی ئێران تەنیا ڕێگایەک کە بۆمان ماوەتەوە ئەوەیە کە لە ڕێگای ڕاگەیەنە ئازادەکانەوە ئەو کارە بکەین، لە هەمان کاتدا سوور بووین لەسەر ئەوە کە ڕاگەیەنە ئازادەکان بە هەموو نرخێک بپارێزین. ئێمە لە جۆزەردانی ١٣٥٨ لە دەفتەری ناوەندی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی، کۆنگرەیەکمان سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران گرت. لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، بەلووچ، تورکەمەن و عەرەب بەشدار بوون. دەستکەوتی سەرەکیی ئێمە لەو کۆنگرەیەدا ئەوە بوو کە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٥٨ لە شاری مهاباد کۆبوونەوەیەکی بەرین لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بە بەشداریی ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئەگەر ئیمکانی هەبێ موجاهیدین و فیدایی‌یانیش هاوکار بن، پێک بێنین. بەڵام پێش ئەو ڕێکەوتە قەیرانێکی سیاسی لە تاران ڕووی دا، بەرە بڕیاری دا هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا بایکۆت بکا. خومەینی لە دۆخێکی وەهادا بەستنی کۆنگریەکی وا لە مهاباد بە هەڕەشە لەسەر خۆی دادەنا، چونکە ئەو کۆنگرەیە بە بەراورد لەگەڵ مەجلیسی خوبرەگان کە خومەینی دەستنیشانی کردبوون، زۆرتر و باشتر نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێرانی دەکرد.

ئەوان بۆ ئەوەی ئێمە فەلەج بکەن، هێرشیان کردە سەر ڕۆژنامە سەربەخۆکان، بەتایبەتی ڕۆژنامەی ئایەندەگان(آیندگان) کە نزیکەی یەک میلیۆن نوسخەی ڕۆژانە لێ بڵاو دەبووەوە. سەدان هەزار کەس بەرەو دەفتەری سەرۆک وەزیران چوون بۆ ئەوەی سەبارەت بە سیاسەتی سانسۆڕ ناڕەزایەتی دەر ببڕن. ڕێژیم بەو بیانووە کە ئێمە پلانمان

هەیە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێران، لەگەڵ داخستنی دەفتەری ئێمە، بریاری دەستبەسەرکردنی منیش درا. کۆنگرەی مهاباد هەڵوەشایەوە. بە دوای ئەودا ڕێژیم هێرشی بردە سەر دەفتەری موجاهیدین و فیداییان. چەند ڕۆژ دواتر ڕێژیم هێرشی نیزامی کردە سەر کوردستان. ئەوکاتە بوو کە خەڵخاڵی هاتە مەیدان و کوشتاری خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد. ڕووداوەکانی گەلاوێژی ١٣٥٨هەموو داواکارییەکانی خەڵک کە بریتی بوون لە دێموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕین و مافی نەتەوەکانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئێمە لە بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی ئەو ڕووداوە بە هاوتەرازی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دادەنێین.

کۆتاییەکانی گەلاوێژی ١٣٥٨خاڵێکی وەرچەرخان بوو. ئێمە دەمانتوانی هێندێک کار بکەین، بەڵام بریارمان دا چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لە خاکەلێوەی ١٣٥٩ ڕابگرین. چونکە ئەوکات ئیدی نەتدەتوانی بەئاشکرا چالاکی بکەی. هەستمان بە دامەزراندنی بەرەیەکی بەرینتر لەگەڵ دژبەرانی نیزام کرد. ئێمە پشتیوانیمان لە موجاهیدین کرد و دواتر لە ساڵی ١٣٦٠ ڕەگەڵ شۆڕای بەرگریی نەتەوەیی کەوتین.

**پەیامی سەرەکیی ئێوە پێوەندیدانی میراتی موسەدیق بە ئێرانی هاوچەرخە. بەوحاڵەوە پرسیارێکی زۆر سەبارەت بە قەیرانی کۆتاییی دەوڵەتی موسەدیق لە ساڵی ١٣٣٢دا هەیە، بۆ نموونە دەگوترێ: ئایا ئەگەر ناوبراو زیرەکانەتر جووڵابایەوە، نەیدەتوانی شەڕی نەوت چارەسەر بکا؟ بۆ ئەو نەیتوانی لایەنگرانی لە نێوخۆی وڵات بەسیج بکا؟ ئایا ئەو لە ڕێگەی دژایەتیی چارەسەریی کێشەی نەوت و پێداگریی لەڕادەبەدەر لەسەر پێگەی خۆی، پێگەی ئەوی لاوازتر نەکرد؟ لەوبارەوە بۆچوونی موسەدیق هەتا بۆخۆی زیندوو بوو، چ بوو؟**

موسەدیق پێی وابوو یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، ڕوودانی ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە دنیادا بوو، بۆ میناک سەرکەوتنی "ئایزنهاور"ی کۆماریخواز لە نۆوامبری ١٩٥٢ لە ئەمریکا، شکستی حیزبی کرێکاری بریتانیا لە ئۆکتۆبری١٩٥١ و سەرکەوتنی چرچیڵ لە حیزبی "محافظەکاران" و بوونی ئیستعمارگەرێکی کۆنەکاری وەک "آنتونی ایدن[1]". هۆکارێکی گرینگی دیکە مردنی ستالین لە مارسی ١٩٥٣ بوو. بوونی کەسێکی بەدەسەلات لە باکوور کە شارەزای توجارەت و بۆخۆی بریاردەر بوو، لە ڕاگرتنی هاوسەنگیدا زۆر گرینگ بوو. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥١ بریتانیا کەشتییە شەرکەرەکانی خۆی بۆ هەرەشە لەسەر ئابادان ڕەوانەی شەتولعەرەب کرد. بەڵام هێرشیان نەکردە سەر ئێران و تەنیا کارێکی کردیان ئەوە بوو کە شارەزا بریتانیاییەکانیان لە ئابادان ڕاگواست.

١- -ئانتۆنی ئیدن، سیاسەتمەداری کۆنەپارێزی بریتانیایی کە لە سەردەمی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ وەزیری دەرەوەی بریتانیا بوو.

ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی کە نەیانتوانی هێرش بکەن ئەوە بووبێ کە هەڵکەوتەی جوغرافیاییی ئێران لە باشووری یەکیەتیی سۆڤیەت و بوونی ڕێککەوتننامەی ١٩٢١ی نێوان ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت بووبێ. لەپڕ ستالین کۆچی‌دوایی کرد و کەسێکی لاواز جێی گرتەوە. ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا بارودۆخ لە نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەت گەڕایەوە سەر دۆخی جاران و ئەو ماوەیە زۆری درێژە کێشا و بووە هۆکاری ئەوە ڕۆژاوا لە ناوچەی ئێمە ببێتە خاوەنماڵ. کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە بارودۆخێکی وادا ڕووی دا.

**ئایا لە نێوخۆی حیزبی توودەدا هۆکارێکی گرینگ هەبوو کە لەو سەردەمدا زۆر لە ئێستا بەهێزتر بوو. بۆچوونی موسەدیق سەبارەت بە ڕۆڵی ئەوان چ بوو؟**

ئەو وای بۆ دەچوو کە حیزبی توودە تا ڕادەیەک چووەتە ژێر کاریگەریی ئینگلیسەکان، ئەو کەڵکی لە دەستەواژەی "توودەی-ئینگلیسی" وەردەگرت، دەستەواژەیەک کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا جێ کەوتووە. پاشان هەڵە لە لێکدانەوەی حیزبی توودە و کار و کردەوەکانی ئەو حیزبە بوو کە هەوڵیان دەدا هێندێک کار دژی دەوڵەتی موسەدیق بەڕێوە بەرن. بۆ نموونە ڕێکخستنی مانگرتن لە چوارچێوەی کرێکارانی ڕێگای ئاسن و کارخانەکانی دیکە هەتا کارگە و کارخانەکانی بەرهەمهێنانی تووتن. حیزبی توودە خاوەنی ڕێکخراوێکی بەهێز و لقێکی نیزامی بوو. ئەوان دەیانتوانی وەک ڕێکخراوێک پشتیوانی لە موسەدیق بکەن.

ئەوە یەکێک لەو سێ هۆکارە نێوخۆیی‌یە بوو، بۆیە پێم وا نییە لە ڕەوتی خێرای بەڕێوەچوونی کودەتادا حیزبی توودە لە بەرانبەر دوو هۆکاری دیکەدا، واتە بناژۆخوازی و بارەگای پاشایەتیدا وەک هۆکارێکی گرینگتر لە ئەوان بێتە هەژمار. موسەدیق نەیدەتوانی مەسەلەی نەوت چارەسەر بکا. نیگەرانیی سەرەکیی ناوبراو تەنیا مەسەلەی نەوت نەبوو، بەڵکو لەپێناو ئەرکی سەرەکیی خۆیدا واتە "ئازادی، ڕزگاری و سەربەخۆیی" کاری دەکرد. ناوبراو وای بیر دەکردەوە کە بە وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە قەیرانەکان چارەسەر دەبن. ئەو هەمیشە ئامادەی وتووێژ بوو، بەڵام لەسەر پرۆسەی وتووێژەکان بەرنامەی کاریی خۆی هەڵنەچنی و بەرنامەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی خۆی دەست پێکرد. هەر بەو هۆکارە بوو لەگەڵ دەستپێکی سیاسەتی ئابووریی بێ نەوت داوای لە مەجلیس کرد کە لەو بوارەدا دەسەڵاتی تایبەتیی پێ بدرێ. موسەدیق لە ئێران بەرنامەی درێژخایەنی بۆ بەرەوپێشچوونی سەربەخۆیی و دێموکراسی هەبوو.

**ئایا کاتێک موسەدیق لە ڕابردووی خۆی دەڕوانی، واپێی وابوو کە هەڵەی کردووە؟**

لەو هەلومەرجەدا ئەو ئیمکانی هەبوو چ هەڵەیەک بکا؟ موسەدیق کەرەسەی کەمی لەبەردەستدا بوو، بەپێی هەلومەرجەکە کەڵکی لەو کەرەسە کەمانە وەردەگرت. ئەو

هەوڵی پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی لە ڕێگای بەکاربردنی دێموکراسی لە وڵات دەدا. موسەدیق سەرۆک وەزیرانێک بوو کە دەسەڵاتی خۆی لە خەڵک وەرگرتبوو، هەر بەو هۆکارە نەیدەتوانی وەک بەرپرسانی دیکەی دەوڵەت ئاسایی لەسەر بابەتەکان سازش بکا. ئەو وای بیر دەکردەوە کە هەڵگری میراتێکە و دەبێ ئەو میراتە بۆ نەسلەکانی داهاتوو بپارێزێ، نە ئەوەی کە بە سازشکاری ئەو میراتە بە بادا بکا.

**وا هەست دەکەی لە هەلومەرجی ئێستادا کام ئوسوولی سیاسی کاریگەرترین ئوسوول دەبن؟**

تەنیا ئۆپۆزیسیۆنێک لە بەرانبەر خومەینیدا دەتوانێ دروست بێ کە لەسەر بنەماکانی میراتی موسەدیق بێ: پێشکەوتن لە بەرانبەر دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی، ئاگابوونی خەڵک لە بەرانبەر بێئاگاییدا، دێموکراسی لە بەرانبەر ئیستبداد، سرنجدان بە خۆشبژێویی خەڵک و لایەنگران بۆ سەربەخۆیی بەشێوەی ڕادیکاڵ، بەڵام بە ڕێکاری مرۆڤدۆستانە کە موسەدیق بۆخۆی پێی پابەند بوو. بوونی میراتی ئەو لە هەموو جێیەک و لە پانتاییی سیاسیی ئێراندا هەستی پێدەکرێ. موسەدیق حیزبی سیاسی دانەمەزراند و ڕاستییەکەی ئیدۆلۆژییەکی تایبەتی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی حیزبیدا بڵاو نەکردەوە. بۆیە ئێستاش موسەدیق لە پانتاییی سیاسیی ئێراندا ئامادەیە.

# وتوویژ لەگەڵ شوکرواڵڵای پاک‌نیژاد
## ”ئێمە لەنێو دوو شەپۆلدا دەژین“

شوکروڵڵای پاک‌نیژاد ساڵی ه.ش١٣٢٠ لە شاری دێزفول لەدایک بووە. ناوبراو ساڵی ١٣٣٩ه.ش بۆ خوێندن لە بەشی قانوون چووەتە زانکۆی تاران و لە ڕێکخراوی خوێندکارانی زانکۆی تاران کە یەکێک لەو ڕێکخراوانەی سەر بە بەرەی نەتەوەیی بوو، دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد(هاڵیدەی،١٩٨٢). تێکۆشانی پاک‌نیژاد دژی ڕێژیمی پاشایەتی بووە هۆکاری دەستبەسەرکردن و گیرانی. چەند ساڵ دواتر لەگەڵ هاوبیرانی گرووپێکی چریکیی مارکسیستیان پێک هێنا. گرووپێک کە دواتر بە گرووپی فەلەستین ناویان دەر کرد. ساڵی ١٣٤٨ه.ش لە کاتێکدا بە شێوەی نهێنی بە مەبەستی ئاموزش دەیویست لە ئێران بچێتە دەرەوە، لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر و پاشان ڕەوانەی زیندان دەکرێ(ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ١٣٤٩/١٠/٨- سهرابی،٢٠١٩م). ناوبراو لە زیندان لەگەڵ ڕێبەرانی موجاهیدین بەتایبەتی مەسعوود ڕەجەوی و بیژن جەزەنی پێوەندییەکی نزیکی هەبووە(هاڵیدەی،١٩٨٢). پاک‌نیژاد لە زیندان بەبەردەوامی لە لایەن ساواکەوە ئەشکەنجە دەدرا و لە لایەن دادگای نیزامییەوە بە زیندانی هەتاهەتایی و ”اعمال شاقە“ مەحکووم کرا(پاک‌نیژاد، ١٣٥٦ه.ش، ٤٥،٦٨-هاڵیدەی،١٩٨٢).

پاک‌نیژاد لە کۆتایی‌یەکانی حکومەتی پاشایەتی لە زیندان ئازاد بوو. ناوبراو لە ماوەیەکی کەمدا هەوڵێکی زۆری دا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سیاسی لە کەسانی سۆسیالیست کە نیگەرانیی هاوبەشیان لە نییەتی حکومەتی نوێ هەبوو(مەتین دەفتەری،١٩٨٤). ئەو هەوڵدانە لە ڕەشەمەی ١٣٥٧ه.ش، بوو بە بەردی بناخەی پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی. ئەو بەرەیە لەچاو گرووپە چەپەکانی دیکە شێوازی ڕەخنەگرتنی ڕوو بە کۆماری ئیسلامی توندتر بوو(هەزارخانی). ئەو بەرەیە گرووپێکی چەپ بوون کە لە گەلاوێژی ١٣٥٨ بەشێوەی ئاشکرا نارەزایەتیی خۆیان لەبابەت سانسۆری چاپەمەنییەکان و داخستنی ڕۆژنامەی ”ئایندەگان“ دەربڕی. کردارێک کە بووە هۆی سەرکوتی بەرە و خۆشاردنەوەی پاک‌نیژاد(هاڵیدەی،١٩٨٢). پاک‌نیژاد بەشداریی ڕاپرسیی کۆماری ئیسلامی نەکرد و بۆ داکۆکی لە مافی ژنان و نەتەوەکان لە ئێران بانگەوازی کرد. ناوبراو لەگەڵ ئەندامانی دیکەی بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ”جبهە“ تێکۆشا، هاوکات لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ دروستبوونی هاوپەیمانی و یەکیەتی لەنێوان هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستا.

لە ڕوانگەی هاڵیدەی، پاک‌نیژاد یەکێک لە پێشڕەوترین و دووربینترین سۆسیالیستە

پێشکەوتووەکانی ئێرانە کە لە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٦٠ه.ش، لە زیندانی ئەوین بەبێ بەڕێوەچوونی دادگا لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرباران کرا(هالیدەی،١٩٨٢-نیورک تایمز،١٩٨٢/١/٦).

ئەم وتووێژە لەگەڵ پاکنیژاد لە گەلاوێژی ١٣٥٨، چەند کاتژمێر پێش خۆپێشاندانی نارەزایەتی دژی سانسۆری چاپەمەنی کە بەرەی دێموکراتیکی نەتەوەیی تووشی تێکۆشانی نهێنی کرد، بەڕێوە چووە.

## ئێوە لە دەیەی ٤٠دا لە ڕەوتی سۆسیالیستی سەربەخۆدا بەشدار بوون، سەرچاوەی ئەو ڕەوتە چ بوو؟

لە دەیەی ٤٠دا چەپی سەربەخۆی نوێ سەری هەڵدا، ئەو سەرهەڵدانە کاردانەوەیەک بوو دژی چەقبەستوویی هێزە سوننەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران(حیزبی توودە، بەرەی نەتەوەیی) و لە یەکیەتیی سۆڤیەت وچین هیوابڕاو بوون. ئەو چەقبەستوویی و دوژمنایەتییە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت سەرەتا بووە هۆکاری پشتیوانی لە چین کە بەدوای ئەودا سازمانی شۆڕشی[1] لە حیزبی توودە جیا بووەوە و پشتیوانی لە چین کرد. بەڵام خەڵک هەر زوو هەستیان کرد چین هێندێک کاری کردووە، وەک ساتوسەودا لەگەڵ ئەمریکا هەتا بەکارهێنانی تێڕوانینی نەتەوەپەرەستانە لە شۆڕشی فەرهەنگی و هەروەها ڕەچاوکردنی هەڵوێست دژی جووڵانەوەی دژە ئیمپریالیستی. ئێمە ئەوەمان دەزانی کە بەکارهێنانی ڕوانگەی موبارەزاتیی چین کە وڵاتێکی نێئۆفیۆداڵی و نێئۆئیستعماری بوو لە وڵاتی ئێمەدا جێبەجێ ناکرێ. خەڵک خوازیاری خەتێکی ئێرانیی سەربەخۆ بوون و ناکۆکیی نێوان چین و یەکیەتیی سۆڤیەت و تێگەیشتن لە پێگەی ڕاستەقینەی چین یارمەتیدەری دروستبوونی خەتی سەربەخۆ بوو. دوای ئەوە، شەڕی ١٩٦٧ی عەرەب و ئیسرائیل هەڵاییسا و کاریگەریی زۆری لەسەر نەسلی ئێمە دانا. سەرهەڵدانی جووڵانەوەی فەلەستین هەلومەرجی نێوخۆی ئێرانی بەتەواوی گۆڕی. دوای ئەوە، مەسەلەی ئێمە ئیدی گەڕان بەدوای مۆدێلێکی دەرەکی بۆ خەبات لە نێوخۆی ئێراندا نەبوو، بەڵکو ئێمە بەدوای وەدەستهێنانی پشتیوانی و دیتنەوەی پێگەیەکی سەربەخۆ و جیا لە ڕێبەرانی مەزهەبی بووین. لەو نێوەدا خەباتی فەلەستین دەیتوانی وەک بنەمایەکی تیۆری بۆ خەباتی نێوخۆی ئێران بێ و هاوکات سەرچاوەیەکیش بێ بۆ پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی. جووڵانەوەی نێوخۆی ئێران وای هەست دەکرد کە شەهیدانی فەلەستین، شەهیدانی خۆیەتی. ئەو بابەتە بووە هۆکاری هەڵچوونی هەست و ئیحساسی زۆری خەڵک و بەتایبەتی ئەو ئیحساساتە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە خەڵک

---

١- -سازمانی شۆڕشیی حیزبی توودەی ئێران، دەستەیەک لە ئەندامانی لاوی حیزبی توودە بوون کە هەڵگری بۆچوونەکانی مائۆ بوون، دوای ناکۆکی و دژایەتیی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە دەیەی ٤٠ لەو حیزبە جیا بوونەوە.

پێیان وابوو ڕەوتی کودەتای ١٣٣٢ی کۆمۆنیستەکان نەک ئازایانە نەجووڵاونەوە، بەڵکو مەیدانیان چۆڵ کردووە.

## لە کاتی دەستپێکردنی بزووتنەوەی چریکی هاوکاریت لەگەڵ چ کەسانێک بوو؟

لە بنەڕەتدا ئێمە هەمووومان سەر بە بەرەی نەتەوەیی بووین و یەکترمان لە سەرەتای جووڵانەوەی دەیەی چلەوە دەناسی. من، بیژەنی جەزەنی و مەسعوود ئەحمەدزادە[1]م دەناسی. ئێمە لەگەڵ گرووپێکی دیکەی ئێرانی کە هاوکاریی فەلەستینییەکانیان دەکرد و هەروەها لەگەڵ ئەو چریکانەی لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیس لە "سیاکل"، پەیوەندیمان هەبوو. من لە هەوڵی ئەوەدا بووم بۆ دەورەدیتن بچمە دەرەوەی وڵات، بەڵام ٢٠٠ میتر لەپشت هێڵی سنووری لە نزیک شەتولعەرەب دەستبەسەر کرام. یەکێک لەو کەسانەی دەستبەسەر کرابوو لەژێر ئەشکەنجەدا قسەی کردبوو و دانی بە هێندێک زانیاری دانابوو. ئەوە بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش دەستبەسەر بکرێن. بەو حاڵەشەوە، چەند کەسێکی ئێمە توانیان قوتار بن. دوای ئەوە دەستەیەک بۆ کارکردن لە ڕادیۆ بەغدا کە بەرنامەی بۆ ئێران بڵاو دەکردەوە، دەربازی ئێراق بوون، دەستەیەکی دیکە گەڕانەوە ئێران و دەستبەسەر کران و دەستەیەکیان چوون یارمەتیی "بەرەی ئازادیبەخشی زوفار[2]" بدەن.

## لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا بارودۆخی زیندان چۆن بوو؟

بەپێی ڕەواڵ من هاوینان ڕادەگوێزرامە زیندانی بەندەرعەبباس لە باشووری ئێران و زستانانیش بۆ زیندانی "قزل قلعە" لە باکووری تاران و پێش دادگا و دوای دادگا ئەشکەنجە دەدرام. ئەوان هەوڵیان دەدا ناچارم بکەن کە بڵێم هەڵەم کردووە، شا کەسێکی باشە و حاشا لە کۆمونیستبوونی خۆم بکەم. بەڵام من ئەو ئیمتیازەم هەبوو کە پەروەندەکەم ناسرا بوو. ئەوانەی ناویان بۆ دنیای دەرەوە نائاشنا بوو و نەناسراو بوون، زۆرتر لە من ئەشکەنجە دەکران و لەو نێوەدا کەسانێکی زۆر هەبوون کە هەوڵیان دەدا خۆیان بکوژن. لەبیرمە پیاوێکی گەنجیان هێنا کە لاقی دەلەرزین، ئەو بە نییەتی خۆکوشتن هەوڵی دابوو لە پەنجەرەوە خۆی فرێ بداتە خوارێ، بەڵام هەر مۆرەکانی پشتی ئەزیەتیان دیتبوو. من کتێبی جەهەننەمی (دوزخ) دانتەم خوێندبووەوە و هێزی ئەو نووسراوەی لەسەر دەروازەکانی جەهەننەم بوو، هەستم پێدەکرد: "هەموو ئەوانەی دەیانهێنان، هیوابڕاو بوون." تا ساڵی

---

١- -مەسعوود ئەحمەدزادە، تیۆریسیەنی سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵقی ئێران، لە دادگای نیزامیی شادا بە ئیعدام مەحکووم بوو و لە ڕەشەمەی ١٣٥٠ تیرباران کرا.

٢- -بەرەی ئازادیبەخشی زوفار، گرووپێکی سیاسیی چەپ بوون لە دەیەی ٦٠ی زایینی بۆ ڕووخانی حکومەتی پاشایەتیی عومان پێک هاتبوو.

١٣٥٦ هیچ جۆرە پێوەندییەکم بە دنیای دەرەوە نەبوو.

لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٣٥٢بۆ هەشت مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا بووم، زۆر دواتر بیستبوومەوە کە لە ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٧٣شەڕی ئەعراب و ئیسرائیل ڕووی داوە. دوای ماوەیەک ئیزنیان دا ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی بێتە زیندان. زەویی زیندانیان ڕاخست و ئیزنیان بە ئێمە دا کەم و زۆر لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی خاچی سوور قسە بکەین. هەروەها توانیمان هێندێک کتێب بۆ خوێندنەوە پەیدا بکەین. بیست هەزار ڕیالی ئێرانیم وەک بەرتیل دا بە یەکێک لە پاسەوانەکانی زیندان تا نوسخەیەک لە کتێبی "اعراب بدون سلاطین[1]"م بۆ بێنێتە نێو زیندانەوە.

**دوای ئازادبوون لە زیندان، دووبارە چالاکیی سیاسیی خۆت دەست پێکردەوە. بارودۆخی ئێستای ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لەو شۆڕشەدا دەتوانی ڕەوتێکی نەپساوە ببینی. ئێمە لەنێوان دوو شەپۆلدا دەژین و لە دوارۆژدا هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئەگەر ڕووحانییەت بنە چینی دەسەڵاتدار، خەڵک ڕوویان لێ وەردەگێڕێ و ئەو ڕەوتە هەر ئێستا دەستی پێکردووە. خەڵک لەچاو ڕابردوو کەمتر بەرگری لە مەزهەب دەکەن. حەفتەیەک دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد بووم، کەسێک لە منی پرسی کە ئایا بەرگریم لە بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی کردووە؟ لە وڵامدا گوتم نا. ئەگەر ئەو کۆماری ئیسلامییە توانیبای پێشکەوتنخواز بێ، قەبووڵم دەکرد. ئێستا دەبینین ڕەوتی وردەبورژوا کە پشتیوانی لە شۆڕش کردووە و لەگەڵ شا شەڕی کردووە، لە حاڵی لێکترازانە و ڕووی لە چەپ کردووە. ئەوان هەوڵیان ئەوەیە ئێمە پێکەوە بە شەڕ بدەن. بەڵام ئێمە دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکتر خۆ بپارێزین. ڕەوتی ڕاست بەخێرایی بەرەوپێش چووە و گرینگترین مەترسیی بەردەمی ئێمە، گرووپە توندڕاژۆکانی دەستەڕاستین نەک ئەرتەش. ئەگەر بتوانین چەند مانگێکی دیکە دەوام بێنین، ئیمکانی ئەوە دەبێ کە بتوانین لەگەڵ هێزە دێموکراتیکەکان بەتایبەتی نەتەوەکان هاوپەیمانی پێک بێنین. بەو حاڵەوە، ئومێدمان زیاتر بە لێکهەڵوەشانی ڕاستەکانە تا هاوپەیمانیی چەپەکان پێکەوە.

١- Halliday,F. (٢٠١٣). Arabia Without Sultans. New York;Saqi. (First publishd in ١٩٧٤)

# سەرچاوەکان

تسخیر سفارت آمریکا از زبان یادگار امام، یکم آبان ماه، پرتال امام خمینی.

خلخالی، ص، (۱۳۹۰). خبرگان ملت دفتر اول. دبیرخانه مجلس خبرگان رهبری.

روزنامه اطلاعات، ۸ دی ۱۳٤۹

روزنامه اطلاعات، ۳۰ دی ۱۳۵۸

روزنامه کیهان، اول بهمن ۱۳۵۷

روزنامه کیهان، ۸فروردین ۱۳۵۸

روزنامه مجاهد، ۲ تیر۱۳٦۰

روزنامه مجاهد، ۲ بهمن ۱۳۵۸

روزنامه مجاهد، ۲۸ آبان ۱۳۵۸

حسینی، ش.ع.(۱۳۸۹). مصاحبه با عنایت فانی، ۲۵شهریور ۱۳۸۹ به عبارت دیگر ،

بی‌بی‌سی فارسی.

پاک نژاد، س.(۱۳۵٦) دفاعیات هوشنگ ترگل، مسعود رجوی، محمد بازرگان و شکرالله پاک نژاد، کنفدراسیون جهانی محصلین و دانشجویان ایرانی صص ٦۸-٤۵

قاسملو، ع.ر.(۱۳۹۳). مصاحبه با عنایت فانی، ۲۲ تیر ۱۳٦۸، به عبارت دیگر، بی‌بی‌سی فارسی.

**Impressum:**
**Verlag:**
TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan.
**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Bonn
**Autor:**
Leila Faghfouri Azar, Fred Halliday und Shahin Nasiri
**Übersetzer:**
Omar Balaki
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** TISHK
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Center for Kurdistan Studies

**TISHK Book (15)**
**May 2025**
**Bonn**

**Copyright.**

© 2025 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

**This book** is published under the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence, which permits use, copying, adaptation, distribution and reproduction in any medium or format, provided you give proper credit to the original author(s) and the source.

**TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.**
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISBN 978-3-68939-010-5
eISBN 978-3-68939-011-2
ISSN 3052-2242
DOI 10.69939/TISHK0015

The **TISHK Book**s is a platform dedicated to promoting and distributing books related to Kurdistan, Iran and the Middle East, and various academic disciplines. Our goal is to make these valuable resources accessible to readers worldwide. TISHK Books is an integral part of the center's mission to promote knowledge and understanding of Kurdistan and the Kurdish situation in the Middle East. It is a publishing initiative that aims to produce high-quality books on various topics related to Kurdish studies.

Design by TISHK
Book language: Kurdish

Leila Faghfouri Azar, Fred Halliday and Shahin Nasiri
Translated from Persian
By Omar Balaki

**Ascended Narratives from the Ground of Revolution**
**(Collection of articles and interviews )**

TISHK
The Center for Kurdistan Studies




TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ISBN 9783689390112
9 783689 390112